سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست

١- نەورۆز ........ ٤
٢- دێمۆکراسی لە نێوان دروشم و کردەوەی حیزبەکاندا ........ ٨
٣- ترسی ئێران لە کۆبوونەوەی پاریس ........ ١٢
٤- ئێران لەهەر دوولا دۆڕاوی گفتوگۆ ناوەکییەکان دەبێت ........ ١٥
٥- پەیامەکەتان گەیشت و قۆناغێکی نوێ بەڕێوەیە ........ ١٨
٦- "امر به معروف"ی دێموکرات و "نهی از منکر"ی رێژیم ........ ٢١
٦- "سەرەفراز" سەرشۆرییەکی دیکەی دەنگ و ڕەنگی ئێران ........ ٢٣
٨- بۆ ٢٦ی سەرماوەز "هەر ماڵەو ئاڵایەک" ........ ٢٦
٩- پێشەواو زیندانبانێکی زیندانیی و زیندانییەکی سەربەست ........ ٢٨
١٠- دەکرا "ڕەزازی" وەکوو "شوانپەروەر" بە پرۆسەی ئاشتیدا چووبا تاران ........ ٣١
١١- سیاسەتی "هەناردەکردنی ئینقلابی ئیسلامی" و بەرهەمەکانی ........ ٣٣
١٢- پوڵی "پیس" دەسەڵاتی "خاوێن" دروست ناکات ........ ٣٥
١٣- پێویستە کورد بەوریاییەوە سەیری تەراتێنی سوپای پاسداران لەناوچەکەدا بکات ........ ٣٧
١٤- لێکگەیشتنی لۆزان و بەشی ئێران ........ ٣٩
١٦- کڕین و فرۆشتن منداڵ ئێران ماددەی هۆشبەر تاران ........ ٤٢

١٧- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و "سایکس - پیکۆ" ........................ ٤٣

١٨- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمریکا: غەریبییەکی سەد ساڵە ........................ ٤٦

١٩- لاوانی کورد، سەری ڕمی ناسیونالیسمی مەدەنی ........................ ٦١

٢٠- ئایا رووسیا هاوپەیمانی ئێرانە؟ ........................ ٦٥

٢١- سەرکردایەتی هاوبەش ١٠ کۆمیتەی هاوبەشیان پێکهێنا ........................ ٦٩

٢٢- چەند خاڵی ناوخۆیی لەسەر دیکیۆمێنتی (کوی سەنجەق) ........................ ٧٢

٢٣- کیانی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕۆژئاوای نیشتمان ........................ ٧٤

٢٤- تێبینییەک بۆ کاک عارف قوربانی ........................ ٧٥

٢٥- سێ گۆشەکەی عەزیزیسم، مافی نەتەوەیی لە پێش دیموکراسیدا ........................ ٨١

٢٦- فەرهاد پیرباڵ ........................ ٨٣

٢٧- نوخشە لە باشوور و باکوورەکەی خۆشمان ........................ ٨٤

٢٨- زاهیدەکانی ئەوان و لاهورەکانی ئێمە ........................ ٨٥

# نەورۆز

### بۆ لایەنە رۆژهەڵاتییەکانمان (سێ وانەی گرنگ لەو سێ پارچەیەی لێی دەترسن

ماوەیەکە لە کون و قوژبنی فەیسبووک و ناوە ناوەش راستەوخۆ لەسەر زاری بەرپرسانی حزبە رۆژهەڵاتییەکانی کوردستان دەوترێت:" چۆن دەبێ ئەندامی حزبێک بەشاخ و باڵی حزبەکانی پارچەکانی کوردستان هەڵبلێت." لەوەش سەیرتر دەلێن: "نابێ تاکی کوردی لەرۆژهەلاتی کوردستان خۆی بەپرسی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە سەرقاڵ بکات."

ئەوە بەر لەوەی پاراستنی پرەنسیبی حزبی ئەو دۆستانە بێت، ترس و قەلەقییەک و هاوکات پاوانخوازییەکی خۆکردە کە وای لێکردوون، لەجێگی تاکی ئەم وڵاتەش بیربکەنەوە، حوکم بدەن. ئەمجارەش وەکوو هەمیشە گۆرانکارییەکانی ناوچەکە لەجێگەی ئەوەی دەرفەتێک و ئۆمێدێک بۆ حزبەکانمان بێت، وەکوو هەمیشە شەمشێرێکی داموکلیسە لەسەریانەوە، کە هەست بەمەترسییەکی بەردەوام بکەن، لەوەی کە لەهەر حاڵەتێکدا پشکێک بۆیان دیاری نەکرابێت.

### چۆن دەکرێ ئەوە دەرفەت بێت

بەزمانێکی زۆر سادە گۆرانکارییەکانی ناوچە بەگشتی و پارچەکانی دیکەی کوردستان وایکردووە کە حزبە رۆژهەڵاتییەکانمان لەجێگەی ئەوەی بیکەنە هەوێن، ترسێکی سەیر دایگرتوون، ترس لەچی؟ وەکوو خۆم وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە، ترس لەوەی راگەیاندن بەو گۆرانکاریانە سەرقاڵ بێت، و ئەوان لەبیر بکات، ترس لەوەی کێشمەکێشە دیپلۆماتییەکان کورسییەکی بۆ ئەوان تێدا نەبێت، لەسەری دانیشن، ترس لەوەی رای گشتی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای چەندین ساڵ نائۆمێدی مشتی خۆیان لەپارچەیەکی دیکە گرێ بدەن، و ئیحساسی کلاسیکی کوردایەتیان لەوێ دابمەرکێنن، ئاخر ئەوە خۆ هیچی بۆ سیاسییەکی رووتی رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمیشە پاساوی ئامادەی ریال پۆلۆتیکالی! پێیە، تێدا نییە.

## هیچی ئەوانە بۆ ترس نابن

لەئێستادا سێ حاڵەتی بەردەست هەن، کە ڕەنگە نوخبەی کوردی بەحزبی و ناحزبییەوە نەیانتوانیبا لەناو هەزاران پەرتووکدا بیدۆزنەوە، ئەو حاڵەتانە نە تیۆرین و نە خەیاڵ، نە ئەزموونی دوژمنن، و نە هی نەتەوەیەکی دیکەی جیاواز. یەکەم بەباکووری کوردستان، لەئێستادا تەنیا پارچەیەکی کوردستانە کە بە بەهێز مانەوەی ناوەندیش خەباتێکی ڕەواو مەنتقی لەشارو لەشاخ بەردەوامە، و نەتیجەکەشی بۆ هەمووومان ئاشکرایە. چۆن دەکرێ لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ئەزموونە بگوازینەوە. بۆ حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات لەهەبوونی ناوەندێکی بەهێز نزیکترین حاڵەتە کە لەجێگەی ترس لێی بیکەنە هەوێنی بوژانەوە. ئەو مەنتقە سواوە کە گوایا لەتورکیا دیموکراسی لەئەجەلەوە هەبووە بۆیە دیمیرتاش و گوڵتان کاشناک ئەوەندە بوێرن، چونکە هەر ئەو تورکیا دیموکراتە ئەو کوردەی پێ بەشەریش نەبوو، چ بگا بەوەی باسێک لەمافی نەتەوەی بکات، هاوکاتیش باڵێکی بەهێزی سەربازی وایکردووە بەشەقی ناچاری دووەم هێزی ناتۆ برسکی لێ ببڕێت. دەمەوێ بڵێم هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان پێویستە یەکەم قبووڵی بێ بەرنامەی یان ناکارامەبوونی پلانەکانیان بکەن، دوایش لەجێگەی ئەوەی ئەندامەکانیان لەسەر کۆمێنتێک بۆ باکووری کوردستان دەربکەن، ئەو مشتە گرێکراوانە بکەنە هەوێنی خەباتیێکی سیاسی و مەدەنی و تەنانەت چەکداریش.

## بەسەرداکەوتنێک لەرۆژئاواو دەرفەتێک بۆ ئێمە

دیارە کەمتر لەدوو ساڵ بەر لەئێستا خۆش باوەرترین کەسەکانیش نەیاندەتوانی وێنای ئەمڕۆی رۆژئاوای کوردستان بکەن، ئەو پارچەیەی لەدوای راپەرینە مەزنەکەی قامیشلی بێدەنگییەکی سەیر دایگرتبوو، و قسەی نوخبەی سیاسیش تەنیا لەسەر پێدانی ناسنامەی سوریا بۆ تاکی کوردی ئەو پارچەیە بووە، بەڵام شەمەندەفەری شۆرشی وڵاتانی عەرەبی لەسوریا وەستا، و کوردیش بەرای من زۆر بوێرانەو لۆژیکیانە لەناو جەرگەی شۆرشی سوریدا رۆژئاوای کوردستانی رزگار کرد.

بەهەرحاڵ ئەو رزگارییە هەرجۆرێک و بەهەر میکانیزمێک و لەلایەن هەر هێزێکی کورد بوویێت، گرنگ ئەوەیە مەحاڵە کورد لەو پارچەیە بگەرێتەوە پێش هەڵگیرسانی شۆرش و مافەکەی دەستەبەرە، جا ئۆتۆنۆمی بێت، یان

فیدرالی، خۆبەڕێوەبردن بێت، یان سەربەخۆیی. ئەو حاڵەتەی بەسەر ڕۆژئاوای کوردستاندا هات، فلاش باگەکەی زۆر لەبارودۆخی ئێستای ئێران دەچی، ئێران لەهەموو لایەکەوە گۆشەگیر کراوە، ئابلۆقە ئابوورییەکان توانای خەڵکیان بڕیوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا و کەنداو و بەتایبەت ئیسرائیل چاوەڕێی کەوتنی وێنەی بەشار ئەسەد دەکەن، بۆ ئەوەی شەمەندەفەرەکە بەرەو تاران وەرێ بخەن. سیاسییەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بۆ ئەو حاڵەتەش بەرنامەی هەبێت، ئەگەر تاران بێ خاوەن ما، چۆن خاوەنداریتی کوردستان دەکەن، ئەگەر هێزە سیاسییەکانی ئێران بەیەکدا پرژان چۆن لەبەهێزی کوردییەوە قسەیان لەگەڵ دەکەن؟ ئەگەر دەوڵەتە زلهێزەکان ئەو کاتیش پشتی کوردیان لەبەرامبەر ناوەنددا چۆڵ کرد، چۆن لۆبی نێودەوڵەتی دەکەن؟ هەموو ئەوانە ئێستا لەرۆژئاوای کوردستان دەکرێت، ئێمە چۆن خەسارناسی دەکەین، و دەیکەین بەپلانێکی کردەی لەکاتی هاتنە ئارای ئەو حاڵەتە؟

## ئێستای باشوورو داهاتووی ڕۆژهەڵات

حزب و نوخبەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر دوو ئەزموونەکەی باکوورو ڕۆژئاوا لەبەرچاو بگرن، ئەنجامەکەی لەخۆش باوەرییەکەی زۆرەوە دەبێتە، ئێستای باشووری کوردستان. هەر بۆیەش لەجێگەی ئەوەی ئەندامەکانیان لەبەرچاوی ئەم و ئەو سووک بکەن، و هەرەشەیان لێبکەن، کە ئێوە کورد نین و مافی پێشمەرگەبوونتان نییە! چوونکە لای ئێمە لەکەمپ نین، و بەپرسی کوردستانی عێراق! سەرقاڵن، پێویستە دیراسەی ئەزموونی باشووری کوردستان بکەن. بۆ ئەوەی یەکەم لەبەرێوەبردنی وڵاتدا خاڵە لاوازەکان نەهێڵن، و خاڵە بەهێزەکانیش بەهێزتر بکەن، گرنگتر لەوەش لەئێستاوە با بیر لەوە بکەنەوە، کە ئەو فیدرالیی‌یەی بەشاخ و باڵی هەڵدەلێن، لەنموونەی بەرچاوی باشووری کوردستان چەندە دەتوانێ نموونەیەکی سەرکەوتوو بێت، خەسارناسی ئەوە باسی گرنگ بەڵام لەدەرەوەی ئەو باسەیە، بەڵام لەجێگەی خوێندنی پەرتووکەکان پێویستترە خوێندنەوەیەکی هەنووکەی لەفیدرالیی‌یەتی عێراق و کورد لەناویدا بکەن، بۆ نموونە کورد لەعێراق نەتەوەی دووەمە، بەڵام بەتێکرای هێزە سیاسییەکان لەدژی فیدرالین، لەئێران کورد نەتەوەی سێیەمیش نییە. لەعێراق کورد بەدروشمی دیموکراسی خەریکە ئەو دەستوورەشی لەکیس دەچێت، کەهەموو پشتی پێ بەستووە، تازە بەتازە لەئێران کورد دەیەوێت بەو ڕێژە کەمەوە بەدیموکراسی!! مافە نەتەوەییەکانی دەستبەر بکات. ( ئەوانە هەموو سەرەداون و باسی زۆرتریان پێویستە.)

## پشتیوانیم ئەرکە و لەهەمانکاتدا پەیامێکە

ئەوە نە خەتای منەو نە هی کەس، کێشەکە لەپێشمەرگە دڵسۆزەکەی ناو کەمپەکانیش نییە، بەڵکو ئەو کێشەیەی حزبە سیاسییە رۆژهەڵاتییەکانی ماوەیەکە بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، لەیەک ئەسڵی نەگۆر لای بزوتنەوەی کورد سەرچاوەی گرتووە، ئەویش لەکاتی تەنگانەدا خۆکرد سرینەوەی سنووره زەینیی و عەینییەکانە. ئەمجارەیان بەخۆشییەوە دوو هۆکار تۆختری کردووە، یەکەم جولەی بەهێزی سێ پارچەی کوردستان و دووەم هەبوونی فەیسبووک (وێنایەک لەدونیای مەجازی)، ئەوە وایکردووە هەواڵەکان بەزووترین کات بەتاکی کورد لەهەموو دونیا بگات، لەکەمتر لەچرکەش هەڵوێستی خۆی بەکۆمێنتێک رابگەیەنێت. بەپێچەوانەی دۆستە حزبییەکانمان ئەوە پیرۆزترین و جوانترین و لەهەمانکاتدا کردەییترین حاڵەتە بۆ ئەوەی خەباتی هەر چوار پارچە بەیەکەوە گرێ بدرێت، و هەمووەمان لەبەرژەوەندی یەکتر ببین بەکارتی گوشاری لەدژی داگیرکەر. هەواڵی کوژرانی کچێک لەهیندستان هەموو جیهانی هەژاند، بە ئێمەی کوردەوەش، بەڵام زۆر سەیرە بە کوردێک بوترێت، کوژرانی گریلاکان، و تەقاندنەوەی شوێنی پێشمەرگەکان، و بوێری پەرلەمانتارێکی کورد لەبەرامبەر گورگە تورکەکان باس مەکەن، و شانازی پێوە مەکەن، و خەمیشی بۆ مەخۆن. ئەوە لە خۆش باوەرانە ترین حاڵەتدا هەرەس هێنانی پێشوەختی ستراتیژی حزبەکان و لەناوەرۆک کەواندنی ئێستای شوناسی خەبات و هەستی نەتەوەییە.

بۆیە زۆر بەکورتی بۆ سەرکردایەتی حزبەکانمان لەپێشڤەچوونی پرسی پارچەکانی دیکەی کوردستان مەترسن، لە خەمخۆری پێشمەرگەکانتان بۆ پرسی پارچەکانی دیکە مەترسن، هەستن لەهەر پارچەیەک وانەیەک وەربگرن، و دەست پێبکەن.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژپریس - رێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٣

# دێمۆکراسی لە نێوان دروشم و کردەوەی حیزبەکاندا

ماوەیەکە لە میدیا حیزبییەکان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، شەڕێکی حیزبی لە نێوان لایەنە کوردیەکاندا دەستی پێکردوە کە لە ئەگەری درێژە کێشانیدا دەتوانێ مێژووی مەترسیداری شەڕی کورد و کورد دووپات بکاتەوەو هاوکات کۆمەڵگای کوردستان بە نیسبەت هێزە سیاسیەکان بێ هیوا بکا، بە مەبەستی شیکاریەکی کورت سەبارەت بەم پرسە وتووێژێکمان لە گەڵ ڕێزدار "ژیوار ڕەسووڵی"، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی کردوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ رادەکێشین:

ئا: مەسعوود فەتحی

**پرسیار**: ماوەیەکە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان داوەتە شەڕێکی میدیایی بە دژی یەکتر، ئێوە دژایەتیکردنی حیزبە کوردیەکان لە گەڵ یەکتر بۆ چ هۆکارگەلێک دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: بەرای من هەمووی ئەوانە کێشەی مەشروعیەتە، ئەویش مەشروعیەتێکی نارەوا لەجێگەیەکی نارەوا و بەشێوازێکی هەڵە، و لە کەسی ناپەیوەندیداریش. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جووڵەیەکی ئامانجدار لەهەموو لایەک، کاتێک هیچ لایەنێکی سیاسیی لە ڕۆژهەڵات بەرنامەیەکی دیاریکراوو جووڵەیەکی ڕێکخراویان بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات نییە، ئاسایی دەنوێنێ کە ئەوان لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا تەنیا ئەو مەشتروعیەتەی کە پێیانوایە هەیانە، بە هەموو شێوەیەک بیپارێزن. پارێزگاریکردنێک کە ئەویش هەر لەسەر هیچ بنەمایەک رانەوەستاوە.

ئێستاش لەڕۆژهەڵات هەندێک حیزب مەشروعییەتی مێژوویی و نۆستالیژیایان هەیە و نایانەوێت لە دەرەوەی خۆیان نە هیچ حیزبێک و نە هیچ تاکێک بەفەرمی بناسن. هەندێکیش نوێن و دەیانەوێت ماکیڤیلانی، خەتی ڕەشوسپی بەسەر هەمووانـدا بهێنن، وا وێنا بکەن کە لە خەباتی سیاسیی و چەکداری لەگەڵ هاتنی ئەوان لەدایکبووە. لەونێوەدا گرنگتر لەوەی کە کێ راست دەکات و کێ نا، ئەوان خەریکن وەکوو حیزبی سیاسیی مەشروعیەت بەیەکتر دەدەن و لە یەکتر دەستێننەوە، لەکاتێکدا حیزب خۆی دەبێ مەشروعیەت لە تاکەکانی ناو

کۆمەڵگا وەربگرێت، حیزبێک هەرچەندە بەرنامەکەی جوان و هەنگاوەکانی ژیرانە و دەرەنجامەکانی ئۆمێدبەخش بن، بەڵام ئەگەر مەشروعیەتێکی زۆری جەماوەری لەپشت نەبێت، هیچ واتایەکی نییە. کەچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبە سیاسییەکان و جاری وایە تاکی سیاسیی، یەک بەڕەوا دەبینێت، ئەویتر بەناڕەوا! هەموو ئەو دژایەتییە سەختەی یەکتر و شەڕە ساردەی ڕاگەیاندنیش لە نەبوونی هیچ پلانێکی دیاریکراو لەلایەن هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان کەوتووەتەوە. بۆیە بە رای من حیزبەکانمان لە نەبوونی بەرنامە و ئامانج و ستراتیژییەکی کورت خایەن و درێژخایەن خەریکن مەشروعییەتی درۆیین بە یەکتر دەبەخشن و لە یەکتر دەستێننەوە.

***پرسیار: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵانێکە درووشمی دێمۆکراسییان هەڵگرتووە ئەگەر ئەم دژایەتیانە بە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکدی ناودێر بکەین، دەبێ بەشداری واتە "مشارکت"، لە کوێی ئەم دێمۆکراسیەدا بێ؟***

**وەڵام:** جارێ ئێمە لە قۆناغی خەباتی ڕزگای نەتەوەییدا باس لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەم. لەدوای هەڵبژاردنی پێشەوامان قازی محەمەد وەکوو سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان، هیچ پرۆسەیەکی دێمۆکراتیکی حیزبیمان چ لەناو تەشکیلاتەکان و چ لەناو کۆنگرە و پۆلۆنیۆمەکاندا نەبووە. دیارە پێشەوا خۆی ئەندامی دامەزرێنەری ژێکاڤیش نەبووە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی وایکرد کە ئەندامانی ژێکاڤ لە دەرەوەی خۆیان داوا لە کەسێک بۆ سەرۆکایەتیکردنیان بکەن، ئەویش پێشەوا بوو. دوای ئەو کۆنگرەکان یان بەتاکڕەویی بووە، یان بەزیزبوون و کاریگەری ئایدیۆلۆژی حیزبە ئێرانییەکان و یانیش بەناوچەگەری، بۆیە ئێمە تەنیا لە دێمۆکراسی فلاش بەگێکی زۆر کورتمان هەیە و بەگشتی زۆر بەو چەمکە ئاشنا نین.

جا لەوەڵامی ئەو پرسیارەتدا بەداخەوە لەسەدەی بیست و یەکەمیشدا و تا ئەو چرکەیەش بەو دەردەوە دەناڵێنین. ئەوە نە ئەرکی حیزبێکە و نە ئەخلاقیشە کە بێت بڕیار لەسەر هەبوون یان نەبوونی حیزبێک بدات. دەتوانێ هاوپەیمانی لەگەڵ نەکات و دەرگاشی لێنەکاتەوە، بەڵام ناتوانێ هەبوونی هێزێک کەم یان زۆر باش یان خراپ (لەروانگەی خۆیەوە) بباتە ژێر پرسیار، چونکە ئەوە گەلە بڕیار لەسەر ڕەوابوون یان نەبوونی ڕێکخراوە و حیزب و گرووپێک دەدات. لە لایەکی دیکەشەوە هەموو حیزبەکانی کوردستانی گەورە و کوردستانی ڕۆژهەڵات لە قۆناغێکدا لە ژێر کاریگەری پڕکاریگەر و ڕاستەوخۆی هێزێکی سیاسیی و بگرە غەیرە کوردیشدا بوونە، و بە رای من زۆر

ئاساییە حیزبێک لە باشوور لەدایک بێت، و بڵێ من لەسەر بنەمای حیزبی دیموکراتی کوردستان چالاکی دەکەم و پێشەوا قازی محەمەدیش بە رابەری رۆحی خۆم دەزانم، ناکرێ ئەو رێگەیە لەکەس و هیچ هێز و لایەنێک بگرین.

جا رەوانگەیەکی دیکەش لەناو حیزبە رۆژهەڵاتییەکاندا هەیە کە پێیوایە خەبات لەگەڵ هاتنی ئەو لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا لەدایکبووە، هاوکاتیش سەنتەری خەبات و ستراتیژی پارچەیی دیار نییە، و زۆر جارانیش تووشی پارادۆکسێکی زۆر گەورە دەبێتەوە. ناکرێ دژی داگیرکەرێکیش بوەستیت و لە پێناو رێکەوتنی سەنتەرەکەشتدا پاشەکشێیەکی ستراتیژیشی لەبەرامبەردا بکەیت، هاوکات ئەوەی کەحیزبەکانی دیکە چەندە پەسیف و بێ کەڵکن کاری هێزێکی سیاسیی نییە، بڕیاری لەسەر بدات، بەڵکو چاودێران و ئاکادیمیسیەن و روناکبیران و گرنگتر لەوانەش، رێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکان خاڵە لاوازەکانی هێزە سیاسییەکان دەستنیشان دەکەن، نەک هێزێکی سیاسیی بە روانگەیەکی سیاسیی بێت هێزێکی بەرامبەری سیاسیی زەربی هیچ بکاتەوە، ئەوە بۆ کەس خۆش نییە، و بۆ حیزبێک کە مێژووییەکی زۆری هەیە، کەهەر زۆر ناخۆشە.

جا لەو حاڵەتەدا کە دوو روانگەی کاڵ و تورە و بێ پلان، لە کوردستانی رۆژهەڵات وێکەوتوون، و لە دەرەوەی دەنگ و بڕیاری خەڵک ئەوە مەشروعییەت دەبەخشنەوە، شوێنێک بۆ دوو چەمک نامێنێتەوە، یەکەم دێمۆکراسییە و ئەویتر شۆرشگێرییە.

یەکەم چوونکە کوردستان موڵکی هەموو تاکێکە و هەموو حیزبێکی کوردیش کە پابەندی پرەنسیپەکانە کە دەستوور و یاسا دیاری دەکات، دەتوانێ خۆی تێدا تاقی بکاتەوە، واتا پێشوەخت نەکەس براوەیە و نەکەسیش دۆراوە، نەک هێزێک رەحمانە و نە ئەویتریش شەیتانە، بەڵکو لە سیستەمی دێمۆکراسیدا ئەوە خەڵک و سندووقەکانن کە مەشروعییەت بەکەس و لایەنێک دەدەن، یان لێی وەردەگرنەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستاکێ ئەوە نابینرێت، و حیزبەکان یەکیان لەحەیفان و ئەویتریان لەترسان ئەوە یەکتر دەسڕنەوە. هاوکات کەس و حیزبی شۆرشگێر بەهیچ شێوەیەک بەمشێوەیە لەگەڵ یەکترو بگرە لەگەڵ بەرامبەریشدا قسە و هەڵسوکەوت ناکات، بەڵکو پێوەر و بەرنامەو ستراتیژی خەباتی شۆرشگێری دیارەوە ئەوەی دێت بابەخێر بێت.

***پرسیار: وەک ئاگادارن ئەو شەرە حیزبیانە لە دونیای مەجازیدا گەیشتووەتە ئاستێک کە بەشێک لە ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکانی پێوە سەرقاڵ بووە، ئەمەش کەش و هەوایەکی خوڵقاندوە کە تاکی بەشدار لەم***

***شەڕەحیزبییانە، بە شێوەیەکی ڕەها و بە بێ لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش مامەڵە لە گەڵ یەکدی دەکەن، ئێوە بەشداری تاکی کورد لەو دەمەقاڵانەدا بۆچی دەگەڕێننەوە؟***

**وەڵام**: جارێ پێویستە بگوترێت کە دونیای مەجازی کەباسی دەکەیت و فەیسبووک بەتایبەت ئەوەندە زەرەری بۆ قۆناغی خەباتی رزگاری نەتەوەیی هەبووە، هەرگیز ئەوەندەی سوود نەبووە. ژینگەیەک درووستبووە کە هەمووان تێکۆشەر و لێکۆلەر و رۆشنبیرن، ئەوەش لەراستیدا کێشە نییە، بەڵام قووڵایی هەمووان لەئاست کۆمێنتێکی کورتی رووکەش دایە و هەمووی ئەو کاراکتەرانەی ناو دونیای مەجازیش لەنیگایەکی حیزبییەوە سەیری رووداوەکان دەکەن، جا حیزبی بوونیش کێشە نییە، بەڵام کێشەی هەرە گەورە و مەترسیدار ئەوەیە کە ناوەندمان لەبیرچووە، و هەموومان خۆمان بە ئاغای حیزبەکەی دیکە دەزانین، نەک بەشۆرشگێر بەرامبەر داگیرکەر.

هۆکارەکەشی زۆر جاران باسم کردووە، کە دەنگی دەرەوەی حیزبەکان بەرۆشنبیر و نووسەرو لێکۆلەر و رێکخراوەکان یان پاشکۆی فیکرەیەکی حیزبین و لەدەرەوە شەڕی راگەیاندن بۆ حیزبەکانیان دەکەن، یان ئەو توێژانە خۆشیان و خۆمانیش بەرنامەیەکی دیاریکراوی گرێدراو بەکردارمان نییە، کە لەو بنبەستە دەربێین. بۆیە بەداخەوە بەشی زۆری ئەو قسەوباسانە لە فەیسبووک و بەکۆمێنتێک زەمینەی بۆ دەرەخسێت و دواتر لەئاست سەرکردایەتی حیزبەکان دەبێتە ئەمرێکی واقیع و توند دەبێت. تاکی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات تووشی بێ شووناسی لە خەبات هاتووە، و شوناسی خەباتی لێ شێوێندراوە، کە حیزبەکان لە درووستبوونی بەرپرسن و تاکی کوردیش خۆی لەدرێژە پێدانی تاوانبارە.

هەر بۆیەش بەرای من پێویستە تاکی کورد لە دەرەوەی حیزبەکان و بە هەڵسوکەوتێکی مامناوەندەوە سەیری وەزعەکە بکات، و سەرجەم سەمپاتەکان و سەربەخۆکان چ وەکوو رێکخراوە و چ وەکوو چاودێر و ئاکادیمیی و رۆشبیر لە دەرەوەی چوارچێوەی حیزبی کار بۆ نووسینەوەی بەرنامەیەکی کار و نەخشەرێگەیەکی زانستی و واقیعی و نەتەوەیی بکەن. هاوکات خەسارەکانی و رێکارە کردەییەکانیشی دەستنیشان بکەن و دواتر حیزبە سیاسییەکانیش وەکوو میکانیزمێکی گرنگی جێبەجێکردنی بەشدار بکەن، بۆ ئەوی لەو لۆمپەنیزمەی هەموومان تووشی هاتووین رزگارمان بێت.

**سەرچاوە: ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆڤە رۆژ - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣**

## ترسی ئێران لە کۆبوونەوەی پاریس

ڕۆژی دووشەممە ٢٤-ی خەرمانانی ١٣٩٣ کۆنفرانسی پاریس بۆ تاوتوێکردنی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام ناسراو بەداعش دەستی بەکارەکانی کرد. بیرۆکەی ئەو کۆبوونەوەیە دوای وتارەکەی باراک ئۆبامای سەرۆککۆماری ئەمریکا هات، کە ستراتیژی وڵاتەکەی بۆ لەناوبردنی داعش راگەیاندو، هەرلەو کاتەشدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جان کێری بۆ بەرفراوانکردنی هاوپەیمانییەتی دژی داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوو، بۆ ئەوەی زۆرترین وڵات لەگەڵ ستراتیژییەکەی کۆشکی سپی بۆ کۆتایی هێنان بەگرووپی تیرۆریستی داعش هاوڕا بکات. هەر لەسەر ئەو بنەمایەشدا ئەمرۆ وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و ١٠ وڵاتی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی گەنگەشەی میکانیزمێک بۆ لەناوبردنی داعش دەکەن.

بەڵام پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییەی ئەمریکا لەکاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە بڕیاری راستەوخۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جان کێری بۆ کۆبوونەوەی پاریس بانگهێشت نەکراوەو، ئاژانسی هەواڵی "رۆیتێرز"یش لە زاری بەرپرسانی کۆشکی سپی رایگەندابوو کە ئێران لەهاوپەیمانی دژی تیرۆریزمدا جێگەی نابێتەوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە پێشتر بەرپرسانی ئێرانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئامادەیی خۆیان بۆ چوونە ناو هاوپەیمانیەتێکی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش راگەیاندبوو، و تەنانەت ئەگەری دانیشتنی راستەخۆیان لەگەڵ ئەمریکاش ڕەت نەکردبۆوە.

دوورخستنەوەی ئێران لەبازنەی هاوپەیمانیەتی دژە تیرۆر لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەوە زۆر واتای هەیە، کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەرۆژی بانگهێشت نەکردنیان بۆ کۆبوونەوەی پاریس تووشی شۆک کردووە. هەستکردن بەو ترسەش هەروا لەخۆڕا نییە و دەکرێ سەرچاوەی ئەو نیگەرانییەی ئێرانیش خۆی لەچەند خاڵدا ببینێتەوە:

**یەکەم:**

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و لەسەرووی هەمووشیانەوە کاربەدەستانی دەوڵەتی حەسەن رۆحانی پێیانوابوو

لەڕێگەی نەرمی نواندن لەسەر کەیسی وزەی ناوەکی، لەلایەک ئابلۆقە ماڵوێرانکەرەکانی سەر خەڵکی ئێران کەم دەکەنەوە، و لەلایەکی دیکەشەوە رای گشتی جیهانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر خۆیان دەگۆڕن، و ئەمجارەیان بە دانیشتن لەسەر مێزی دانوستاندنە ناوەکییەکان دەرگای کۆبوونەوە سیاسییە جیهانی و لانیکەم ناوچەییەکانیان بۆ دەکرێتەوە، بەڵام بانگهێشت نەکردنی ئێران بۆ پاریس دەریخست کە حیسابی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە دانوستاندنەکانی ژنێف لەسەر کەمکردنەوەی سانتریفیوژەکانی پاک نابێتەوە،و ئێستاش فایلەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و پشتیوانیکردن لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و تیرۆر بەگشتی هەر کراوەن.

**دووەم:**

تایتلی کۆبوونەوەی پاریس بریتیە لە "دۆزینەوەی میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی داعش"، واتا وڵاتە زلهێزەکانی رۆژئاوا و بلۆکی سوننی و سیکۆلاری رۆژهەڵاتی ناوەراست لەپاریس قسە لەسەر گرووپێکی تیرۆریزمی دیاریکراو لە جوغرافیایەکی دیاریکراودا دەکەن. ئەو جوغرافیایەش کە وابڕیارە هاوپەیمانییەتێکی بەهێزی سەربازی لێی بمێنێتەوە، عێراق و سوریایە، وهەردوو وڵاتیش بۆ ئێران گرنگییەکی ستراتیژیان هەیە، و بەهاتنی هاوپەیمانە ناوچەیی و رۆژئاواییەکان، ئێران دەکەوێتە دوورگەیەکی دوورکەوتووەوە و، جگە لەوە کاریگەرییە راستەوخۆکانی لەسەر دوڵەتی شیعە لە بەغدا بەهەبوونی ئەمریکا کەم دەبێتەوە. هاوکات رێگەی زەوی بۆ ترانزیتی چەک و تەقەمەنیشی بۆ لوبنان و فەلەستین و بگرە سوریاش نامێنێت. و ئەوەش واتای پچرانی هێلی پەیوەندی سوپای قودس بەو وڵات و تاقم و گروپانە دەگەنێت کە ئێران لە قەیرانەکاندا وەکوو کارتی گوشاری ناوچەیی کەڵکیان لێوەردەگرێت.

**سێیەم:**

سەرۆککۆماری ئەمریکا باراک ئۆباما لە راگەیاندنی ستراتیژییەکەیدا زۆر بە ڕوونی رایگەیاند کە فرۆکەکانی ئەمریکا لەناو خاکی سوریاشدا شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش دەکەن، و هەر دوێنێش سەرچاوەیەک لە کۆشکی سپییەوەو لە زاری ئۆباماوە بە "نیۆیۆرک تایمز"ی راگەیاندووە کە ئەگەر رژێمی سوریا بەرانبەر بە سنووربەزاندنی فرۆکەکانی ئەمریکا دژکردەوەیان هەبێت، ئەوا ئەمریکا سیستەمی پەدافەندی سوریا بەتەواوی لەناو دەبات. ئەو ڕاشکاویەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەریدەخات کە وڵاتە عەرەبەکانی ناوچە و وڵاتە

زلهێزەکانی رۆژئاوا دەیانهەوێ لەلایەک داعش لە مۆڵگە سەرەکییەکانیان لەناو ببەنو، لەلایەکی دیکەشەوە پێگەیەکی سەربازی هەمیشەی لە خاکی سوریا بۆ ئیفلیج کردنی رژێمی سوریا دابمەزرێنن و، ئەو شیمانەیەش کاتێک بەهێزتر دەبێت کە ئەمریکا رایگەیاند کە ئەوان ٢٥ ملیۆن دۆلار یارمەتی بە شۆرشگێرانی دژبەری بەشار ئەسەد دەدەن. ئەو دیمەنەی ئەمریکا و ١٠ وڵاتی کاریگەری ناوچە کێشاویانەتەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو شۆک وایە، شۆکێک کە هەموو پیلانگێرییە ناوچەییەکانی ئێران هەڵدەوەشێنێتەوەو، لەهەموو کات زیاتر ئێران لەکۆمەڵگای جیهانی و ناوچەییدا دوورەپەرێز دەکات.

هەموو ئەوانەو ترسی ئێران لە مانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر سنوورەکانی ئێران بۆ هەمیشە وایکردووە کە لەو چەند رۆژەی رابردوودا راگەیاندنە فەرمییەکانی ئێران ئەو ترسەیان نەشارنەوەو، لەناو ترسێکی قووڵیشدا لەهەرەشە کردن لە کۆمەڵگای جیهانی سڵ نەکەنەوە و، راوێژکاری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی ئەکبەر ویلایەتی رایگەیاندووە: " هیچ هاوپەیمانییەتێکی دژی داعش بەبێ هەبوونی ئێران سەرکەوتوو نابێت." بەڵام هەمووی ئەوانە لەوە کەم ناکاتەوە کە سیاسەتە بەرتەسکەکانی ئێران وایکردووە کە ئەمرۆ لەهەموو کات زیاتر ئێران لە هاوکێشە جیهانی و ناوچەیی و بگرە پرسەکانی سەرسنوورەکانی خۆشی دووربخرێتەوەو، هیچ حیسابێکیشی بۆ نەکرێت. ئەوە لەلایەک هەنگاوێکە بۆ ئەوەی زیاتر لە جاران رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەیی و گەمە ناوچەییەکان دا پەراوێز بخرێ و تەریک بکەوێتەوە. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە وادەکات پێش لە سەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران تەنیا خەڵکی بێ تاوان و بڕسی و بێدەرەتانی ئەم وڵاتە ببنە قووربانیی هیستریای لەپەراوێزخستنی دەسەڵاتدارانی ئێران لەو شوێنانەی بڕیاری ناوچەیی و جیهانیان لێدەدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

# ئێران لەهەردوولا دۆڕاوی گفتوگۆ ناوەکییەکان دەبێت

کۆماری ئیسلامی ئێران کەمتر لەدوو مانگی کات لەبەردەستە بۆ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکانی رێژیم لەسەر وەڵامی کۆتایی ئێران بۆ وڵاتانی ٥ کۆ ١ لەمەڕ پرسی ناوەکی یەکبخات، هەنگاوێک کە رەنگە لەکۆی گفتوگۆکانی کابینەی رۆحانی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا ئەستەمتر بێت. چونکە هەندێک باڵی دەسترۆیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەوەدا نین کە رێکەوتنامەیەک بێتەئاراوە کە رۆژئاواییەکان بەدڵیان بێت، بەڵام باڵی نزیک لە سەرۆککۆماریش لە دەرهاویشتەکانی رێکنەکەوتنی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ٥ کۆ ١ دەترسن، و ئەو ترسەشیان نەشاردۆتەوە.

لەسەرەتای مانگی داهاتوودا کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ وەڵامی کۆتایی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر داهاتووی گفتوگۆکانی پەیوەندیدار بە چەکی ناوەکی خۆی بداتەوە. بەڵام ئاراستەی وەڵامەکەیان دەبێ چۆن بێت؟ قبووڵی داخوازی وڵاتانی رۆژئاوا دەکەن، یان رەتیدەکەنەوە؟ لەهەردووحاڵەتدا رێژیمی ئێران تووشی کێشەگەلێک دەبێت، کەکاریگەری لەسەر داهاتووی سیاسیی ئەم وڵاتە دادەنێت.

گفتوگۆکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا لەوبووارەدا لە ساڵی ٢٠٠٣- وە هەستان و نشووستی زۆری بەخۆیەوە بینیوەو ئەنجامی نەبوو.، بەڵام لە ٢٠١١- ەوە کە ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپا گەمارۆیەکی قوورسی ئابووریان خستە سەری، و هەستکردنی ئێران بەو دارِمانە گەورە داراییە وایکرد کە گفتوگۆکان جوڵەیەکی خێرایان تێبکەوێت. و هەر لەو ساڵەدا ئێران و ئەمریکا لە وڵاتی عەمان بە نهێنی دانیشتن و هەر ئەوەش وایکرد گفتوگۆکانی دیکە بەئاشکرا ئەنجام بدرێن. و ئەوەش گەشبینییەکی زۆری لەلای دەسەڵاتدارانی ئێران دروستکرد، بەشێوەیەک شوورای نیگابان و تەنانەت بەیتی رێبەری هیچ بەربەستێکیان بۆ خۆکاندید کردنی رووحانی بۆ پۆستی سەرۆکۆماری لە ساڵی ١٣٩٣ دا بۆ ناوبراو نەنایەوە. ئەوە لەکاتێکدابوو کە باڵی سوپای پاسداران کە هەڵبژاردنەکانی ١٣٨٤ و ١٣٨٨-یان موهەندیسی کردبوو، حەزیان دەکرد سەعید جەلیلی جێگەی ئەحمەدی نیژاد بگرێتەوە، نەک رۆحانی.

بەرژەوەندییەکانی رژێم وایکرد کە رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران قەناعەت بە سوپا بکات، کە دان بەو

گۆرانکارییەدا بنێت،و خۆیان بەناچاری و لەژێر گوشاری گەمارۆ ئابوورییەکانی رۆژئاوادا بۆ "نەرمی نواندنێکی قارەمانانە" ئامادە بکەن. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەرکەوت کە دانوستاندنە نهێنییەکان عەمان تەنیا وەهمێکی کاتی بووە.

*ولاتانی رۆژئاوا هەندێک داواکاری بە پەلەیان لە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد، کە بەشێکیان بریتی بوون لەوانە:*

**یەکەم**: ئێران دەبێ وەڵامی هەموو پرسیارەکان لەسەر چالاکییە گوماناوییەکانی رابردووی بداتەوە.

**دووەم**: دەبێ رێگەی لێکۆلینەوەی راستەوخۆ لە ناوەندی فۆردۆ و پارچین بدرێت.

**سێیەم**: دەبێ سیستەمێکی چاوەدێری دابنرێت،و پسپۆران رێگەیان پێبدرێت، بەبێ هەماهەنگیش سەردانی ناوەندەکان بکەن.

**چوارەم**: دەبێ وەڵامی ئەو نیگەرانیانەش بدرێتەوە کە لەسەر سارۆخە دوورهاوێژەکانی بالستیک هەن.

**پێنجەم**: ئێران دەبێ بەنووسراو بەڵێن بدات کە دەستێوەردان لەکاروباری سوریە و عێراق و لوبنان و ناوچەکە بەگشتی دا ناکات.

**شەشەم**: نابێ ئێران پشتیوانی تیرۆریزمی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بکات.
**حەوتەم**: ئێران دەبێ روونکردنەوە لەسەر پرسی مافی مرۆڤ لەئێران بدات.

ئەو ریزبەندە درێژە بەشێک لەو ناکۆکیانەی نێوان ئێران و ولاتانی رۆژئاوان و پرسیاری سەرەکیش ئەوەیە کە ئایا ئێران وەڵامی ئەو حەوت پرسیارەی لایە؟ بەڵام پێناچێت ئەو کێشانەی سێ دەیە بەردەوام بووە، لەو سێ مانگەدا چارەسەری کۆتاییان بۆ بدۆزرێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە گەیشتن بەرێکەوتنێکی گشتگیر نەک سادە نیە، رەنگە ناوومکینیش بێت، چونکە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە سیستەم و پێکهاتەی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەیە، و هەرجۆرە گۆرانکاری یان قبوولکردن یان دیسان پێناسەکردنەوەی ئەو ریزبەندییەی باسی لێوەکرا، دەبێتە هۆی گۆرانکاری لەجۆر و پێکهاتەی دابەشکردنی دەسەلات لەسیستەمێکدا کە ئایدۆلۆژیا و ناوەندی توندرەو بەسەر بڕیارەکاندا زاڵن. چونکە سوپا و بازاری موحافیزەکار و ئاخوندە موحافیزەکارەکان لەگەڵ کۆی گفتوگۆکانی حکومەتی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ٥ کۆ ١ نین، و تەنیا بەهۆی گوشاری گەمارۆکان زاتی دانیشتنەکانیان قبوولکردووە.

رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵگری سێ گۆشەیەکی دەسەلاتە کە یەکلاکردنەوەی پرسی ناوەکی ئێران دەگەیەنێتە ئاستی مەحاڵ، لەلایەک ئەو ئاخوندانەی سەر بە بەیتی رێبەرین، لەلایەکی دیکەش ئەو بازاریە موحافیزەکارانەی کە دەسەلاتی ئابووری بەهێزیان هەیە،و لەوانەش گەورەترو بەدەسەلاتدارتر باڵی نیزامی و ئەمنیەتییە کە سوپای پاسداران نوێنەرایەتیان دەکات.

ئەو سێ گۆشە کلاسیکەی رژێم کە ئابووری و سیاسەت و بگرە فەرهەنگی ئێرانیشیان پێیە، مانەوەی خۆیان لە داخراوبوونی سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا دەبیننەوە،و هەربۆیەش لەدژی هەموو هەنگاوێک دەوەستنەوە کە بیهەوێت گۆرانکاری قووڵ لەپێکهاتەی نیزامدا بکات. هەموو ئەوانەش لەکاتێکدایە کە رۆژئاواییەکان نایشارنەوە کە ئەگەر هەموو خاڵەکانی ئاماژەپێدراو لەرێکەوتنەکەدا نەبێت، لەبنەمادا رێکەوتنێکیش لەئارادا نابێت.

بەڵام لەبەرامبەر ئەو سێ گۆشە بەهێزەدا سێ گۆشەیەکی دیکەش هەیە کە ماهیەتی گفتوگۆکان لەسەر پرسی ناوەکی ئێرانیان قبووڵە، ئەوانیش بریتین لە میانەرەوەکان کە هاشمی رەفسەنجانی پێشەنگیان دەکات، و رەوتی ئیسلاح تەڵەب کە بەوهیوایەیە کە بەرێکەوتنێکی ناوەکی لەگەڵ رۆژئاوا پێگەی لێسەندراوی بۆ بگەرێتەوە،و هاوکات تەکنۆکراتەکانیش کەبەهیوای دەرچوون لەدۆخی ئێستا ئێرانن. بەڵام لەئەنجامدا هەموو ئەو ناکۆکیانەی نێوان ئەو دوو سێ گۆشەیە لەلایەن رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران یەکلایی دەبێتەوە،و ئەویش لەهەموو روویەکەوە لەگەڵ سێ گۆشەی یەکەمی دژەکانی رێکەوتنی یەکلایەنە لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوان.

دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ نزیکبوونەوە لە دواوادەی دیاریکراوی وڵاتانی رۆژئاوا بۆ گەیشتن

بەرێکەتنێکی گشتگیر لەسەر پرسی ناوەکی تووشی هیستریایەکی سەیر هاتوون، لەلایەک مانەوەیان وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران بەستراوەتەوە لەسەر ئەو حەوت خاڵەی کە رۆژئاوا کردوونی بەپێش مەرج، و لەلایەکی دیکەشەوە قبووڵ نەکردنی ئەو خاڵانەو نەهاتنە ئارای رێکەوتنێک وادەکات کە گەمارۆکان بەهێزتر بکرێن، و ئابلۆقەی ئابووری توندتر بکرێت،و هاوکات ئەگەری کار کردن لە سەر بژاردەی سەربازی بۆ ئێران زۆرتر زەق بێتەوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە رێژیمی ئێران ویستی قەیرانی داعش بقۆزێتەوە،و بەچوونە ناو هاوپەیمانیەتێک لەدژی داعش رێکەوتنی ناوەکییەکە لەبیر کۆمەڵگای جیهانی بباتەوە، بەڵام وەڵامی توندی ئەمریکا بەئێران دوا پەلەقاژەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشی پووچەڵ کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---

## پەیامەکەتان گەیشت و قۆناغێکی نوێ بەرێوەیە

لەرۆژانی رابردوودا رۆژهەڵاتی کوردستان خرۆشانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوەو خرۆشانێک کە بەلای هەندێک کەس و تێروانینەوە بەهەڵە لێکدراوەتەوە. یان ئەوەیکە لەسەر بنەمای حەماسەو سۆزی هەنووکەیی لێکدانەوەی بۆ دەکەن. ئەو تێروانینەش لەلایەک تێنەگەیشتن لە سایکۆلۆژیای تاکی رۆژهەڵاتەو لەلایەکی دیکەشەوە خۆبواردن لەمێژوو و باکگراوەندی ئەو خەڵکەیە کە بۆ پشتیوانی کۆبانێ رژانە سەرشەقام. بۆ ئەوەی نرخی راستەقینە بە نیشتمانپەروەری ئەو خەڵکانەی سەرجەم شارەکانی رۆژهەڵات بدەین کە تاکوو ئێستا بۆ پشتیوانیکردن لەکۆبانێ نەچوونەتەوە ماڵەکانیان، دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە سادەیە بدەینەوە، کە چی وادەکات خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شنگال و کۆبانێ هەڵوێست بگرن، بەڵام بۆ شارێکی دیکەی ئێران و لەدەرەوەی جوگرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان بەو خۆرسکییە لەسەرپێ نەبن؟ ئەوەش دەشێ دوو هۆکاری سەرەکی هەبێت:

**یەکەم**: بەئاوردانەوەیەک لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبینین کە هەموو پراکتیکە نەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک دەبن. پێکهێنانی یەکەم حزبی مۆدێرن کە حیزبی

دیموکراتی کوردستانە، دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە ئالاهەڵگریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد هەر لە رۆژهەڵات لەدایکبووە، و هاوکات لەگەڵ هاتنی شەپۆلی چەپی رادیکاڵ و سوونەتی بۆ ئێران کە دونیای دووکەرت کردبوو، ئەوە هەر نوخبەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگیی شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو بوو، کە خوێندنەوەیەکی لەچەپ هێنایە گۆرەپانی نوخبەوی کە نەک لەبەرامبەر مافی نەتەوەیی گەلی کورددا نەبوو، بگرە بەهەموو مانایەکەوە خستییە خزمەت پرسی نەتەوەیی کورد،و دوای ئەویش بەشێکی زۆر لە حزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش پەیرەویان لێ کرد. ئەو باکگراوەندە مێژووییە وایکردووە کە تاکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیلامەوە بگرە هەتا ماکۆ نەک کێشەی نەبوونی شوناسی نەبێت، بگرە شانازیشی پێوەدەکات،و لەو دیوەی سنوورە دەستکردەکانەوە بەئازاری هاونەتەوەییەکانییەوە دەناڵێنێ،و بە سەرکەوتنەکانیشیان گەزگەز باڵا دەکات. کەواتا خەڵکی رۆژهەڵات هەڵگری شوناسێکی پتەوی نەتەوەین، هەربۆیە خۆرسک بۆ شنگال و کۆبانێ دەرژێنە سەر شەقامەکان.

**دووەم**: ئەگەر لەدروشم و ماهیەتی دروشمەکانی سەرجەم خەڵکی پشتیوانیکەر لە کۆبانی وردبینەوە، زۆر بەئاشکرا نەوتراوەکانمان بۆ دەردەکەوێت، زۆر کۆدی گرنگ لە دروشمەکاندا دەبینرا، کە هەموویان پەیامی ئاشکرابوون کە بەرەورووی نوخبەی سیاسیی رۆژهەڵات و لەسەرروو هەمووشیانەوە حزبە سیاسییەکان کرایەوە. ئەگەر تەنیا دروشمی " کوردستان یەک وڵاتە کۆبانی رۆژهەڵاتە" وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستان خەریکە بەنوخبەی سیاسیی کوردستان دەڵێت، کە ماهیەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو داعش وایە،و هەرچییەکی ئێستا لەکۆبانی دەکرێت، لەناوەرۆکدا وەکوو خۆی بەڵام لەشێوازدا بەجیاواز لەرۆژهەڵاتیش دەکرێت. گەنجانی خوێن گەرمی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو دروشمانە پەیامی ئەوەیان پێ داینەوە کە ئەگەر داعش ساڵێکە تیرۆریستە، ئەوا کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە ٣٥ ساڵە تیرۆر دەکات، و تیرۆر هەناردە دەکات. ئەگەر داعش بەناوی سەلەفییەتی تەکفیرییەوە هەموو ئازادییە شەخسییەکان ناهێڵێت، ئەوا ٣٥ ساڵە کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر ناوی ئیسلامی شیعەی ئەسنا عەشەری دا ئەو ئازادییانەی لەدار داوە. ئەگەر داعش بەناوی ئوممەی ئیسلامییەوە نایهەوێ کیانی سیاسی دیکە هەبێت، ئەوا دەسەڵاتدارانی ئێران لە پەهلەوییەوە بگرە بەناوی میللەتی ئێران و ئیمپراتۆرییەتی شیعەوە رێگەی هەناسەدانی سیاسیش بە کورد و نەتەوەکانی دیکە نادەن. کەواتا دروشمی "کۆبانی رۆژهەڵاتە" پەیامێکی ئاشکرایە،و ئێمەش وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامەکەمان پێگەیشتووە،و بەرپرسیاریەتیشمان زۆرتر بووە.

بەرپرسیارییەتییەک کە دوێنێ هەڵمانگرتووە،و ئەمرۆش بەپشتیوانی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حزووری پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەت و دیپلۆماسییەتی جیهانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەنجام دەگات، هەر ئەوەش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تەنگەتاو کردووە،و کۆبوونەوەکانی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەمەڕ پرسی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان کاربەدەستانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تووشی هیستریایەکی گەورە کردووە. ترسێک کە هەرخۆیان دەزانن چەندە راستەقینەیە. کۆماری ئیسلامی ئێران باش لەوە تێگەیشتووە پیلانەکەی بۆ نقوورچگرتن کە ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ناوچەی لەشەقامەکانی کوردستان پووچەل بووەتەوە،و ئەمرۆ دیپلۆماسییەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوکات لەگەڵ خرۆشانی جەماوەری ڕۆژهەڵات و حزووری پارێزەرانی ڕۆژهەڵات هاوکێشەکەی بۆ ئێران پێچەوانە کردۆتەوە، و هەربۆیەش لەم چەند ڕۆژی رابردوودا خەڵکانێکی زۆری قۆڵبەست کرد،و لەئیلام و ورمێ مۆڵەتی خۆپیشاندانی نەدا.

زۆر ئاشکرایە کە هاتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ شەقامەکان پشتیوانییەکی ئەخلاقی و نەتەوەییە بۆ خوشک و برا کوردەکانیان لە کۆبانی، بەڵام وەبیرهێنانەوەی هێزێکی کارامە و خوێندەواری شاراوەیە، کە دەکرێ گرەوی گەورەی لە ڕۆژهەڵات لەسەر بکرێت. ئەو گرەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەپشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵات دەیکات، بەڵام پێویستە دوای کۆبانیش هەر لەشەقامەکان بمێننەوە، بۆ ئەوەی جیهان لەو هاتوهاوارەی ناوچەدا کوردی ڕۆژهەڵات لەبیر نەکات،و لەوەش دڵنیا بن کە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارێزگاری لە تاک تاکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، و بەدڵنیاییەوە ئێستا لەقۆناغێکی نوێی خەباتی رزگاری نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان داین، و ئەمجارەیان حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوە میحوەربوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشەکانی ناوچە دەسەلمێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## "امر به معروف"ی دێموکرات و "نهی از منکر"ی ڕێژیم

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا پەرلەمانی ئێران ماددەی نۆیەم و دەیەمی پرۆژەی پشتیوانیکردن لە هاندان بۆ چاکە و گێرانەوە لەخراپە واتا (امر بەمعروف و نهی از منکر)ی پەسەند کرد. بەپێی ماددەی نۆیەم خەڵکی ئاسایی دەتوانن لە دەوڵەت بپرسنەوەو، و خەڵک بۆی هەیە بەرپرسان و وەزارەتەکان و ڕێکخراو و دامەزراوە دەوڵەتییەکان و تەنانەت شیرکەتە دەوڵەتیی و ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش بۆ چاکەکردن هان بدەن و، لەخراپە بیانگێڕنەوە. هەر لەسەر بنەمای ئەو ماددەیە کە زۆرینەی پەرلەمانتارانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەنگیان بۆداوە، ئەگەر دەسەڵاتدارانی ڕێژیم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشێک لەو جوغرافیایەی ناوی "ئێران"ە بزانن، دەبێ (امر به معروف و نهی از منکر) ەکانی ئێمەش وەربگرن، و هەر بەپێی ماددەی دەیەم لەیاسای هاندان بۆ چاکە و گێرانەوە لەخراپە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆی هەیە پرسیار لە دەسەڵاتدارانی ڕژیم بکات و، تێگەیشتنی خۆشی لە "امر به معروف و نهی از منکر" رابگەیەنێت.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە سەدەیەکە هانی دەسەڵتدارانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران دەدات، کە چاکە بکەن و خۆیان لەخراپە بپارێزن. سەدەیەکە پێتان دەڵێین کە نەتەوەیەک چەندین ملیۆن کەسی لەجوغرافیایەکی تایبەت بەخۆی دا دەژیت و، داوای مافە ئینسانییەکانی دەکات، بەڵام بە گوللە و سێدارە وەڵامی دەدرێتەوە. سەدەیەکە بە پەهلەوی و خومەینییەکان دەڵێین خۆتان لەکوشتن و قڕکردنی نەتەوەیەک بپارێزن، کە لەلایەک کوردن و مافی ژیانیان هەیەو، لەلایەکی دیکەش بەندەی "خودا"ن و هەر "خودا"ش بۆی هەیە مامەڵە بەچارەنووسیان بکات.

ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵات ساڵانێکە هانی دەسەڵاتدارانی ئێران دەدەین چاکە بکەن و خۆیان لەخراپە بپارێزن. بەڵام لەگەڵ خەراپە ڕاهاتوون و وەڵامی ئەو داخوازییە ڕەوایانە بە پەتی سێدارە و بەندیخانەو ئەشکەنجە دەدەنەوە، ئێوەی کۆماری سێدارە، هاتوون "امر بەمعروف و نهی از منکر" بەیاسایی دەکەن، بەڵام ساڵانێکە "نهی" لە کوشتاری کۆڵبەران و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسیی و موعتادکردنی لاوانی کورد و ترساندن و تۆقاندنی

خەڵکی ئاسایی ناکەن. ئێوەی کۆماری دیکتاتۆری ئێران هاتوون "امر به معروف و نهی از منکر" دەکەن، بەڵام بەسەدان ساڵە ئەمر بە کوشتنی سمکۆ و لەسێدارەدانی پێشەوامان و، تیرۆری ڕێبەرانی کورد دەکەن، لەمێژساڵە ئەمرتان کردووە کورد دەبێ لەرۆژهەڵات یان بێ دەنگ بکرێت، یان قڕبکرێت.

پەرلەمانتارانی مەجلیسی ئێران یان لانیکەم پەرلەمانتارە کوردەکان دەبووا لەکاتی دەنگدان بە ماددەی نۆیەمی پشتگیریکردن لە پرۆژەی پشتیوانیکردن لە "امر به معروف و نهی از منکر" بیریان لەو هەزاران شەهیدەی ڕێگەی رزگاری کوردستان کردبایەوە، کەسەرجەمیان تەنیا لەپێناو هاندانی دەسەڵاتدارانی ئێران بەچاکە و گێرانەوەیان لەخراپە ئەمر بە گیان لێ ئەستاندنیان کراوە.

بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لەرۆژهەڵات بەپێشەنگیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە نزیکەی حەفتا ساڵە ئەمر بەپاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و پاراستنی مافی کەمینە نەتەوەی و ئایینییەکان دەکات، حیزبی دێموکرات ساڵانێکە نەهی لە ملهوڕی و تاکڕەوی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئەمر بە پێکەوەژیانی ئاشتیانەو پاراستنی مافی هەموو نەتەوەکان دەکات و، بەدەنگێکی زوڵاڵەوە دەڵێت مرۆڤ بەحورمەتی مرۆڤبوونی دەبێ مافەکانی پارێزراو بێت، کوردیش بەهۆی کوردبوونی دەبێ مافی ئەوەی پێ بدرێت لەخاکەکەی خۆیدا وەکوو کورد بژیت.

دەمێکە ئەمرتان کردووە کە کوردستان بکەن بە سەربازگەو، لەجێگەی کارخانە، تۆپخانەی لێ بنیات بنێن. لەمێژە ئەمرتان بەلەناوبردنی جوغرافیاو زمان و کلتوری کوردستان کردووە، ڕێژیمەکەتان هەر لەرۆژی یەکەمەوە نەهی لە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ئازادی و سەربەخۆی تاک و مافی کەمەنەتەوەیی و ئاینییەکان کردووە، ئەمرتان کردووە ئەوەی "فارسی شێعەی ئەسنا عەشەری" نەبێت، پلە دوویە.

ئەمرۆش دوای ئەو هەموو ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمر بە سەربەرزی ئینسانەکان دەکا و ئێوەش ئەمر بە داپۆشینی تاڵە مووی کچان دەکەن، حیزبی دێموکراتی کوردستان نەهی لە سێدارەو ئەشکەنجە دەکا، ئێوە ئەمر بە تواندنەوەی رووخساری کچان بەئەسید دەکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمر بە ئازادی هەموو کلتورەکانی جیهان دەکا و، ئێوەش نەهی لە هونەر و موسیقا دەکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمر بە دێموکراسی دەکا کەئێوەش قسەی خۆتان بکەن، ئێوەش ئەمر بە سووتاندنی کتێبەکانی فەلسەفە لەزانکۆکان دەکەن.

هەربۆیەش خەباتی میللی دێموکراتی کورد لەرۆژهەلات بەهەموو ڕێگەیەک لەهاندانی دەسەلاتدارنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە چاکە و گێرانەوەیان لەخراپە بەرامبەر خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بەردەوام دەبێت و، بەدڵنیاییەوە خولیای دێموکرات بۆ هاندان بەئازادی وسەربەستی مرۆڤەکان بە هزری نوخبەو باسکی پارێزەرانی کوردستان و پشتیوانی خەڵکی رۆژهەلات وەدیدێت، و ئەمرو نەهی یە بەرتەسکەکانی دیکتاتۆرەکانیش دەپووکێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---

## "سەرەفراز" سەرشۆرییەکی دیکەی دەنگ و ڕەنگی ئێران

دوای لاریجانی و زەرغامی ئەمجارەیان بەرپرسیارییەتی دەنگ و ڕەنگ واتا (سەدا و سیما)-ی ئێران کەوتۆتە دەست پاسدارێکی دیکە بەناوی محەمەد سەرەفراز. دامەزراوەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر دەسەلاتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران دایەو، بودجەو سیاسەتەکانی لە بەیتی ڕێبەرییەوە دەگات. دوو ساڵ دوای شۆرشی گەلانی ئێران شۆرای ئینقیلابی فەرهەنگی کەوتە دەست تووندرەوەکان و هەر لەو کاتەوە بەرپرسیارییەتی دامەزراوەی دەنگ و ڕەنگی ئێران بە بالای موحافیزەکارەکانی بەردەرگای خامنەیی بڕاوە. هەر لەسەرەتاوە سەرۆکی ئێستای پەرلەمانی ئێران، عەلی لاریجانی کە خزمایەتیی لەگەڵ خامنەیی هەبوو، کرا بە بەرپرسی یەکەمی دەنگ و ڕەنگی ئێران. دوای ئەویش پاسدار زەرغامی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ئەو بەرپرسیاریەتییەی لەئەستۆ بووە. لەسەردەمی زەرغامیدا گەورەترین دامەزراوەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو بێ کەڵکترین دامەزراوە خۆی دەرخست. کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکەی ٧٠ کەنالی تەلەفزیۆنی هەیە، کە زیاتر لە ٥٠ هەزار کارمەند کاری بۆ دەکەن و، سالانە هەزار ملیارد تمەنی بۆ تەرخان دەکرێت، هەموو ئەو پارەیەش لە ڕێگای خامنەییەوە دەدرێت، ئەوەش جگە لەو سەدان ملیار تمەنەی لە ریکلامەوە دەستیان دەکەوێت، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا بەپێی دوایین سەرژمێری زیاتر لە ٧٠%-ی خەڵکی ئێران سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی دەرەوەی ئێران دەکەن، و نزیکەی ١٠%-ی خەڵکی ئێران

سەیری تەلەفزیۆن ناکەن، و لەو نێوەشدا دەمێنێتەوە ٢٠%-ی خەڵک کە یان ماهوارەیان نیە، یان کەسانی زۆر نزیک لە سیستەم و دەسەڵاتن.

خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەکاتێکدا محەمەد سەرەفرازی وەکوو کەسی یەکەمی دەنگ و ڕەنگ واتا (سەدا و سیما)-ی کۆماری ئیسلامی ئێران دەسنیشانکردووە، کە ئەو دامەزراوە چەقبەستوو و بێ کەڵکەی ئێران لەرووی سیاسییەوە تریبوونی باڵێکی توندرەوی حاکمییەتەو لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە بانگەشەکەری ئیسلامییەتی شیعەی پێناسەکراوی خۆیانن. واتا لەروانگەی بەرپرسانی (سەداو سیمای) ئێرانەوە نە هیچ نەتەوەیەکی دیکە جگە لەفارس لەئێراندا دەژیت، نە هیچ ئایین و پێکهاتەیەکی دیکە جگە لەشیعەی ئەسنا عەشەری بوونیان هەیە. ئەو تەک ڕەهەندیی بوونەی دەنگ و ڕەنگی ئێران بەرادەیەک بووە، کە تەنانەت لە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ساڵی ٨٨ تەلەفزیۆنەکانی خامنەیی بە بەرپرسیارییەتی زەرغامی هەڵسوراوەکانی ئیسلاحتەلەبەکانیان وەکوو خائین هێنایە سەر شاشەو، بەئەشکەنجە دان پێدانانەکانیان بڵاوکردنەوە، ئەو ئیسلاحتەلەبانەی کەخۆشیان نەوەی شۆرشی بە قەولی خۆیان ئیسلامی بوون و هیچ کێشەیەکی فیکری و کرداریان لەگەڵ دەستوور و یاسا بنەرەتییەکانی ئێران نەبوو، تەنیا چونکە داوای دەنگەکانیان دەکرد، لەتەلەفزیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا وەکوو خائین و نیشتمانفرۆش وێناکران.

لەئێستاشدا ئەو (سەدا و سیما) یە هیچ کەڵکێکی نە بۆ ڕژێم هەیەو، نە بۆ خەڵکی ئێران، جگە لە بەفیرۆدانی سامانی گشتی وڵات لە لایەن کەسێکەوە کە سەرۆکایەتی دەکات، کەخۆشی وەکوو پاسدارێک لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خەریکی سیخوری و دروستکردنی کەنالی هاوتەریبی کەناڵە دەرەکییەکان بۆ چەواشەکاری بووە. محەمەد سەرەفراز کەئێستا جێگەی زەرغامی گرتۆتەوە ماوەی ٢٠ ساڵ بەرپرسی کاروباری دەرەوەی (سەداو سیمای) ئێران بووەو، کەناڵە چەواشەکارەکانی وەکوو "پرێس تیڤی" و "ئەلعالەم" بیرۆکەی ئەو بوونەو، تاکە ئامانج ئەو کەناڵانەش بەلارێدا بردنی رای گشتی جیهان لەمەڕ ناوخۆی ئێران بووە، بەدەیان جار "پرێس تیڤی" چەواشەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کردووەو، زۆر بەئاشکراش نوێنەرایەتی یەک ئاراستەی فیکری لەناوخۆی ئێران دەکرد، سەرەڕۆیی و درۆ و دەلەسەکانی "ئەلعالەم" و "پرێس تیڤی" گەیشتە ئاستێک کە مانگی دەستکردی هاتبێرد هەمووانی سڕییەوە.

محەمەد سەرەفراز شارەزاییەکی تەواوی لە دروستکردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی هاوتەریب لە دەرەوەی وڵات بۆ بەلاڕێدا بردنی رای گشتی ناوچە و جیهان هەیەو، بەرپرسی نوێی "سەداو سیما"-ی ئێران هەندێک ئازادی لاوەکی بە رۆژنامەنووسەکانی کەناڵەکانی دەرەوەی ئێران دەدات و، بۆ ئەوەی بەردەنگی دەرەکی چەواشە بکات، بەڵام تەلەفزیۆنەکانی ناوخۆیان بەتەواوەتی یەک رەهەندی و داخراوو بێ کەڵکن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا هەندێک باڵی ناو کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئیسلاحتەلەبەکانیشەوە بە دەستنیشان کردنی سەرەفراز وەکوو کەسی یەکەمی "سەداو سیمای" ئێران دڵخۆشن، چونکە بەگوتەی ئەوان "سەرەفراز" لە لاریجانی و زەرغامی کەمتر گرێدراوی ئوسوڵگەراکان و باڵی راستی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. بەڵام بۆ خەباتی رەزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەرۆژهەڵات هاتنە سەرکاری کەسێکی شارەزا لەچەواشەکردنی رای گشتی جیهان لە دەرەوەی سنوورەکان زۆر مەترسیدارترەو، کارنامەی چەواشەکارو دژە جولانەوەی کورد و سوننی محەمەد سەرەفراز سەرشۆرییەکی دیکەی "سەداوسیمای"-ی ئێرانەو، بەدڵنیاییەوە دەستنیشانکردنی کەسێکی بەو تایبەتمەندیانە کە دامزرێنەری "پرێس تیڤی" ئینگلیزی و "ئەلعالەم"-ی عەرەبی و "هیسپان تیڤی" ئیسپانیای یە، هەوڵێکی دیکەی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بۆ ئەوەی گوتاری بەیتی رێبەری بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی کە ئەمجارەیان داعش وەکوو هیلالێکی سوننەی تووندرەو بەربەستی لەسەر زەوی بۆ دروستکردووە، بەئاسماندا بڵاوبکرێتەوەو، لەو رێگەشەوە بەزمانە زیندووەکانی جیهان دیکۆمێنتاری چەواشەکارانە لەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد نیشانی دەرەوە بدات،و بەتەرکیز کردن لەسەر هەواڵی سیاسی پارچەکانی دیکەی کوردستان، پرسی کوردی رۆژهەڵات لە بیرو زەینی رای گشتی دا بشواتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ساڵانێکە بایکۆتی (سەداو سیمای) ئێرانیان کردووەو، ئەوەی بە دەسەڵاتدارانی ئێرانیش دەمێنێت، تەنیا دۆڕان و بەفیرۆدانی سامانی گشتییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## بۆ ٢٦ی سەرماوەز "هەر ماڵەو ئاڵایەک"

چەند رۆژی دیکە، واتا ٢٦-ی سەرماوەز لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو رۆژی ئالا و پێشمەرگە دیاریکراوە، ئەوەش وەفایی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پێشەواو کۆماری کوردستان دەگەیەنێت. لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە کە لەو رۆژەوە ژێکاف بڕیاریدا وەکوو حیزبێکی مۆدێرن درێژە بەخەباتی سیاسیی بدات،و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند، پیرۆزی خاک و ئالای کوردستان تان و پۆی ئەو حیزبەی پێکهێنا،و هەر لەو سەردەمەدا بۆ یەکەمجار حیزبێک بۆ بەرێوەبەری دەوڵەتی کوردی دامەزراند،و هەر لەسەر ئەو پێویستی و بنەمایەش دامەزرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆماری کوردستان دامەزراندو بەڕێوەی برد، کەواتا فەلسەفەی سیاسیی لای دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە لەسەر بنەمای سەربەخۆی خاک و خەڵکی کوردستان کە لەدەوڵەت – نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە، دامەزراوە. هەربۆیەش پێش ئەوەی کۆماری کوردستان رابگەیەندرێت، لە٢٦-ی سەرماوەزی ١٣٢٤-دا بەسەرپرشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر شارەبانی مەهاباد هەڵکرا، ئەوەش یەکەم لۆگۆی نەتەوەییبوونی کۆماری کوردستان پێش راگەیاندنی بوو، هاوکات لەو رۆژەوە دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی ئاڵای کوردستان بەهەموو رۆژهەڵاتی کوردستاندا،و ئەوەندەی کات دەرفەتی دا لەبەشێکی زۆر لەشارو بگرە گوندەکانیش ئالای کوردستان بەرزکرایەوە.

دوای ئەوەش پیرۆزی ئالای کوردستان لای پێشەوای کۆماری کوردستان گەیشتە لوتکەی پیرۆزی خۆی و لەسوێندەکەیدا پێشەوا سوێندی بە ئالای پیرۆزی کوردستان خوارد کە هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەرزراگرتنی ئەو ئاڵایە بدات و، بەگیانی خۆی سوێندەکەی بردە سەر، هەربۆیەش لای حیزبی دیموکراتی کوردستان وەکوو میراتگری پێشەواو کۆمار، ئالا ئەو پیرۆزییەی هەرماوە،و بۆ ئەوەی نەوەکانی پێشەوا خاوەنداریەتی لە فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و کۆمار بکەن، رۆژی پارێزەری خاک و ئاڵای کوردستانیان لەگەڵ رۆژی ئالا کرد بە یەک رۆژ، بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە کە پێشمەرگە هەر پارێزەرە بەوەفاکەی ئالای کوردستانە. هەربۆیەش لەئێستادا کە بەپیر ٢٦-ی سەرماوەز رۆژی ئاڵای کوردستان و پێشمەرگەوە دەچین، دەبێ هەموو کوردستان بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت جارێکیتر لەفەلسەفەی ئالا و پێشمەرگە وردبینەوە، و بیکەینە هەوێنی

یەکگرتووی و یەکێتی نەتەوەیی، چونکە لای هەموومان ئاشکرایە کە هەر چوارپارچەی کوردستان بە قۆناغی ڕەزگاری نەتەوەییدا تێدەپەڕێت،و دەبێ بەها پیرۆزەکانی وەکوو ئالا و پێشمەرگە وەکوو پارێزەری ئەو ئالایە سەرەتاییەکی بەهێزی یەکدەنگی کوردان بێت.

هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕێز لە بەها نەتەوەییەکان دەگرن و بەرژەوەندی نەتەوەییش دەخەنە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی تاکە کەسی، ئەوەشیان بۆ شەنگال و کۆبانێ لەسەر ئەرزی واقیع سەلماند، هاوکات ئەو میراتگرانەی کۆماری کوردستان پشتیوانییەکی بەهێزی جەماوەریان لە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە،و بەهەموو شێوەیەکیش بەربەرەکانی لەگەڵ پیلانە سیستماتیکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و جوغرافیی بەتایبەت لە ورمێ و ئیلام دەکەن، لەگەڵ ئەوەش دا چالاکییە مەدەنییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ژینگەپارێزی و ڕێزگرتن لە سەرمایە هونەری و کلتوورییەکانی ڕۆژهەڵات ئەوە دەردەخات کە ئەوان لەم قۆناغەشدا خاوەنداریەتی لە خاک و خەڵکی ڕۆژهەڵات دەکەن.

ئێستاش کە لە ٢٦-ی سەرماوەز وەکوو ڕۆژی پێشمەرگەو ئالای کوردستان نزیک دەبینەوە، پێویستە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو ئەرکەی پێشەوامان، قازی محەممەد لەسەر شانی داناوین، لەڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵمەتی " هەر ماڵەو ئالایەک" دەستپێبکەین، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوومان سەریان بەرز بکەنەوەو بەهەستکردنی ئالای کوردستان لە ماڵەکەیاندا شوناسی خۆیان پتەو بکەن،و ئەو باوەڕەشیان لەناخیاندا بچەسپێت کە زوو یان درەنگ دەبێ ئالای کوردستان لە ئیلام و ورمێ و سنەو کرماشان و مەهاباد هەر دەبێ بشەکێتەوە. ئەگەر "لەهەر ماڵێک ئالایەک" هەبێت، بەدڵنیاییەوە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی دەکەوێتە سەر شانمان بۆ ئەوەی پێشمەرگەئاسا پارێزگاری لەو ئالایە بکەین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەربەرزە بەوەی خاوەنی پێشمەرگەو ئالایەکە کە ئێستا هەموو جیهان وەکوو داینەمۆی ئازادی و دیموکراسی و پارێزەری ئاشتی لەجیهاندا دەیناسن. ئەوە سەربەرزیشە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەناخی ئەواندا ئەو دوو سیمبۆلە نەتەوەییە بالآیان کرد،و ئێستاش بەبالآی جیهاندا دەدرەوشێنەوە. هەر بۆیەش بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو نوستالژیایەش بێت، نابێ هیچ ماڵێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ ئالا بێت، چونکە ئێوە

خاوەنی راستەقینەی پێشمەرگەو ئالای کوردستانن،و دایک و باوکان و خوێندکارو لاوانی رۆژهەڵات بەرپرسیاریەتی ئەوەتان دەکەوێتە سەرشان کە بە هەبوونی ئالایەکی کوردستان لە ماڵەکانتاندا بەردەوام بۆ منداڵەکان و خوشک و برا بچووکەکانتان باس بکەن، کە مێژوو و ئێستایان چەندە تەژییە لە حەماسەو سیمبۆلی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی کەئێستا بەهۆی بارودۆخی ناوچەیی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوە شانازیان پێوە دەکەن،و بەو ئالا و پێشمەرگەیە لەگەڵ جیهان قسە دەکەن.

هەربۆیەش لەئێستاوە چالاکانی سیاسیی و مەدەنی، لاوان و خوێندکاران، ماموستایان و کارمەندان و کرێکارو جوتیارانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ سەروەرییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەناخیاندا بچەقێنن،و بەو باوەرە بژین کە ئەو ئالایەی لە ماڵەکاندا دانراوە، رۆژێک هەر دێت کە بەبازوو و هیمەتی پارێزەرانی کوردستان وەکوو پێشمەرگەی رۆژهەڵات هەر دێتە دەرێ و بەسەر دەرگای ماڵەکاندا هەڵدەدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## پێشەواو زیندانبانێکی زیندانیی و زیندانییەکی سەربەست

ئەگەر ئاورێک لەمێژووی خەباتی رەزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی گەورە بدەینەوە، هەندێک وێستگەی مێژووی هەن، کە مانا بە هەندێک دەستەواژە دەدەن، کە ئەمرۆ هەموومان لەگەڵ خۆمان دەیلێینەوە،و بە باوەڕەوە لە گەڵیدا دەژین. لەوانە سرودی نەتەوەی و پێشمەرگە و ئالای کوردستانن، کەهەموویان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبوونەو هەر لەوێش مانایەکی تایبەتیان وەرگرتووە، و ئەمرۆش بێگومان لەهەموو پارچەکانی کوردستان هەڵگری ئەو مانایەن،و رۆژانە نەوەی نوێ لەبەردەم ئەو ئالایە دەست لەسەر سینگ دەوەستن و سرودی ئەی رەقیب دەڵێنەوە،و پێشمەرگەش هێمای پاراستنی جوانییەکانەو جیهان وەکوو پارێزەری ئاشتی سەیری دەکات.

هاوتەریب لەگەڵ ئەڵاو پێشمەرگەو ئەی ڕەقیب دا مێژووی خەباتی ڕەزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەڕۆژهەڵات مانایەکی تایبەتی بە هەندێک مرۆڤی شۆرشگێری نەتەوەی داوە، ئەویش "بەندکراوی سیاسی"یە. وەکوو چۆن لەژێر سایەی یەکەم سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان، واتا پێشەوامان قازی محەمەد دا پێشمەرگەو ئاڵا لەدایک دەبن،و سوێند بەئاڵای کوردستان دەخوات کە بیپارێزێت، هەر ئاواش پێشەوا دوای گەلەکۆمەکردنی ناوچەی و جیهانی لە کۆماری کوردستان، شاری مەهاباد چۆل ناکات،و لەلایەن پەهلەوییەکان دەستەبەسەر دەکرێت، و حوکمی ئیعدامیشی بەسەردا دەسەپێنن. بەڵام بەندیخانەی ڕێژیمی ئەوکاتی ئێران نەک ناتوانێ چۆک بەپێشەوا دابدات، بەڵکو سەکۆی دادگا تەشریفاتییەکەی غوڵام حوسێنی عەزیمی دەکاتە تریبوونی گەیاندنی دەنگی کورد بەجیهان. لە دادگادا بەگوتەی سەروان شەریفی کە پارێزەری پێشەوا بووە، ئەوە قازی محەمەد بووە کە حکومەتی دادگایی کردووە. ڕۆژنامەنووس "نەجەفقولی پسیان" وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند ڕستەدا کورت دەکاتەوە و دەنووسێ: "لە کاتی دادگاییدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانەوە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین." لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی سلیمان لە نووسراوەکانیدا دەڵێ: "قازی گوتی: تەواوی ئەم بەسەرهات و ڕووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بە خائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ، ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست.

کەواتا دەستەواژەی بەندکراوی سیاسی یان زیندانی سیاسیش لەکۆمارو لەژێر سایەی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوای کوردان وەها مانایەکی پەیداکرد، کە ئەمرۆ بوون بە "زیندانیی سیاسیی" لەلایەک شەرەف و شانازییەو لەلایەکی دیکەشەوە ئەرک و بەرپرسیاریەتییە. بەندکراوی سیاسیی مرۆڤێکی شوناسخوازە کە لەپێناو خەڵک و نیشتمانی خەڵکەکەی لەبەندایە، بەندکراوی سیاسیی کورد هەرگیز باوەری بە دادگای داگیرکەر نیە، بەڵکو بە دەنگی دلێری خۆی و هەندێک کاتیش بەخوێنی خۆی لێپرسینەوە لە زاڵم و داگیرکەر دەکات، لەفەلسەفەی سیاسیی پێشەوادا زیندانی سیاسیی کورد و زیندانبان جێگۆرکێیان پێدەکرێت، و هەمیشە "زیندانبانە" کە بەندی زوڵم و ترسەکەیەتی، و بەندکراوە سیاسییەکەش لەپشت میلەکانی زیندان سەربەست و سەربەرزە. لەفەلسەفەی پێشەوا قازی محەممەدو و بەندکراوانی سیاسیی کورددا بەندیخانە دوایین کونجی ژیانی مرۆڤ نیە، تەنانەت ئەگەر حوکمی سێدارەشی بەسەردا سەپێندرابێت، بەڵکو بەندیخانە بۆ ئەوان شوێن و قۆناغێکی دیکەی

خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەییە، بۆ ئەوەی خۆڕاگری و ڕەوایی نەتەوەیەک یەکەمجار بەگوێی زیندانبانەکان و ئینجا بەگوێی ڕای گشتی جیهاندا بدات. بەندکراوی سیاسیی کورد لەڕۆژهەڵات مادام لەرووی جەستەییەوە بەندکراوە، خۆنەویستە،و لەیەکەم چرکەساتیشدا دەزانێت کە ئەگەری شەهیدبوونیشی هەیە، بەڵام خۆڕاگرەو بەهێزو چاونەترسە، چونکە لە پێشەوا فێربووە کە بەئازادی لەزینداندا بژیت.

هەر ئەوەش وایکردووە کە بەندکراوە سیاسییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەڕۆژهەڵات ئەمڕۆ بەخۆڕاگری و ورەو گڕوتینێکی بێوێنەوە لەنێو بەندیخانە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا پەیامێکی سپی سپی بەرای گشتی ڕۆژهەڵات و ناوچەکەو جیهان بدەن. ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵ دەدات کە بەندکراوە سیاسییەکانی کورد لەژێر ئەشکەنجە ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێ بکات، ساڵانێکە گیوتین هەڵگرەکانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران خەریکی ئازاردانی بنەماڵەکانی ئەو بەندکراوە سیاسیانەن، و هاوکات نێوەنێوەش هەندێکیان لەسێدارە دەدەن، بۆ ئەوەی ورەی ئەوانیتر دابەزێنن، بەڵام زیاتر لە ٢٠ بەندکراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان نزیکەی ٢٠ ساڵە لە بەندیخانە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دان، بەڵام ورەیان دانەبەزیوەو بە حەماسەتی جارانەوە مامەڵەیەکی سەربەرزانە لەگەڵ ئەو قۆناغە لەخەباتەکەیان دەکەن. لە مەکتەبی دیموکراتدا کە هەوێنەکەی لە پێشەوا وەرگرتووە، بەندکراوی سیاسیی موڵکی گەلە،و پەیوەندی نێوان گەل و بەندکراوی سیاسیی پەیوەندییەکەی پتەو و بەردەوام و ئەخلاقییە. هەربۆیەش بەرادەی خۆڕاگری بەندکراوە سیاسییەکان نوخبەی سیاسی و ڕای گشتی ڕۆژهەڵاتیش ئەرک و بەرپرسیارییەتی لەسەرشانە. بەرپرسیارییەتی خاوەنداریەتیکردن لە بەندکراوە سیاسییەکان تەنیا خاوەندارییەتیکردن لە جەستەی ئەو تێکۆشەرانە نیە، بەڵکو خاوەندارییەتیکردنە لە ئازادی و خۆنەویستی و نیشتمانپەرەستی و کۆڵنەدان. بێگومانیش حیزبی دیموکراتی کوردستان خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئەو چەمکانەیە کە لەپێناویدا بەهەزاران شەهیدی داوەو بەسەدان بەندکراوی سەربەرزیشی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## دەکرا "رەزازی" وەکوو "شوانپەروەر" بە پرۆسەی ئاشتیدا چووبا تاران

بە پێی ئەو هەواڵانەی بڵاوبوونەتەوە؛ لەچەند رۆژی رابردوو ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامی ئێران مۆڵەتی بە ئەڵبۆمێکی گۆرانی گۆرانیبێژی دیاری شۆرشی رۆژهەڵاتی کوردستان ناسر رەزازی داوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە لە میدیاکانی رۆژهەڵات و لەناو نوخبەی رۆژهەڵات کەمترین باسی لێوەکرا. ئەو هەنگاوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ناکرێ بەبێ بەرنامەو لەبەرچاوی رەشی کورد بێت، هەربۆیەش پێویستە بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هاوشێوەی ئەو رووداوە لەساڵی رابردوو لەباکووری کوردستان روویدا، کاتێک گۆرانیبێژی باکووری کوردستان شوان پەروەر لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی دوای چەندین دەیە سەردانی ئامەدی کردو، لەلایەن رەجەب تەیب ئەردوغانی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی تورکیا پێشوازی لێکرا. بەڵام چوونی دەنگی ناسر رەزازی بۆ رۆژهەڵات لەگەڵ چوونەوەی دەنگی شوان پەروەر بۆ باکوور زۆر جیاوازن. ئەوەی شوان پەروەر بەرهەمی پرۆسەیەکی ئاشتی لەنێوان هێزە کوردییەکان، بەڵام لەرۆژهەڵاتی کوردستان پرۆسەیەکی ئاشتی لەنێوان نوخبەی سیاسی شۆرشگێرو تاران لەئارادانیە. لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی تورکیا بۆ دەرخستنی نیەت پاکی بۆ پێشڤەچوونی پرۆسەی ئاشتی پێشوازی لە شوان پەروەر کرد، بەڵام تاکوو ئێستا ٣٠ ساڵە هیچ نیەت پاکییەک لە کۆماری ئیسلامی ئێران بەنیسبەت کورد نەبینراوە. لەکۆماری تورکیادا هەندێک چاکسازی ریشەیی بەرامبەر گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان دەستی پێکردووەو، لەئێستادا کوردەکان لە میانەرۆوەوە بگرە هەتا ئەوپەری توندرەوەکان دەتوانن لەشەقامەکانی ئەنکارا و ئیستانبول خۆپێشاندان بکەن و، زمانی کوردیش لەزانکۆکان بەفەرمی دەخوێندرێت و، بەشێکیش لەزیندانییە سیاسییەکان ئازاد کراون و، گۆرانی وتنی شوان پەروەریش هەنگاوێکی دیکەی ناو پرۆسەیەکی سیاسیی دیاریکراوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران تاکوو ئێستاش نەک لاپەرەیەکی نوێی لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی هەڵنەداوەتەوە، بگرە رۆژ لەگەڵ رۆژ زۆرتر ئینکاری هەبوونی کورد نەک وەکوو نەتەوەیەک بگرە وەکوو هاووڵاتییەکی پلە یەکیش دەکات.

بڵاوبوونەوەی بەرهەمی هونەرمەندانی کورد بەشێوەیەکی فەرمی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەک خراپ نیە، بەڵکو

زۆریش باشە، و دەبێ بە خۆشبینییەوە سەیر بکرێت، بەڵام مۆڵەتدانی لەناکاو بە ئەڵبۆمی پێشمەرگەیەکی هونەرمەند و سروودبێژێکی وەکوو ناسر رەزازی گومانەکانی لە دڵخۆشییەکانی زۆرترە. چونکە خۆدی ناسر رەزازی بەشێکە لە پرۆسەی خەباتی شۆرشگێرانەو نەتەوەیی رۆژهەلاتی کوردستان و، دەبێ چوونەوەی بۆ رۆژهەلات بە جەستە بێت یان بە بەرهەم دەبێ بەپرۆسەیەکی ئاشتەوایی ئاساییدا تێبپەرێت. بەڵام بۆ وانەبوو؟ دەکرێ دوو گۆشەنیگای هەبێت. یەکەم نەدەبووا هونەرمەند کاک ناسر رەزازی ئیزنی دابا بە ناوی ئەوەوە داوای مۆلەتی بڵاببوونەوەی گۆرانییەکانی لە دەسەلاتێکی دژە کوردی وەکوو کۆماری ئیسلامی بکرێ، چونکە لە بنەمادا هیچ شتێک لە ئێران بە نیسبەت کورد نەگۆراوەو، بەفەرمی ناساندنی ئیرشادی ئیسلامی ئێران پشتگوێ خستنی دەیان و بگرە سەدان بریاری دژە کلتوورو زمان و هونەری کوردە لەلایەن ئەو سیستەمەوە، هەر بۆیەش ئاساییە بپرسین کە سیستمێک کە رێگە بەخوێندنی زمانی کوردی نادات و، ساڵانە دەیان کۆنسێرتی کوردی رەت دەکاتەوەو، رۆژانەش ناوەندە کلتوورییەکانی وەکوو ئەحمەدی خانی لەورمێ دادەخات، ئێستا هاتووە رێگە بە بڵاوبوونەوەی ئەڵبۆمی هونەرمەندێک، ئەویش کەسێک وەکوو ناسر رەزازی دەدات. هەربۆیەش سەرەتا نەدەبووا کاک ناسر رێگەی دابا هیچ کەسێک داوای مۆڵەت لەسەر حیسابی ئەو لە وەزارەتێکی دژە کلتوورو کەڵەپووری کوردی وەکوو سازمانی ئیرشادی ئیسلامی بکات.

بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەوێ لەدەرەوەی پرۆسە جەماوەرییەکان کە هێزە سیاسییەکان نوێنەرایەتیان دەکات، رەوایی بە شێوازێک لەدەرەوەی رێرەوە ئاساییەکەی خۆی بدات. زۆرجاران کۆماری ئیسلامی ئێران بە سیناریۆی جیاواز ویستوویەتی مەشروعیەت بەهێزێکی دیکەی کوردی بدات، بۆ ئەوەی بەگوتەی خۆیان چاوی خەڵک لەسەر هێزە سیاسییەکان لاببات،و بەوتەی تیۆریسیەنە سیاسییەکانیان، هێزە کوردییە جەماوەرییەکان بخاتە دەرەوەی بازنەکەوە. بەڵام لەکەس شاراوە نیە کە هیچ پرۆسەیەکی ئیسلاحی و ئینقلابی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ بەشداریی حیزبە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە خاکی نیشتمان نەک سەرناگرێت، بەڵکو دەستیش پێناکات، چونکە رۆژهەڵاتی کوردستان بە باوەرو خوێنەوە نوێنەرایەتی خۆیان بەو حزبانە داوە. هەربۆیەش پێویست بوو کە کاک ناسر وەکوو هونەرمەندێکی شۆرشگێر لەپرۆسەیەکی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان کوردستان و تاران بە سەرکردایەتی هێزە سیاسییەکان مۆلەتی لە وەزارەتی ئیرشاد وەرگرتبا،

لەوکاتدا نەک پێویستی بەمۆلەت وەرگرتن لە سازمانێک کە کوڕی جەنەتی سەرپرشتی دەکات، نەدەبوو، بەڵکو

لەپرۆسەیەکی هاوسەنگدا ڕەزازی و کەسانی وەک بەڕێزیان وەکوو پەیامی ئاشتی و نیەتپاکی بانگهێشتی سنەو مەهاباد دەکران. لەوکاتدا سەنگی سیاسەت و هونەری شۆرشگێری کوردی لەرۆژهەڵات قوورسایی راستەقینەی خۆی وەردەگرت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠١٥

## سیاسەتی "هەناردەکردنی ئینقلابی ئیسلامی" و بەرهەمەکانی

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە دوو ئاراستەی ناوخۆی و دەرەکی پەیرەو کردووە، لەناوخۆ پاکتاوکردنی نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکان و بێدەنگکردنی رەخنەگرو هەموو ئەوانەی وەکوو کەمینەی ئاخووندی دەسەلاتدار بیر ناکەنەوە. لە دەرەوەش کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەسەرەتاوە ویستوویەتی هێلێکی شیعی لەپێناو گواستنەوەی قەیرانە ناوخۆییەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بکێشێتەوە، ئەو هێڵەی لە نەجەف و کەربەلاوە دەستپێدەکات و لە سوریا و لوبنان وەکوو کارتی گوشاری ناوچەیی دەچەسپێت. ئێستاش سەرەداوی سوپای پاسداران لە یەمەن و بەحرەینیش دەبینرێت. ساڵانە لە بوودجەی خەڵکی رەش و رووتی ئێران بە سەدان ملیۆن دۆلار لە سیاسەتی دروستکردنی هێلی شیعی بۆ سەرقاڵکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خەرج دەکرێت، بۆ ئەوەی بەگوتەی دارێژەرانی ئەو ستراتیژییە "ئینقلابی ئیسلامی ئێران" هەناردەی وڵاتانی جیهان بکرێت. ئینقلابێک کە لە ١٣٥٧-ی هەتاوی لەسەرشانی سەرجەم نەتەوەکانی ئێران کراو، دوای ماوەیەک مەلا توندرەوەکان لەسەر خوانی حازری دانیشتن و، ئێرانیان گەیاندە شوێنێک کە ئێستا وەکوو بێزراوترین وڵاتی جیهان لەرووی سیاسیی و گەندەڵترین سیستەمی حکومەتداری لەرووی دەوڵەتداری و، هاوکات لە ریزی دیکتاتۆرترین و داخراوترین سیستەمی سیاسیی و کۆمەلایەتی جیهانی دا جێ دەگرێ. ئەوانە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ئێستا یەکێک لە وڵاتە هەژارەکانی جیهان لەرووی بەهای ئەرز و هەڵاوسانی ئابووریشە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران وایانکرد کە دەرهاویشتە بەردەستەکانی ئینقلابەکەیان ئەو باکگراوەندە رەش و کاولکارییە بێت، کە باس کرا. لەگەڵ ئەوەشدا سوپای پاسداران دەیهەوێ بەئایدیۆلۆژیای شیعە ئەو ئینقلابە هەناردەی جیهان بکات، و ئێستاش لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە رژێمی بەعسی سوریا و بەشێک لەشیعەکانی عێراق و حیزبولای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن دەیهەوێت، بازنەیەکی ئەمین بۆ خۆی دروست بکات و، جیهان بەو قەیرانانە سەرقال بکات، کەخۆی لەژێر پاساوی "هیلالی شیعە" و "هەناردەکردنی ئینقلاب" دروستیان دەکات. بەڵام ئەو سیاسەتە دۆراوەی ئێران نەک نەیتوانیوە ئاراستەی رای گشتی ولاتانی رۆژئاوا بەنیسبەت ئێران بگۆرێت، بەڵکو وایکردووە وڵاتانی کەنداو و لەسەرووی هەموشیانەوە عەرەبستانی سعودی، ئێران بەگەورەترین دوژمنی خۆیان بزانن، بەرادەیەک کە مەلیک سەلمان عەبدولعەزیز وەکوو پاشای نوێی عەرەبستان لەیەکەم لێدوانی خۆیدا رایگەیاندووە کە "بەهیچ شێوەیەک وڵاتەکەی قبووڵی ئێرانێکی ئەتۆمی ناکات" و، هاوپەیمانییەتەکەشی لەگەڵ ئەمریکا بەستۆتەوە بە تووندبوونی رۆژئاوا بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران. جگە لەسعودی، وڵاتانی ئیمارات و قەتەرو ئۆردۆن و بەگشتی وڵاتە سوننەکانی کەنداو شەرێکی ساردی رانەگەیاندراویان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە. وێرایی هەموو ئەوانەش تورکیەی دراوسێ نزیکەکەی ئێرانیش ئێستا چووەتە ناو لیستی دوژمنەکانی ئێران و، لەو یەک دوو ساڵەی رابردوو تورکیە و ئێران نێوانیان لەهەموو کات زیاتر تێکچووە. بەشێوەیەک کە ئەگەر قەیرانی سووریە روویندابا، بڕیاربوو سەکۆی موشەکی ئەمریکا کە بە "تەونی جالجالۆکەی موشەکی" ناسراوە لە سەرسنوورەکانی ئێران و تورکیا دابمەزرێت.

دوای ٣٦ ساڵ بیرۆکەی "هەناردەکردنی ئینقلاب"ی ئێران، وایکردووە جگە لەوەی هەموو وڵاتانی ناوچەی لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران داناوە، هاوکات وڵاتە بچووک و هاوپەیمانەکانی وەکوو ئەفغانستان و تاجیکستان و ئۆزبەکستان و تورکەمنستانیش بکەونە بازنەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا، و تەنانەت لەساڵی رابردوودا چەندین جار خەڵکی ئەفغانستان لەدژی سیاسەتەکانی ئێران هاتنە سەر شەقامەکان. لەگەڵ ئەوانەش گواستنەوەی هێلی ترانزیتی پرۆژەی غازی "نابۆکۆ" کە بڕیاربوو بەئێراندا بڕوات، دوا فیشەکی وڵاتانی ناوچەو جیهان بەپەیکەری نەخۆشی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.

خولیای هێڵ و ئیمپراتۆرییەتی شیعە نەک نەیتوانی قەیرانەکانی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی بگوازێتەوە، بەڵکو لەهەموو کات زیاتر ئەو سیستەمە دیکتاتۆرە مەزهەبییەی لەجیهان بێزرواتر کرد، خەیالی هەناردەکردنی ئینقلابی

شیعە، تەنیا برسییەتی و گۆشەگیری بۆ نەتەوەکانی ئێران هاوردە کردووە، ساڵانە بەسەدان ملیۆن دۆلاری خەڵکی ئێران لە سوریە و لوبنان و بەحرەین و یەمەندا خەرج دەکرێت. ئەمرۆ دوای ٣٦ ساڵ ئینقلابی ئیسلامی ئێران نەک هەناردەی وڵاتانی ناوچە نەکراوە، بەڵکو ئێران خۆی وەکوو گەورەترین وڵاتی پشتیوانیکەر لە تیرۆریزمی جیهانی و ناوچەیی دەناسرێت، و سەرەڕۆییەکانی ئەو سیستەمە مەزهەبییە وایکرد کە ئێستا کوردستان و ناوچەو جیهان لەژێر مەترسیی گروپێکی تیرۆریستی سووننە مەزهەب دا بێت. گروپی تیرۆریستی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" لەلایەن سەلەفیی تەکفیری یەوە پشتیوانیی دەکرێت، و وەکوو هێڵێکی توندڕەوی سوونی بەرامبەر هێڵە شیعەکەی ئێران ئاراستەکراوە، هەربۆیەش وڵاتانی سوونی کەنداو و تورکیە لەبەرامبەر کوشتارەکانی داعشدا راستەوخۆو ناراستەوخۆ بێدەنگیان هەڵبژاردووە، چونکە پێدەچێت ئەوانیش حەز بەداعشێکی سوونی لەبەرامبەر سوپای پاسدارانی شیعە لەناوچەدا بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی فێبریوێری ٢٠١٥

---

## پوڵی "پیس" دەسەڵاتی "خاوێن" دروست ناکات

بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لەوانەیە "لە دمی دەرچوو بێ" ، رایانگەیاند کە پوڵی "پیس" کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی ناو سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبووە. پوڵی "پیس" بە قەولی خۆیان بەو پووڵە دەوترێ کە لە فرۆشتن و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان دەست دەکەوێت. واتا بەشێک لەو پولە خزاوەتە ناو سیاسەت و بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ هەندێک لایەنی دیاریکراو کەڵکی لێوەرگیراوە!!

بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە دوو رووی هەیە، لەلایەک ساڵانە ١٠ هەزار ملیار تمەن پارەی بەدەستهاتوو لە بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەر دەستاودەستی پێدەکرێت، و رێک ١٠ هەزار ملیار تمەنی دیکەش لەترانزێتی ماددەی هۆشبەردا وەگەر دەخرێت، ئەو ٢٠ هەزار ملیار تمەنە دوو لەسەر سێی بودجەی وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری هەموو

ئێران دەکات. هەربۆیەش ئاساییە کە هەندێک لە دامەزراوە دەسەڵاتدارەکانی وەکوو سوپای پاسداران واز لەو رێژە پارە زۆرە نەهێن. جا ئەگەر راستەوخۆش نەبێت، ئاوا بەمشێوەیەی کە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بڵاویان کردۆتەوە، لەرێگەی کاریگەریدانانی بازرگانە گەورەکانی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر سیاسەت و هەڵبژاردن ئەو کارە بکەن.

ئەو مەسەلەیە هەر ئەوەندەش نیە، بەڵکو سوپای پاسداران لە ئێستادا لەوڵاتانی فیلیپین و مالیزیا و چین بازرگانی بەماددەی هۆشبەر دەکات، و هاوکات لەرێگەی تۆڕی هاوتەریبیش قاچاخی پوڵیش دەکات، بۆ ئەوەی لەو رێگەیە داهاتی چالاکییە چەکداری و سیخورییەکانی خۆی لە پاکستان و ئەفغانستان و تاجیکستان و لوبنان و سوریا و ئاسیای رۆژهەڵات دابین بکات. ئەو دزیی و قاچاخەی سوپای پاسداران بەشێوەیەک ئاشکرابووە کە ئێستا یەکێتی ئەورووپا بەدوای ٨٠ بازرگانی ماددەی هۆشبەرو کۆمپانیای ئێرانیدان کە راستەوخۆ لەگەڵ سوپای پاسداران لە پەیوەندیدان. چەند رۆژ لەمەوبەریش رۆژنامەی "نیویۆرک تایمز" لەراپۆرتێکدا پەردەی لەسەر هەموو ئەو بازرگانانە لادا کە پەیوەندیان بەسوپای پاسدارانەوە هەیەو قاچاخی نێودەوڵەتی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن. کەوابوو کاتێ کە باس لە سوپای پاسداران دەکرێت، مانای باڵێکی دەستڕۆیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەیەنێت کە رێبەری ئەم نیزامە واتە خامنەییش پشتیوانیان دەکات و هەموو ئوسولگەراکانیش ئەندام یان پشتیوانی ئەو سوپا ترسناکەن. هەربۆیەش کە ناوی سوپای پاسداران لەو بازرگانیانەدا دێت، واتا هەموو دەسەڵاتدارانی ئێران خۆیان بەشێک لەو پوڵە "پیسەن"، هەربۆیەش ناتوانن زات و سیستەم و حکومەتێکی خاوێنیان هەبێت.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەسەرەتاوە دیاربوو کە ئەو سیستەمە ئالوودەیە بە ماددەو بیرۆکەی هۆشبەر، چونکە ئەگەر حکومەتێک هۆشی هەبێت، رۆژانە گەنجانی وڵاتەکەی لەبەردەم خەڵکدا لەسێدارە نادات، و ژنان لەبەرچاوی خەڵک سەنگسار ناکات. ئەگەر حکومەتێک ئالوودە نەبێت بەماددەی هۆشبەر خەڵکەکەی لەبرسان ناکوژێت، و بنەماڵەکان لەنەداری و هەژاری دا ئاوارەی سەر شەقامەکان ناکات. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران هۆشیان نەماوە،و وەکوو موعتادێک دەچن کە ماددەیان لێبراوە، چونکە وەکوو چۆن باوکێکی موعتاد روحم بە منداڵەکانی ناکات، ئەو حکومەتەش روحم بە خەڵکەکەی ناکات، و پوڵی ئەو خەڵکە هەژارو رەشورووتە لە سەرخۆشییەکانی بڵاوکردنەوەی ئیمپراتۆری شیعەو دروستکردنی میلیشیا چەکدارەکان خەرج دەکات. ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران

بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ڕوونە، هەربۆیەش بە هەواڵی تێکەڵبوونی پوڵی ماددەی هۆشبەر بە سیاسەت و هەڵبژاردنەکان سەری سوورنەما، ئەگەرچی بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە زۆر کەس و وڵاتی جیهانیشی تووشی شۆک کرد. خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژساڵە دەزانێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئالوودە بووە، و دەستی بەخوێنی هەزاران کورد سوور بووە،و ئێستاش گەنجانی رۆژهەڵات بەماددەی هۆشبەر موعتاد دەکات،و پوڵەکەشی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکار دەهێنن. هەمووی ئەوانە دەریدەخات کە ناکرێ بە پوڵی "پیس" چاوەڕێی دەسەڵات و حکومەتێکی "خاوێن" لەکۆماری ئیسلامی ئێران بکەین،

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٥

---

## پێویستە کورد بەوریاییەوە سەیری تەراتێنی سوپای پاسداران لەناوچەکەدا بکات

عەلی یونسی یاریدەدەری سەرۆککۆماری ئێران بۆ کاروباری نەتەوەو ئایینەکانی ناو ئێران لە کۆنفرانسی "شوناسی ئێرانی" دا رایگەیاندووە کە عێراق جگە لەوەی شارەستانییەتی ئەوانە، هاوکات "شوناس" و "کەڵتوور" و "ناوەند" و "پایتەخت"ی ئەوانیشە. ئەو وتەیەی یونسی کە بڕیاربوو پارێزەری مافی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بێت، جێگەی هەڵوێست لەسەر کردنە. ئەو باسە لەلایەن بەرپرسێکی ئەمنیەتی و سیاسیی گرنگی ئێران لەکاتێکدایە کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقیعدا سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەنعا و بەیروت و بەغداو دیمەشقدا باڵادەستن، ئەو باڵادەستییە بەشێوەیەکە کە بنیامین ناتانیاهو لەکۆنگرێسی ئەمریکا وەک هەرەشەیەک بە گوێی هەموو جیهانی دا دا.

عەلی یونسی هەر لەو کۆنفرانسەدا دەڵێ: جوگرافیاو کەڵتووری ئێران و عێراق لەیەک جیا ناکرێنەوە، یان دەبێ لەگەڵ یەکتر بەشەر بێین و یان دەبێ ببین بە یەک. یونسی هەموو وڵاتانی ناوچە بە بەشێک لە ئێران دەزانێت، و ئەوەش پاساوێکی مێژووییە بۆ ئەوەی ئێران بەرژەوەندییە سیاسیی و مەزهەبییە تاکڕەوانەکانی بەدی بهێنێت.

لەئێستادا سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر بەوردی و بەخێرایی خەریکە نفووزی خۆی لەوڵاتانی ناوچەدا زۆرتر دەکات،و هەتا رادەیەکیش لەژێر ناوی شەری دژە داعش مەشروعیەتیشی وەرگرتووە، و ئێستا بەهەموو هێزییەوە لەعێراق دایەو لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستانیش دەبینرێن. بەڵام هەمووی ئەوانە بۆ بەلاڕێ دابردنی سرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، بۆ ئەوەی هیچ دەرفەتێک بەرای گشتی جیهانی نەدەن، ئاور لە کارەسات و کێشە ناوخۆییەکانی ئێران بدەنەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران باش دەزانێت کە ئیسرائیل بەوان لەناو ناچێت، و هاوکات ناتوانن بەربەستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نوێ بن، یانیش بەکردەوە دژایەتی وڵاتانی سووننەی کەنداو بکەن، بەڵام لەسیاسەتدا باش لەوە تێگەیشتوون کە دەبێ شەڕەکان لەپشت دەرگاکانی ماڵی خۆیان بکرێن، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان مودیرییەتی ململانێکانی ناوخۆی وڵات بە قازانجی خۆیان و دژ بە دژبەرانیان بکەن.

رەنگە ئەو وڵاتانەی سەروەری وڵاتەکانیان رادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە، لەماهیەتی ئەو رژێمە تێنەگەیشتبن، یانیش ئەوەندە بێ هێزن کە بە هەنگوینی ژەهراویکراوی سوپای پاسداران رازی بن، چونکە کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەت و خەڵکی ئێران بەگشتی دەزانن، کە ئەو رژێمەی کە ئێستا بەشار ئەسەد و حەیدەر عبادی بە فریادرەسی دەزانن، تا چ رادەیەک ترسناک و دڕندەو دواکەوتوویە. ئەو رژێمەی کە شۆرش هاوردەی یەمەن و بەحرەین دەکات، خۆی دوای شۆرشی گەلانی ئێران بەخوێنرێژی و داخراویی و ستەمکارییەوە هەتا ئێرەی هێناوە، ئەو فریادرەسە لەرووی ئابوورییەوە بەرەو داتەپین دەچێت، لەرووی ئازادیی رادەربڕینەوە ناو لە کۆتایی ریزبەندیە جیهانییەکاندایە،و لەرووی کۆمەڵایەتیەوە تووشی دارمانێکی گەورەی ئەخلاقی هاتووە، کە لە هەژاری و ئێعتیاد بەمادده سڕکەرەکان کەوتۆتەوە.

هەمووی ئەوانە لەلایەک و نزیکبوونەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردەکانی باکوورو باشووریش لەلایەک. لەهاوکێشە ناوچەیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەو دوو پارچەیەی کوردستان بۆ ئێران زۆر گرنگن، و پیلان و بەرنامەی تایبەتیشی بۆیان هەیە، لەلایەک ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەوێ لە پرسی رەوای کورد لە باکووری کوردستان بە قازانجی ئامانجە ناڕەواکانی خۆی وەک کارتێکی گوشار بۆ سەر تورکیە و ئیمپراتۆریەتی نوێی عوسمانی بەکاربهێنێت، و لەباشووری کوردستانیش هەموو هەوڵی ئێران ئەوەیە کە ئەو هەرێمە فیدراڵی یە

بە چاولەدەستی خۆی بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی کورد لەباشوور لەهاوکێشە جیهانی و ناوچەیەکان بیر لەخۆنزیکردنەوەی کرداری لەئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا نەکاتەوە. نموونەکەشی، زوو بەهاناوە هاتنی ئێران لەشەری بەرامبەر داعش بوو. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەش تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران دانی بە هەرێمی کوردستان وەکوو هەرێمێکی یاسایی نەناوەو و لەباکووریش، ئێران نەیشاردۆتەوە کە حەز بە دروشمی نەتەوەیی لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە ناکات. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەش لەئێستاو رابردوودا کۆماری ئیسلامی ئێران رێکەوتن و بریارە کۆتاییەکانی لەگەڵ ئەنکارا و دیمەشق و بەغدا کردووە،و هیچ حیسابێکی بۆ کورد نەکردووە.

هەربۆیەش کورد دەبێ بەوریاییەوە لەتەراتێنی سوپای پاسداران لە ناوچەکە بڕوانێت و هەموو هێلکەکانی نەخاتە زەمبیلی ئێرانەوە، ئێرانێک کە مەبەستییەتی کوردەکان لەکارتی ئەو بن و لەهاوکێشەکانیشدا پشکیان نەدات و لەهەمووی ئەوانەش گرنگترو مەترسیدارتر بەرامبەر یەکتر بەکاریان بهێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٥

---

## لێکگەیشتنی لۆزان و بەشی ئێران

کاتژمێرێک دوای ئەوەی وڵاتانی پێنج کۆیەک و کۆماری ئیسلامی ئێران لە لۆزان نەخشەرێگەی گەیشتن بەرێکەوتنی ئەتۆمیان واژۆکرد، لێکدانەوە جیاوازەکانی هەردوو لای دانووستاندنەکان دەرکەوتن. سەرۆکۆماری ئەمریکا باراک ئۆباما لەبەردەم کۆشکی سپی رایگەیاند کە سەرجەم بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دادەخرێن، و لابردنی گەمارۆکانیش هەنگاوبەهەنگاو دەبێت، بەڵام لەتاران رۆحانی بەتەلەفزیۆنی دەوڵەتی راگەیاند کە پیتاندیۆمی یۆرانیۆم خاو دەبێتەوە، بەڵام ناوەستێت، و دەبێ هەموو گەمارۆکانیش لەسەر ئێران لابچێت.

بەڵام لەراستیدا ئەوەی لەنەخشەرێگەکەدا هاتووەو، هەردوو لایەنیش واژۆیان لەسەر کردووە، بەمشێوەیە کە هەتا دوا وادەی گفتوگۆکان لەهاوینی ئەمساڵدا دەبێ کۆماری ئیسلامی ئێران سەرجەم داواکانی وڵاتانی رۆژئاوا جێبەجێ

بکات، جا ئەوکات گەمارۆی یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی پێشڤەچوونی بەڵێنەکانی ئێران لادەچێت، و گەمارۆکانی کۆنگرەی ئەمریکاش وەکوو خۆی دەمێنێتەوە. لەو سیناریۆیەدا دەردەکەوێت، کە وەفدی دانووستاندکاری کۆماری ئیسلامی ئێران پاشەکشەیەکی گەورەی کردووە، بەڵام بۆ رازیکردنی تووندرەوەکانی ناو سیستەم خوێندنەوەی دیکەیان بۆ مەسەلەکە کرد، ئەو دڵخۆشییەک زۆری نەبرد، و ئەمریکا ١٠ رۆژ دوای دانیشتنەکانی لۆزان گەمارۆی خستە سەر بانکێکی دیکەی ئێرانیش. ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە هۆشداری بدەنە بەرپرسانی ئێران کە لەدڵخۆشکردنی خەڵک و فریودانیان زێدەرۆیی نەکەن.

کەواتە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆچی ئامادەبوو ئەو ماراسۆنە دیپلۆماسییە قبووڵ بکات؟ یەکەم هۆکار ئەوەیە کە هیچ پارەیەکی جیهانی (ئەرز) وەکوو دۆلارو یۆرۆ نەدەهاتە ناو سنوورەکانی ئێران، و زیاتر لەساڵێک بوو تەنیا تمەن سووری بانکی ناوخۆی دەکرد، هاوکات تەنیا چین و هەندێک وڵاتی بچووکی دیکە نەوتیان لە ئێران دەکڕی و دوای ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەڕەشەی لەچین کرد، ئەویش پاشگەز بووەوە، هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە رێگەی هاتنی کەرەستەی پێویست بە دروستکردن یان نۆژەنکردنەوەی کەشتی و فرۆکە و تەنانەت ئۆتۆمبێلیش لەئێران گیرا، ئەوەش واتای ئیفلیجکردنی پیشەسازی و لەسەرووی هەمووشیانەوە پیشەسازی دروستکردنی چەک لەئێران بوو. کەواتا لابردنی گەمارۆکان و ئەو پاشەکشەیەی ئێران کردوویەتی، لەپێناو خەڵکی ناوخۆی نییە، بەڵکو یەکەم بۆ رەواندنەوەی هێرش لەسەری و، دواتریش بۆ وەرگرتنەوەی پارە بلۆککراوەکانی و هاتنی کەرەستەو ئامێری پیشەسازی چەکی سووک و قورسییەتی. زۆر روون و ئاشکرایە کە دۆلارو چەک نەبوو، ئێرانیش لەناوچەدا گۆشەگیر دەبێت و ، ناتوانێ بەرنامەکانی لەسوریا و عێراق و لوبنان و یەمەن جێبەجێ بکات، و لەماوەی رابردوودا ئێران ٤ ملیار دۆلاری بە پارەی تمەن بە سوریا داوە، بۆ ئەوەی ئەوان پارەکە بگۆڕنەوە، ئەوەش واتای زەرەرێکی یەکجا گەورە دەگەیەنێت.

بەڵام ئایا وڵاتانی پێنج کۆ یەک ئەو دەرگایانەیان بەتەواوەتی لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردۆتەوە؟ ئەگەر زۆر بەهاکەزاییش سەیری بکەین، دەزانین کە گۆڵێکی گەورە لەئێران کراوە. چۆن؟

بەرلەهەموو شتێک بانکی ناوەندی ئەمریکا بەپێچەوانەی لێدوانەکانی ناوخۆی ئێران رایگەیاندووە کە گەمارۆکان هەنگاو بەهەنگاو هەڵدەگیرێن، واتا هەنگاوێک لەئێران و هەنگاوێک لەوان. ئەوە مانای ئەوەیە کە کۆماری

ئیسلامی ئێران دەبێ واز لەو رێژە لە سانتریفیوژ و پلۆتنیۆمەکەی بهێنێت، و لابردنی هەموو گەمارۆکان پەیوەستە بە هەڵگرتنی هەموو ئەو هەنگاوانەی وەفدی ئێرانی بەڵێنی داوە. ئەوەش چەککردنی ئێرانەو هەرگیز نابێتە خاوەن چەکی ئەتۆم. کەواتا جێبەجێکردنی رێکەوتنەکە زیاتر لە ٢٠ ساڵ ئێران لەچەکی ئەتۆم دوور دەکاتەوە.

ئێران لەسیاسەتی نێودەوڵەتی بەردەوام بەدوو باڵ کایەی کردووە، لەلایەک ترساندنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەچەکی ئەتۆمی و دووەمیش دەستێوەردان لەوڵاتانی ناوچەو بەرفراوانکردنی هەژموونی سیاسی-مەزهەبی خۆی. بەڵام هاوتەریب لەگەڵ گفتوگۆکانی لۆزان سعودیا و هاوپەیمانە عەرەبەکانی هێرشیان بۆ سەر حوسییەکانی یەمەن دەستپێکردو، حەماسیش لەفلەستین لێدوانی دژە ئێرانی دەدەن،و لەعێراقیش بینیمان لە تکریت هەتا فرۆکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان هەڵنەستان، حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بەیارمەتی سوپای پاسدارانیش توانای جولەیان نەبوو. هاوپەیمانە دوورەپەرێزەکەی ئێران واتا بەشار ئەسەدیش دەسەڵاتی بەسەر زیاتر لە دوو لەسەر سێی سوریادا ناشکێت. کەواتا کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەشدا هاوتەریب لەگەڵ پرسی ئەتۆمی چەککراوە. زلهێزانی جیهان تارادەیەک پێگەی ئێرانیان لەناوچەدا لاواز کردووە، کە ئەفغانستانی دراوسێ لاوازەکەی ئێرانیش پشتگیری لەسعودیا بۆ لێدانی حوسییەکان دەکات!

ئەگەر رێکەوتنامەکەی لۆزان هەتا هاوینی ئەمساڵ کەدوا وادەیە، جێبەجێبکرێت، هەردوو باڵی ئەتۆمی و هەژموونی ناوچەیی ئێران دەقرتێت. ئەوەش دۆڕانێکی مێژووییە و ئاشبەتاڵێکی سیاسیی گەورەیە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٥

## لە ئێران منداڵان بۆ ڕۆژێک بە ۱۵۰۰۰ تمەن بە کرێ دەدرێن"

### کڕین و فرۆشتنی منداڵ ئێران ماددەی هۆشبەر تاران

بە گوتەی بەرپرسانی ئێرانی کڕین و فرۆشتنی منداڵان لە شارە گەورەکانی ئەو وڵاتە بە تایبەت لە تاران زیادی کردووە و کرێی منداڵێک بۆ سواڵکردن بۆ ڕۆژێک ۱۵ هەزار تمەنە.

سەرۆکی ناوەندی خۆبەخشیی مانگی سوور، فەرەحناز ڕافێع بە ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ئێرانی ڕاگەیاند: "لە شارە گەورەکانی ئێران کڕین و فرۆشتن بە منداڵان دەکرێت و دواتریش بە مەبەستی سواڵکردن بە کرێ دەدرێن".

بە گوتەی ڕافێع: "لە تاران منداڵ بە دوو ملیۆن تمەن دەفرۆشرێت"، ئەو بڕەش دەکاتە نزیکەی ٦٠٠ دۆلاری ئەمریکیی.

فەرەحناز ڕافێع گوتی: "دایک و باوکی ئەو منداڵانە زیاتر ئالوودەی ماددەی هۆشبەرن و زۆرجار منداڵەکانیان بە بڕی ۱۵ هەزار تمەن کە دەکاتە ۳ دۆلاری ئەمریکیی بە کرێ دەدەن، ئەو کەسانەش کە منداڵ بەکرێ دەگرن، بۆ سواڵکردن بەکاریان دێنن".

پێشتریش شەهیندۆخت مۆلاوێردیی، یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری ژنان گوتبووی: "لە 15 هەزار کەسی بێ ماڵ وحاڵی ئێران زیاتر لە ٥ هەزاریان ژنن".

مانگی ڕابردوو، بەڕێوبەری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتی تاران، سیاوەش شەهریوەر ڕایگەیاند: "هەندێک لەو ژنانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەرن لە تاران منداڵە ساواکانیان بە بڕی ۱۰۰ بۆ ۲۰۰ هەزار تمەن دەفرۆشن".

سیاوەش شەهریوەر گوتی: "دیاردەی فرۆشتنی منداڵی ساوا ساڵانێکە لە گەڕەکی "هەرەندی"ی شاری تاران هەیە،

بەشێک لەو ژنانەی لە گەڕەکی هەرەند دەژین، بەمەبەستی فرۆشتنیان، منداڵیان دەبێت".

بەڕێوبەری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتیی تاران ئەوەشی خستەڕوو: "٨٠% ژنانی کرێکاری سێکسیی و ئاڵودەن بە ماددەی هۆشبەر کۆرپەکانیان هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن".

بە گوتەی ئەم بەرپرسەی شاری تاران، پێچەوانەی هەموو جیهان لە ئێران ڕێکخراو یان شوێنێک بۆ چاودێریکردنی ئەم ژنانە نییە.

ئا: ژیوار رەسووڵی، دارشتنەوە: لەیلا قادریی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٦

---

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و "سایکس - پیکۆ"

شەڕی یەکەمی جیهانی لەکاتێکدا دەستی پێکرد، کە رژێمی قاجار لەوپەڕی لاوازی خۆیدا بوو. "ئەحمەد شا"ی قاجار رێک لەو ساڵەدا تاجی پاشایەتی لە تەمەنی ١٨ ساڵی لەسەر کردبوو، بەڵام هەموو کارەکانی حکومەت لە لایەن "عەلائەدەوڵە" بەڕێوە دەچوو، هەر ئەوەیش بێ لایەنیی خۆی لە شەڕی جیهانیی یەکەم راگەیاند. ئەو بێ لایەنییەی ئێران لە راستیدا تەنیا خۆدزینەوە لە واقیعێک بوو، کە قاجارەکان دەیانزانی دەسەڵاتیان بەسەردا ناشکێت، هەربۆیە هاوسنووریی ئێران لەگەڵ عوسمانی و رووسیا و هاوکات تەراتێنی ئەڵمانیا و بەریتانیا و رووسیا و بگرە فەرانسا لەناو ئێران وایکرد، کە ئێران لەدەرەوەی دەسەڵات و ویستی خۆی بخزێتە ناو یەکەم شەری جیهانی. بێ دەسەڵاتی و لاوازاری قاجار وایکرد کە لەگەڵ یەکەم تەقەی شەر دەسەڵاتی هەر دوو مەڵبەندی ئازەربایجان و کوردستان بکەوێتە دەست رووس و عوسمانییەکان. لازارێف لە کتێبەکەیدا دەڵێ یەکەم تەقەی شەڕ لەرۆژهەڵاتی نزیکدا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە، نەک دەریای رەش. هەر ئەو کات نزیکەی چوار ساڵ رووس و

عوسمانی و بەریتانییەکان لەناو خاکی کوردستاندا بەیەکیاندا دادا،و بۆ کوردەکانیش هەرماڵوێرانی و ماڵ کاوڵی مایەوە. هێشتا باسی رێکەوتنی سایکس پیکۆ لەو دیوی سنوور هەر نەبوو، کە زلهێزەکانی ناوچەو جیهان لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەراتێنیان دەکرد. عوسمانییەکان کە ئیمپراتۆرییەکەیان لەهەموو لاوە بەرەو لاوازی دەچوو، لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی سوننە بوونیان توانیان "ئیعلامی جیهاد" بکەن، و سرنجی شێخ و مەلاو سەرۆک عەشیرەکان بۆخۆیان رابکێشن. دەوڵەتی رووسیا و عوسمانی گرنگییەکی تەواویان بە بەوتەی خۆیان بە کوردستانی ئێران دەدا. رووسەکان بەدوای بەشی خۆیان لە نەوتی ئێران بەگشتی و بازاری رۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو دراوسێ بەتایبەت بوون،و عوسمانییەکانیش بەدوای پڕکردنەوەی بۆشایی شکستەکانیان لەو دیوی ئیمپراتۆرییەتەکەیان واتا لەئەفریقیا بوون. رووسەکان لە ساڵەکانی ١٩١٤ بۆ ١٩١٦ لەنێو هۆزە کوردەکان جێ پێی خۆیان قایم کردبوو، و بە پێدانی بەڵێنی مادی و دەسەڵاتداری و بەتایبەت پێدانی چەک کەڵکێکی تەواویان لە کوردەکان وەردەگرت، هاوکات لەولاشەوە دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی خودموختاری بە کوردەکان دا،و لەدژی رووسیای یەکگرتوو کردبوون. سەرەتا هێزێکی عوسمانی ناوچەی ورمێ و شاری سابڵاغ (مەهاباد)-یان داگیرکرد، و عەشیرەکانی تەرگەوەرو مەرگەوەر و مامەشیش لەگەڵ عوسمانییەکان کەوتن. ساڵێک بەر لە بەستنی پەیمانی سایکس پیکۆ بەسەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە دیوی موسڵ و شام ، عوسمانییەکان لە میاندوئاوی رۆژهەڵاتی کوردستان لەشکەری رووسیان تێکشکاند،و بەرەو تەورێز رێکەوتن. ئەوە ترسێکی گەورەی بۆ رووسەکان دروستکردبوو، تورک و هەندێک لە کوردەکان خەریکبوو، ئازەربایجان و کوردستانیان لەبەردەستدابوو،و بەرەو ناوەندی ئێران دەچوون. (کردها و بررسی تاریخی و سیاسی، حسن ارفع). بەڵام لەباشووری رۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک لەگەڵ عوسمانییەکان نەکەوتن، بەتایبەت کوردە شیعەکانی کرماشان و ئیلام دژایەتیی رووسەکانیان نەکرد،و دەوترێ تەنیا سەنجابییەکان شەریان لەبەرژەوەندی عوسمانییەکان کردووە،و ئەوانی دیکەش یان بێدەنگ بوون، یانیش لەگەڵ "نیزاموڵسەڵتەنەی"-ی حاکمی کرماشان پیاوی ئەڵمانییەکان بوون. هێزەکانی کورد و عوسمانی هەتا مانگی مەی ١٩١٥ لە کوردستان و ئازەربایجان مانەوە، کوردە سوننەکان لەگەڵ عوسمانییەکان بوون،و ئەرمەنی و ئاسۆرییەکانی ورمێش پاڵیان وە رووسەکان دابوو. رووسەکان دوایی ئەو شکستەی لەعوسمانییەکان و عەشیرە کوردەکان لە میاندوئاو و تەورێز تووشی هاتن، هەر زوو خۆیان رێکخستەوە بۆ ئەوەی تۆڵە یەکەم لە کوردە بەوتەی خۆیان ناپاکەکان بکەنەوە، دواتر لە تورکە عوسمانییەکان. هەر لەساڵی ١٩١٥-دا سوپایەکی بەهێزیان لەژێر فەرماندەیی "شاربانتیە" ناردە ئێران، و لەسۆفیانەوە بگرە هەتا تەورێز و سابڵاغیان لەدەست داگیرکەری عوسمانی دەرهێنا،و خۆیان داگیریان کردەوە. لە مەهاباد و شنۆ خەڵکیان قەلاچۆ کرد، و بەهەزاران کوردیان کوشت. (تاریخ رزائییە-

محمد تمدن). خەڵکی شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتی "قازی فەتاح" بەگژ رووسەکاندا چوونەوە، چوونکە یەکەم هەستی نەتەوەییان رێگەی پێ نەدەدان کە بە ئاسانی ئەو داگیرکارییە قبووڵ بکەن،و دواتریش رووسەکانیان پێ کافر بوو، لەو شەڕەدا خەڵکێکی زۆری موکریان تێداچوو. دابەشکردنی ئێران پێش دابەشبوونی کوردستان هەمیشە پرسیاری ئەوە هەیە، کە بۆچی لە رێکەوتنامەی سایکس پیکۆدا ئێرانی رەگەڵ نەکەوتووە،و یان ئەگەر تراژدیا کوردییە باوەکەی باس بکەیین، بۆ تەنیا کاریگەری لەسەر سێ پارچە داناوە،و رۆژهەڵاتی تێدا نییە؟ ئەو پرسیارە رەواییە، چونکە لەراستیدا ئێران ئەو ئێرانە نەبوو، کە بەرامبەر پلانە دەرەکییەکاندا بتوانێ خۆی بگرێت، هەربۆیە هەرگیز رووسیا و فەرەنسا و بەریتانیا لەوە نەترساون، کە لەگەڵ بەخشینەوەو دارشتنەوەی سنووری موسڵ و بەسرە لەلایەک و بەشێک لەباکووری کوردستان و سوریا لەلایەکیتر، ئێرانیشی لەگەڵ بدەن. بەڵام ئەوە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە. یەکەم: ماهیەتی رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ روویەکی ئاشکرا و روویەکی نهێنی هەبوو. رووە ئاشکراکەی دروستکردنی جوگرافیا و کیانێکی عەرەبی سەربەخۆ بۆ هەندێک عەرەبی ناوچە بوو، رووە شارەوەکەشی دابەشکردنی خێروبێری ئەو جوگرافیاییە بەسەر خۆیاندا بوو. ئێرانی قاجار عەرەب نەبوون،و خاوەن حکومەتی پێناسەداری خۆیان بوون. دووەم: نزیکەی ١٠ ساڵ پێشتر ئێران لەنێوان رووسیا و بەریتانیادا دابەشکرابوو. ئەو رێکەوتنە کە بە رێکەوتنی ١٩٠٧ ناسراوە، لەو رێکەوتنەدا هەر دوولا مەڵبەندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لەئێران و ئەفغانستان و تەبت بەسەر خۆیاندا دابەشکردەوە. لەو دابەشکراییەدا رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە دەست رووسەکان و ناوەند و باکووری ئێرانیش بۆ بەریتانییەکان مایەوە. رووسەکانیش لە شەرێکی درێژخایەنی خوێناویدا هەر وەکوو باسکرا، بەسەر عوسمانییەکان سەرکەوتن،و بۆ ماوەیەکی زۆر لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجان مانەوە. لەراستیدا وەکوو چۆن لە رێکەوتنامەی سایکس پیکۆدا هیچ باس لە دابەشکردنی کوردەکان نەکراوە،و هەر مەوزووعیەتیشی نەبووە، ئاواش دابەشبوونی ئێرانی قاجار لەسەر داوا و دەسەڵاتی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبووە. لەهەردوولا بەرژەوەندی کۆلۆنیالەکان دۆخێکی نەویست و نەخوازراوی بۆ کوردەکان دروستکردووە. لەو دیوی سنوور کوردەکان بەسەر سوریا و تورکیا و دواتر عێراقدا سەپێندراون،و لەم دیوی سنووریش کوردستان لەلایەن ناوەند داگیرکرابوو،و خۆدی داگیرکارەکەش لەلایەن ئیستعمارەوە داگیرکرابوو. هەربۆیە سایکس پیکۆ کاریگەری لەسەر چارەنووسی هاوبەشی کوردستانی گەورە دانەنا،و بگرە بزوتنەوەکانی دواتریشی لەسەر بنەمای چارەنووس و داخوازییە هاوبەشەکە رێکخرانەوە.

سەرچاوە: رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٦

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمریکا: غەریبییەکی سەد ساڵە

## پەیوەندی ئێران و ئەمریکا

بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان باشترە بڵێین حزبە سیاسییەکان لەگەڵ ئەمریکاییەکان باس بکەین، دەبێ سەرەتا لەوەوە دەستپێبکەین کە ئەمریکا وئێران کەی و چۆن و لەسەر چ بنەمایەک لەیەکتر نزیکبوونەوە.

بۆ یەکەمجار مۆسیۆنێر و قەشەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی روویان لەئێران کرد، و قەشە "مریک" لەساڵی ١٨٣٢ بۆ یەکەمجار لەگەڵ دوو مۆسیۆنێری ئەڵمانی سەردانی ئێرانیان کرد، دوای ئەوەش لەورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانەوە،و هەندێک قوتابخانەو زانکۆشیان کردەوە. هەتا سەرەتاکانی شەری یەکەمی جیهانی پەیوەندییەکی سیاسیی ئەوتۆ لەنێوان شای ئێران وئیدارەی ئەمریکادا نەبوو.

لە ٣١-ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٢-ی زائینی حەمەرەزا شای پەهلەوی نامەیەک بۆ فرانکلین ڕۆزڤێلت ( Franklin Delano Roosevelt) دەنووسێ کە ئەوە دەقی نامەکەیە:

" لەوە دڵنیام ڕێزدار لەرەوتی ڕووداوەکانی ئێران بەوردی ئاگادارن، پێم خۆشە پێتان رابگەیەنم کە دەوڵەتی من باوەری تەواوی بە پەیماننامەی ئاتلانتای هەیە،و هیوادارین هاوشانی دەوڵەتانی دیکەی جیهان لەهەوڵومەرجی یەکسان کەڵکی لێوەربگرین. بەو قەناعەتەش گەیشتین کە پەیمانێکی یەکێتی و هاوکاری لەگەڵ بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤییەتی سوسیالیستی ببەستین، ئێمە بۆ ئیمزاکردنی ئەو پەیمانە پشتمان بە دەروون پاکی بەرێزتان و ئەو پێوەندییە دۆستانەوە بەستووە کە لەنێوان دوو وڵاتی ئەمریکا و ئێراندا هەیە، هیوادارین لەبەرێوەبەردنی ئەرکێک کە لەبەرامبەر ئەو پەیمانەدا هەتانە، بۆ دابینکردنی پێشکەوتن و ژیانی ئاشتیانە لەنێو سنوورەکانی خۆمان دا یارمەتیمان بدەن." (کتیبی پدر و پسر لەنووسینی مەحمود تلوعی، لاپەرەی ٥٢٩).

رۆزڤێلت دوای کەمتر لەدە رۆژ وەڵامی حەمەرەزا شای دایەوە،و پێشوازی لە بەستنی دۆستایەتییەکی پتەوو هەمیشەیی لەگەڵ ئێراندا کرد. حەمەرەزا شا بەو داوای یارمەتییە لەئەمریکا وایکرد سێ زلهێزی جیهان لەئێران لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان پێکدابدەن،و هەریەکەو لەپێناو راکێشانی سۆزی شا زۆرترین ئیمتیاز و گرەنتی پاراستنیان پێ بدات. بەریتانییەکان جگە لە سۆڤییەت رکابەرێکی بەهێزی دیکەشی لەئێران بۆ پەیدا ببوو، و نەیدەتوانی بەتەنیا لە بازارو کێڵگە نەوتییەکانی ئێران تەراتێن بکات.

ئەمریکییەکان بەبێ ئەوەی هیچ رێکەوتنێک لەگەڵ ئێران واژۆ بکەن، و تەنیا وەکوو دەوڵەتێکی پشتیوان هەتا ساڵی ١٩٤٢ زیاتر لە ٣٠ هەزار سەربازیان لەناو خاکی ئێران جێگیر کرد. لەسەردەمی سەرۆکوەزیرانی ئەحمەد قەوام سەڵتەنەدا هاوکاری و دۆستایەتیکردن لەگەڵ ئەمریکا وەکوو بنچینەیەکی سیاسی نەگۆڕو ستراتیژی لێهات. زۆربەی ئێرانیەکان چونکە لە هەڵسوکەوتی هێزەکانی سۆڤییەت و بەریتانییەکان بێزار ببوون، پشتیوانیان لە سیاسەتەی قەوام دەکرد. هاوکات ئەمریکا لەرووی جوگرافی زۆر لەئێران دوور بوو، هەربۆیە وەکوو بەریتانیا و بەتایبەت یەکێتی سۆڤییەت سەیر نەدەکرا، کە چاوی لەخاکی ئێران بێت. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش بەرپرسانی ئێران هیواداربوون یارمەتی دارایی و قەرز لەئەمریکا وەربگرن، کە لەشەڕدا بەهێزو لەسەرپێ مابۆوە.

لەژانویەی ١٩٤٣ بەشی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەراستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەسەر پەیوەندی بەریتانیا و سۆڤییەت و سیاسەتی ئەمریکا لێکدانەوەیەکی سیاسی وەکوو راپۆرت ئامادەکرد، کە لە ٥ خاڵ پێکهاتبوو،و کورتکراوەکەشی ئەوە بوو کە ئێران جوگرافیاییەکی گرنگە بۆ ئەمریکییەکان و ئێستا لەژێر هەڕەشەی یەکێتی سۆڤییەت و کۆمۆنیستەکان دایە،و هاوکات سەرچاوەیەکی زۆری ژێرزەوی وسەرزەوی هەیە، هەربۆیە ئیتر ئەمریکا نابێ چیتر لەپەراوێزدا بمێنێتەوە،و دەبێ بەهەموو توانایەکەوە یارمەتی حەمەرەزا شای پەهلەوی بدات.

پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لەئاستی باڵوێز لەساڵی ١٩٤٤ دروستببوو. ئەو کات والاس موری ( Wallace Murray ) وەکوو یەکەم بالوێزی ئەمریکا لەئێران دەستبەکاربوو. لەگەڵ هێرشی موتەفقین (Alliance) لەساڵی ١٩٤١ رەزا شاە داوای یارمەتی لەئەمریکا کرد. ئەمریکییەکان هەوڵی بونیادنانەوەی ئابووری ئێرانیان دەدا، بۆ ئەوەی بەرە لەژێر پێی رکابەرەکانیان دەربێنن. ئارتور میلسپو(Arthur Millspaugh)- یان وەکوو یاساناس و ئابووریزان بۆ رێکخستنەوەی دۆخی دارایی ئێران رەوانەی تاران کرد،و ئەمریکا بەدرێژایی شەری جیهانی دووەم ٤٥

ملیۆن دۆلار قەرزی بەئێران دا.

پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا کاتێک پەرەی سەند، کە ئەمریکا ئۆلتیماتۆمی بە یەکێتی سۆڤییەت دا، کەدەبێ باکووری ئێران بەجێبهێڵن. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەری دووەمی جیهانی دەبووا هێزەکانی موتەفەقین ئێران بەجێ بهێڵن، بەڵام ستالین بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر ئامادە نەبوو ئەرتەشی سوور لەئێران بکشێنێتەوە. هەموو هەوڵەکانی ئەحمەد قەوام سەڵتەنە لەمۆسکۆ بێ ئەنجام مانەوە،و ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵای کرد. لەو کێشمەکێشەدا قازی محەمەد کۆماری کوردستان لەمەهابادی ڕاگەیاند،و تا ڕادەیەکی زۆریش هیوای بە پشتیوانی یەکێتی سۆڤییەت هەبوو، چونکە پێشتر لەئازەربایجان قسەی کۆتاییان لەگەڵ باقرۆف کردبوو، ئەگەرچی پێشەوا بەپشتیوانی ئەوان دڵگەرم نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی لەلایەک ئەگەری پیلانگێری ئازەرییەکان پوچەڵ بکاتەوە،و لەلایەکی دیکەش بۆ پاراستنی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ سۆڤییەت پێشتر قسەی لەگەڵ کردبوون.

هێری ترومەن (Harry S.Truman) سەرۆککۆماری ئەمریکا لەبەهاری ١٩٤٦ ئۆڵتیماتۆمی بە یەکێتی سۆڤییەتدا، بۆ ئەوەی ئەرتەشی سوور خاکی ئێران بەجێ بهێڵێت، و هەڕەشەی ئەوەیکرد کە ئەمریکاش هێزەکانی دێنێتە ناو ئێران. ستالین لەترسی پێکدادان لەگەڵ تاکە وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆم لەو کاتدا هێزەکانی کشاندەوە. جا ئەوە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئێرانی بەدەیان ساڵ وەپێش خست،و ئەگەرچی هەورازونشێوی تێدابوو، بەڵام هەتا شۆرشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ بەردەوام و سەقامگیر بوو.

کۆماری کوردستان لەکاتێکدا دەیهەویست لەسەر پێی خۆی بمێنێتەوە، کە ئەرتەشی سوور لەئێران نەمابوو،و ئەمریکاش هەر لەو ساڵدا ڕێکەوتنێکی ٧٠ ملیۆن دۆلاری فرۆشتنی چەکی بەئێران واژۆ کرد. لەساڵی ١٩٤٩ کۆنگرێسی ئەمریکا یاسایەکی پەسەند کرد کە ڕێگەی بەدەوڵەت دەدا یارمەتییەکی ٢٧ ملیۆن دۆلاری لەژێر ناوی بەرگری هاوبەش بەئێران بدات. ئەو پەیوەندییە تووندو تۆڵە لەلایەک و گومانی ئەمریکییەکان لەسەر چەپبوون و نزیکبوونی کۆماری کوردستان و بزوتنەوەی کوردی لەیەکێتی سۆڤییەت وایکرد کۆماری کوردستان لەمەهاباد وەکوو ئەکتێکی ڕادیکاڵی دژی ئێران نەک سرنجیان ڕانەکێشێ، بەڵکو وەکوو مەترسییەک بۆ سەر دۆستە ساواکەیان سەیری بکەن، کەبڕیاربوو بیکەنە ژاندارمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەش لەکاتێکدا کەپێشەوا لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسان

زۆر هەوڵیدا سرنجی رۆژئاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا رابکێشێت.

ئارچیبالد بولۆچ رۆزڤێلت، کوڕەزای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، تیۆدۆر رۆزڤێلت، لە کتێبەکەیدا "کۆماری کوردیی مهاباد" دەڵێت:" کێشەی سەرەکی کۆماری کوردستان ئەوەبوو کە کوردەکان پێویستیان بە سۆڤێت بوو، تەنها چانسیان، هێزی سوپای سوور بوو. بەڵام ئەم پەیوەندییە نزیکەیان لەگەڵ ستالین و سۆڤیەت وایکرد زوربەی هێزە رۆژاواییەکان پشتی ئێران بگرن. قازی محەمەد، هەرچەندە نکۆڵیی لەو راستییە نەدەکرد کە لە رووی داراییەوە پشتیان بە سۆڤیەت بەستووە، بەڵام ئەوەی رەتدەکردەوە کە حزبی دیموکراتی کوردستان پارتێکی کۆمۆنیست بێت، رایگەیاند ئەوە درۆیەکە کە دەسەڵاتدارانی سوپای ئێران دروستیان کردووە، جگە لەوەی ئامانجەکانی خۆی بە زۆر جیاواز لەوانەی سۆڤییەت لەقەڵەمدا."

کۆماری کوردستان بەهۆی ئەوەی تاکە زمانحاڵی فەرمی خۆی وەکوو رۆژنامەی کوردستان تەنیا بەزمانی کوردی و ئەویش لەجوگرافیاییەکی بەرتەسکدا بڵاودەکرایەوە،و ماهییەتی کۆمارەکە کە نەتەوەیی و دیموکراتی بوو، وەکوو خۆی بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەگەیشت، هاوکات لەبەر هەبوونی ئەرتەشی سووری سۆڤییەت لەناوچەکەدا و بەستنەوەی هەردوو کۆماری کوردستان لەمەهاباد و کۆماری ئازەربایجان لەتەوریز بەو ئەرتەشە، ئەمریکییەکان کۆماری کوردستانیان بە گوشاری یەکێتی سۆڤییەت بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زۆرتر و هەوڵدان بۆ شۆرشێکی کۆمۆنیستی سەیر دەکرد، هەربۆیە بەگوتەی ئارچیبالد رۆزڤێلت هەرگیز پەیامەکەی پێشەوا وەکوو خۆی بە ئەمریکییەکان نەگەیشت.

## خەمی کوردەکان بۆ کودەتای ٢٨-ی گەلاوێژ

لەسەردەمی دوکتور محەممەد موسەدیق لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥١ هەتا ١٩٥٣ کرانەوەیەک بۆ کاری رێکخراوەیی لەئێران دروست بوو. حزبی دیموکراتی کوردستان لەو دوو ساڵەدا و هەتا کودەتا بەسەر موسەدیقدا کرا، جولەیەکی تێکەوتبۆوە. ئەندامەکانی بەشداری کۆروکۆبوونەوەکانیان دەکرد، و لەخۆپێشاندانەکانیش هەڵبەت زۆرجاران بۆ پشتیوانی لە موسەدیق بەشداریان دەکرد. بەڵام هەر لەو کاتەوە هەموو راهێنان و خوێندنەوەکانیان بەئاراستەی حزبی توودە بوو،و جگە لە عەبدوڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) ئەوانیتر لەژێر بەرنامەو پلانی نێدراوی حزبی توودە بۆ کوردستان چالاکیان دەکرد. غەنی بلوریان لەلاپەرەی ١١٣-ی ئاڵەکۆکدا دەڵێ:" ئیحسانۆڵا (نێدراوی حزبی

توودە)، کتێبی بۆ دیاری دەکردین کە بیخوێنینەوە، لەنێو ئێمەدا تەنیا عەبدوڵا ئیسحاقی ئامادە نەبوو ئەو کتێبانە بخوێنێتەوە... بەڵام بەو حاڵەش ئینسانێکی کاری بوو."

لە ٢٨ - ٥ - ١٣٣٢ واتا ١٩ - ٨ - ١٩٦٣ کودەتایەک لەدژی موسەدیق کرا، کە بەکودەتای ٢٨-ی گەلاوێژ ناسراوە. ئەرتەشبود فەزڵوڵلا زاهیدی بەهاوکاری دەزگای هەواڵگری بەریتانیا و ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا داڕێژەری ئەو کودەتایە بوون. لەشەشەمین ساڵرۆژی ئەو کودەتایەدا ئەرشیڤی "ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا" هەموو ئەو بەڵگانەی بڵاکردەوە کە دەریدەخست ئەمریکا راستەوخۆ لەکودەتاکەدا بەشداربووە،و دوو هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەو کودەتاییە هەبوون، یەکیان بڕیارەکانی موسەدیق رێگەی لە ئەمریکا دەگرت کە بەئاسانی و بەهەرزانی دەستی بە نەوتی ئێران رابگات،و دووەمیش کرانەوەکەی سەردەمی موسدیق ژینگەی بۆ پەرەسەندنەوەی چەپەکان بەپێشەنگی حزبی توودە خۆش کردبوو،و کۆمۆنیستەکان بەهەموو ئێراندا بڵاوببوونەوە،و لەرووی رێکخراوەی توودەییەکان دەستیان بەسەر زۆر کاروچالاکی رێکخراوەییدا گرتبوو، ئەمریکاش هەرگیز نەیدەویست ئەنجامی چالاکی چەپەکان دەستبەسەرداگرتنی ئێران بێت،و هەربۆیەش نەوت و کۆمۆنیزم هۆکاری سەرەکی بوو، بۆ ئەوەی ئەمریکا ئامادەکاری بۆ کودەتای ٢٨-ی گەلاوێژ بکات.

ئەوکاتیش هیچ کاراکتەرێکی سیاسی و ئاسایی کوردی پەیوەندی بەئەمریکییەکان نەکرد، کە بەرادەیەک نفوزیان لەئێراندا هەبوو، کە کودەتایەکیان بە رۆژی رووناک ئەنجامدا، و لەجێگەی ئەوەی سرنجی ئەو زلهێزانە بۆ دۆزەکە رابکێشن، رێک بڕیارێکی پێچەوانەی چاوەروانکراویان دا. سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان چەندین خۆپێشاندانیان لەدژی ئەو کودەتاییە لە شارەکانی کوردستان و بەدیاریکراوی لەمەهاباد رێکخست،و دروشمیان لەدژی ئەمریکا و بەریتانیا وت،و بەداگیرکەری ئێرانیان ناوبردن، توودە بەڕادەیەک کاریگەری لەسەر حزبی دیموکرات دانابوو، کە لەپرسە گشتییەکانی ئێرانیش کەپەیوەست بەسەرووەری خاک و سیاسەتی ئێرانی پەهلەوی داگیرکەری کوردستانیش، کوردەکان لەمەهاباد کاردانەوەیان هەبوو! رەنگە یەکێک لە پاساوەکانی ناسیۆنالیستە کلاسیکەکان و خەڵکی ئاسایی ئەوە بوویێت، کە کودەتاچییەکان دەیانزانیەوێ شکۆی پەهلەوی بگەرێننەوە، ئەو پاشایەی کە دژی کوردەکان بووە،و پێشەوا قازی محەمەدیان لەسێدارەداوە، هاوکات پرۆژە یاسا یان لایحەی ئەنجومەنی ئیلایەتی و ویلایەتی سرنجی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت کوردی راکێشابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەوکات جبعەی میللی کورد و ئێستاش پان ئیرانیستەکان پشتیوانیان لە محەممەد موسەدیق

دەکرد، کە شکۆ بۆ خاک و خەڵکی ئێران گەڕاندۆتەوە،و دەیهەوێ ئێران لەژێر دەستی ئیستعمار دەربهێنێت. ئەوکات و ئێستاش چەپ و ڕاستی میللی ئێرانی و ئیسلامییەکانیش لەگەڵ ئەوەدابوون کە بیرۆکەو ئاواتی موسەدیق بۆ بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە،و دواتر خومەینیش بە نەفەسی موسەدیق بەڵام بەئەدەبیاتی جیاواز دژی داگیرکەرانی ئێران و لەسەرووی هەموویان ئەمریکا لێدوانی دەدا.

دوای ماوەیەکی زۆر لەکۆتایی مانگی مای ١٩٥٥ کۆمیتەی بەڕێوەبەری حزبی دیموکرات لەسەر داوای غەنی بلوریان کۆبوونەوە،و لەو کۆبوونەوەیەدا کە لەتاران بەڕێوەچوو، سلێمان موعینی، هاشم ئەقەلەتولاب، عەبدوڵڕەحمان قاسملوو و سدیق ئەنجیری بەشدار بوون،و بەجیدی ئیدانەی دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لەئێران و کودەتاکەی ٢٨-ی گەلاویژ کرا،و هەروەها ڕەخنەی تووند لەحزبی توودە گیرا، کە لەکاتی کودەتاکەدا ڕۆڵی خۆیان نەگێراوە، و لەگەڵ ئەوەی ڕێکخستن و خەڵکی زۆریان هەبووە، بەڵام هەموو ڕێکخراوەکانیان رادەستی کودەتاچییەکان کردووە!

کودەتای ٢٨-ی گەلاویژ بەسەر موسەدیقدا لەبنەمادا بەدژی ئێران وەکوو یەکەیەکی جوگرافی و سیاسی و ئابووری سەربەخۆ بوو، بەڵام لەڕاستیدا بەسوودی هێزە دژبەرەکانی حکومەت شا و ئێرانی ئەو کات بوون، چونکە ئێران هیچ سەروەرییەکی سیاسی و جوگرافی نەمابوو،و لەهەموو بوارێکدا گوێ لەملی ئەمریکا و بەریتانیا بوو، بەڵام کوردەکان لەژێر هەژموونی تودەییەکان پێیان خۆش بوو ئێران یەکەیەکی جوگرافی سیاسی بەهێز بێت، یان لانیکەم لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم دانەبێت،و هەژموونی یەکێتی سۆڤییەت بەسەر ئێران و سیاسەتەکانی زاڵ بێت. بۆیە هەمیشە ناوەندە سیخورییەکانی ئەمریکا و لەسەرووی هەموویان ناوەندی هەواڵگری ئەو وڵاتە (سی ئای ئەی) بەوردی لەجموجۆڵە چەپییەکانی ناو ئێران و لەسەرووی هەموویان توودەی دەروانی،و ڕاستەوخۆش یارمەتی شا و حکومەتەکانی ئێرانی دەدا، کە کۆنترۆڵی هەموو ڕەوتێکی چەپڕەو لەئێران بکەن. بەوردیش لەوە ئاگاداربوو کە بیرۆکەی حزبی توودە بەسەر سیاسەتەکانی حزبی دیموکراتدا زاڵن،و تەنانەت دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو هەتا ماوەیەکی زۆر هاوکات لەکۆبوونەوەکانی حزبی دیموکرات و حزبی توودە وەکوو ئەندام بەشدار دەبوو.

## دەستپێکێکی گەورە ، بەڵام کورت و بێدەنگ

هەتا جولانەوەی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ واتا جولانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ پرسی ئیدیۆلۆژی وایکرد ئیدارەی ئەمریکا هیچ گرنگییەک بە پرسی کورد و کوردەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی نەدات،و ئۆپۆزسیۆنی شا بە ئۆپۆزسیۆنی سیاسەتەکانی

خۆی لەئێران ببینێت،و هەبوونی یەکێتی سۆڤییەت لەپشت حزبی توودەش پاساوی گەورەو گونجاوی پێ دابوون. هەڕەشەی کۆمۆنیزم کە توودەییەکان لەئێران و کوردستان نوێنەرایەتییان دەکرد، هەڕەشەی هاوبەشی ئەمریکا و شا بوو، ئەو هەڕەشە هاوبەشە وایکردبوو کە دۆست و دوژمنەکانیان یەک بن.

مانگی هەنگوینی کۆشکی سپی و شا بەردەوام بوو، کە ژمارەیەک لەئەندامانی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریان لەناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، کە بە بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ بەسەرۆکایەتی سلێمانی موعینی و ئیسماعیل شەریفزادە ناسرا. ئەو بزوتنەوەیە حزبی دیموکراتی کردە سێ بەش کە هیچ یەک لەبەشەکانی دەرفەتی دیپلۆماسیان لەدەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی توودەو مەکتەبی سیاسی پارتی نەبوو. بەشی یەکەمیان بەسەرۆکایەتی سلێمان موعینی بڕیاریاندا چەک هەڵگرنەوە،و بەرەوتی ٤٦ - ٤٧ ناسراون، قارەمانییەتی زۆریشیان کرد. بەشی دووەم کە پێنج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیان لەگەڵ بوو، وەکوو :ئەمیری قازی، هەژار موکریانی، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، سەید ڕەسوڵی بابی گەورەو ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی" لەگەڵ شۆرشی ئەیلول بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی مانەوە،و بەشی سێیەمیشیان لەڕانیەو قەڵادزێ ژیانی ئاسایی خۆیان دەستپێکرد.

دەستپێشخەرانی بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ لەچەپی چەپیان تێدابوو، هەتا کەسێکی وەکوو ئیسماعیل شەریفزادەی خوێنەواری نەتەوەیی، بەڵام لە١٨ مانگ خەباتی چەکداری ئەو بزوتنەوەیە نەتوانرا، خۆی لەشوناسی حزبی توودەو کردەوەو خواستی چەپی چەکدار دوور بگرێت، هەر ئەوەش وایکرد کە ئەگەرچی ئەو بزوتنەوەیە هەستانەوەیەکی پێویست لەدوای کۆماری کوردستان بوو، بەڵام هیچ دەرەتانێکی بۆ نەمابۆوە، و ژمارەیەکی زۆریان شەهیدبوون، هەندێکیشیان وەکوو حەمەدەمین سیراجی و سلێمان موعینی لەبەغدا چوونەوە ناو حزبی شیوعی و توودە.

ئەگەرچی بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ چریکی بوو، بەڵام کەسانی خوێنەوار و زانکۆو قوتابخانە دیدە سەرپرشتیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەش یەک بەڵگە لەبەردەستدا نییە، کە هەوڵی پەیوەندی بەبەرپرسان و دیپلۆماتکارە ئەمریکاییەکانیان دابێت، لەکاتێکدا لەدوای شەری جیهانی دووەم ئەمریکاییەکان بەرێژەییەکی زۆر و بەبیانووی جیاواز لەناوچەدا بوون،و باڵوێزخانەو دەفتەرەکانیشیان لە پایتەخت و تەنانەت شارە دیارەکانی وەکوو هەولێر، موسڵ، ورمێ و

تەوریزیش هەبوون، بەڵام ئەو جولانەوەیەش لەژێر کاریگەری چەپەکان و لەدژی ئیمپریالیزمدا بوو. پرسەکە خۆنەویستیش بێت، بەلام بۆ سیخورەکانی سی ئای ئەی ئیدیۆلۆژیک بوونی کوردەکانی رۆژهەڵاتی دەردەخست، چونکە ئەوانە دەستیان بەخەباتی چەکداری کردبۆوە، لەتاران لەگەڵ توودەییەکان، لەبەغدا لەگەڵ حزبی شیوعی و لە باشووری کوردستانیش لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی بەسەرۆکایەتی برایم ئەحمەد لەپەیوەندیدا بوون، و هەمووشیان چەپ و کۆمۆنیست بوون.

لەو نێوەندەدا و لەساڵی ١٩٦٧ واتا ١٣٤٦ هەتاویی ریچارد نیکسۆن (Richard Nixon) جێگری پێشووی سەرۆککۆماری ئەمریکا لەتاران چاوی بە حەمەرەزا شا کەوت،و رایگەیاند کە ئەمریکا دەبێ ئێران لەکەنداو بەهێز بکات،و بیکاتە ژاندارمی ناوچەکە. ساڵی دواتر کۆنگرێسی ئەمریکا یاسایی بێبەری کردنی ئێران لەچەکی لابرد،و چەکی قورس و فڕۆکەی جێت و چەندین جۆر موشەکی بە ئێران دا. لەساڵی ١٩٦٨ ریچارد نیکسۆن بووە سەرۆککۆماری ئەمریکا،و لەکۆنفرانسی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا لە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لەتاران پێداگری لەسەر رێبەرایەتیکردنی ئێران بەسەر هەموو کەنداو دا کرایەوە. هەتا چەند رۆژ پێش شۆرشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندییەکانی ئەمریکا و حەمەرەزا شا بە پتەوی بەردەوام بوون،و کۆشکی سپیش هەموو جولەیەکی لەدژی شا بە سیناریۆی سۆڤییەت دەزانی، کە لەرێگەی حزبی توودە ئاراستە دەکرێت،و بۆ یەکجاریش بزوتنەوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای کۆمار هەتا ١٩٧٩ لەدەرەوەی ئەو ئاراستە چەپییە پێناسە نەکران، لانیکەم بۆ دیپلۆماتکارو ژوورەکانی بیرکردنەوەی کۆشکی سپی بەجیاواز سەیر نەکرا،و هیچ هەوڵێکیش لەلایەن کوردەوە بۆ راکێشانی سرنجی ئەمریکا بەتایبەت و وڵاتانی رۆژئاوایی بەگشتی نەدرا. لەراستیدا جیلە نوێکەی حزبی دیموکرات ئیمپریالیزمیان بەدوژمنی خۆیان و هەندێک کات بەخراپتر لە شا و دواتر لەخومەینیش دەزانی.

## شۆڕشی گەلانی ئێران و دوژمنە هاوبەشەکە

لەشۆرشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ جارێکیتر ستراتیژی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا دەکەونە بەرامبەر یەکتر. ئەمجارە جگە لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەش هەبوونی خۆی راگەیاندبوو،و ئەویش حزبێکی چەکداری مەیلەو رادیکالی چەپ بوو. کۆشکی سپی خەریکبوو ژاندارمەکەی لە کەنداو لەکیس دەچوو، رووگەی دوای شۆرشەکە دیارنەبوو، بەڵام کۆشکی سپی هەتا پەلاماردانی بالوێزخانەی وڵاتەکەی لەتاران لەهەوڵەکانی بۆ هێنانە سەرکاری کەسێکی دیموکرات و لیبراڵ هەر بەردەوام بوو، بەڵام نەمانی شا و

شۆرشێک لەلیدەرەکەی ئاخوندێکی مەزهەبییە ئەمریکاییەکانی تووشی شۆک کردبوو. لەولا لەکوردستان جەژن و شایی و هەڵپەرکێ بوو، خەڵکی ئاسایی، هەژاری و نەداریی و تراژدیای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد لەسەر دەستی ئەو سیستەمە وای لێکردبوون، کە بۆ نەمانی شا شایی بگێرن، حزبەکانیش لەسەرووی هەموویان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لەسەر بنەماییەکی چەپ و نزیک یان وەکوو بەشێک لەحزبی توودە سەری هەڵدابۆوە، جگە لەو دوو هۆکارە شۆرشەکەیان بە برینی دەستی ئیمپریالیزم لەئێران دەزانی،و پێی دڵخۆش و گەشبین بوون.

ئەمریکاییەکان لەدوای رووخانی حکومەتی محەمەد رەزا شا پەهلەوی لەهەوڵ دابوون، کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ شۆرشگێرە نوێکان رابگرن. کریس ئەمری لەکتێبی "پەیوەندییەکانی ئەمریکا و شۆرشی گەلانی ئێران" باسی لەوە کردووە کە دەوڵەتی جیمی کارتەر لەساڵی ١٩٧٩ پرۆژەیەکی پەسەند کرد، کەرێگەی بەکۆشکی سپی دەدا زانیارییە سیخورییەکانی "سی ئای ئەی" بە ئێران بدات، بۆ ئەوەی ئێران لەدۆخی سەربازی عێراق ئاگادار بکرێنەوە،و ئەمریکاییەکانیش وایان دەردەخست کە ئەگەری لێک هەڵوەشانی ئەرتەشی ئێران هەیە،و ئەوەش هاوسەنگی هێز لەناوچە تێکدەدات،و بەمشێوەیە ویستیان سرنجی خومەینی رابکێشن. هاوکات ئەمساڵ بی بی سی هەندێک بەڵگەنامەی بڵاوکردەوە کە باسی لەهەبوونی پەیوەندی لەنێوان خومەینی و بەرپرسانی کۆشکی سپی کردووە،و هەندێک قسەو بەڵێن راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئاڵوگۆرکراون، بەڵام لە ٤-ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ قوتابیانی پەیرەوی ئیمام پەلاماری باڵوێزخانەی ئەمریکا لەتارانیان دا،و ٥٢ دیپلۆماتکاری ئەو وڵاتەیان بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژ بە بارمتە گرت، ئەوەش ئاوێکی سارد بوو، بەسەر هەموو هەوڵەکانی جیمی کارتەر، خومەینیش ئەوە بە شۆرشی دووەم ناونا،و سەرجەم پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا پچرا،و ئەمریکا بووە شەیتانی گەورە.

خومەینی توندترین لێدوانەکانی بەرامبەر ئەمریکا دا،و ئەوەش سرنجی سەرجەم هێزە چەپەکانی ئێران و کوردستانی بۆلای خومەینی راکێشا،و خوێندنەوەیەکی دژە ئیمپریالیزمیان لێکرد، هەر ئەو ماهیەتە دژە ئەمریکاییەی شۆرشەکە وایکرد کە بەشێک لە سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان باوەر بەگفتوگۆکردن لەگەڵ نێردراوانی تاران بکەن، و گفتوگۆکان دەستیان پێکرد.

**پێداگری دوکتور قاسملو لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران و شەخسی خومەینی**

لەکاتێکدابوو کە لای بەرپرسانی ئێران پرسی گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنی کوردی لەئەلەویەتی چوارەم و پێنجەمدابوو، لەو کاتەدا داگیرکردنی بالویزخانەی ئەمریکا لەتاران لەلایەن قوتابیانی پەیرەوی خەتی ئیمام ، هاوکات لە چواری نۆڤەمبەردا میهدی بازرگان دەست لەکاردەکێشێتەوە،و هەر لەو سەروبەندەدا رێکەوتنی ساڵی ۱۹۲۱ لەنێوان ئێران و یەکێتی سۆڤییەت هەڵدەوەشێتەوە،و هەمووشیان بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکورد گرنگتر بوون.

جا رێک ۱٦ رۆژ دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بەهۆی بەدیلگرتنی دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان لەتاران بەرەو دوژمنایەتی دەروات،و هەتا ئێستاش بەردەوامە، لە۲۰ی نۆڤامبەری ۱۹۷۹ دوکتور عەبدوڵرەحمان قاسملو سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد میتنگێکی گەورە بەرێوەدەبات، کە دەگوترێ نزیکەی ۱۰۰ هەزار کەسی تێدا بەشدارە، لەو کاتەدا قاسملو لەو گۆرانەی بەسەر خومەینیدا هاتووە، رازییە،و زۆر بەشاخ و باڵیدا هەڵدەڵێت، و کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا دەقی قسەکانی دوکتور قاسملو بەمشێوەیەی باس دەکات:" ئەوانەی کەتۆیان بە پیلانگێر تۆمەتبار دەکرد، خراپەکاربوون، من بەرێزەوە دەست دەنێمە ناو دەستی تۆ و تکات لێدەکەم یەکگرتوویی بپارێزن، هەرجۆرە دووبەرەکییەک تەنیا بەقازانجی ئیمپریالیزمی ئەمریکا تەواو دەبێت. ئایا پارانەوەو داخوازی پیاوێک کە رۆژەکانی ئاخیری خۆی تێپەردەکات رەت دەکەیتەوە.؟" ئەگەرچی ئەو پەیامەی دوکتور قاسملو بەشێکی بۆ دروستکردنی نیەت پاکی بۆ بەردەوامبوونی گفتوگۆکانە، بەڵام بەشێکیشی راگەیاندنی هاوپەیمانییە لەگەڵ خومەینی دژ بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا. ئەوەش زۆر بەڕوونی دەگاتەوە گوێی بەرپرسانی ئەمریکا لە کۆنگرێس و کۆشکی سپی.

**۲۹-ی تشرینی دووەمی ۱۹۷۹ - ئەنجومەنی نوێنەران**

**بەرێز داسشێل:**

"بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، لەچوارچێوەی قەیرانی هەنووکەی ئێران کە دیپلۆماتەکانی ئەمریکا بە بارمەتە گیراون، بەبیروبۆچوونی من ئەوە گرینگە کە بزانین هەموو خەڵکی ئێران لەگەڵ بیروبۆچوونە ژەهراوییە دژە ئەمریکییەکانی "ئایەتوڵا خومەینی" دا نین، بەتایبەت کەمینەی کورد لەباکووری رۆژئاوای ئێران. لەراستیدا هەر ئێستا کوردەکان شەری مان و نەمان دەکەن لەگەڵ "خومەینی" و گروپە خوێنمژە توند ئاژۆکانی. کوردەکان

لەساڵانی رابردوودا لایەنگری ئەمریکا بوون،و ئێستا هەست و سۆزیان بۆ بلۆکی ئەمریکا کەم بووەتەوە." (کورد و کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا-کۆکردنەوەی پرۆفیسۆر لوقمان محۆ - وەرگێرانی وریا رەحمانی).

جگە لەو باسانەی ئەوکات لەناو کۆنگریسی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران و هێزە دژبەرەکانی دەکرا، و هەڵسەنگاندنیان بۆ دژبەرە ناوخۆییەکانی خومەینی دەکرد، هاوکات بالوێزی ئەمریکا لە بەغدا و ئەنکەرەو تەنانەت دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان لە موسڵیشەوە راپۆرتیان بۆ کۆشکی سپی و کۆنگریس بەرزدەکردەوە. بەڵام ئەگەرچی بەگوتەی کریس کوچرا :" خومەینی لاواز بووە، وەکوو سەگێک دەچێ کە لەلایەن چەندین سەگەلی هار گەمارۆ دراوە، و لەهەموو لاوە پڕی پێدا دەکەن." بەڵام سەرکردەی حزبەکانی رۆژهەڵات لەلایەک یەکدەنگ نین،و لەلایەکی دیکەشەوە کێبەرکێی کۆمۆنیست بوون دەکەن، ئەوەی کە بلۆکی رۆژئاواو ئەمریکا لێی بێزارن. تەنانەت دوکتور قاسملو لەو کاتەی کە ئەمریکییەکان و بەتایبەت (سی ئای ئەی) بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەو شۆرشە خەریکە بە ئاقارێکی خراپدا دەروات،و بەدوای کارتی گوشاری ناوخۆییدا دەگەران ، گفتوگۆکردن لەگەڵ خومەینی پێ تاکە بژاردە بوو، بەپێچەوانەی رێکخراوە چەپەکانی دیکەی ئێران کە پێیانوابوو خومەینی کۆنەپارێزەو لەخۆرا بەدژی ئیمپریالیزم دەناسرێت. بەڵام دوکتور قاسملو خەمی ئەوە هەبوو کە لەگەڵ درێژە کێشانی ناکۆکییەکان لەکوردستان ئەگەری رووخانی رژێم هەیە،و ئەوەش واتا هاتنە سەرکاری حکومەتێکی دیکەی کۆنەپارێز کە دیارنییە چۆن لەپرسی کورد دەروانێت. بەڵام رەنگە ترسی ئەوەش هەبووبێت کە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ لەناوبردنی و راستکردنەوەی شۆرشەکەش سەربکەوێت،و جارێکیتر بیرۆکەیەکی رۆژئاوایی و ئیمپریالیزمی دەست بەسەر ئێراندا بگرێتەوە. ئەو خالە هاوبەشەی کە لایەنگرانی خومەینی و موجاهیدنی خەڵق و هەموو چەپەکانی ئێران هەیانبوو، و ئەوەش هۆکارێکی گرنگی مانەوەو جێ خۆکردنەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.

هەربۆیە لەکاتێکدا کە بۆ ماوەیەکی زۆر کۆمەلە و دیموکرات حاکمی بەشی زۆر لە کوردستانی رۆژهەڵات بوون، و ئۆپۆزسیۆنێکی چەکدارو رێکخراو جەماوەریش بوون، هاوکات لەمەهاباد و سنە میتینگی دەیان هەزار کەسیان وەرێدەخست،و لەدروستترین و ژیرانەترین بڕیاردا ریفراندۆمی مەشروعیەتدان بە کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بایکۆت کرد، بەڵام پانتای دیپلۆماسیی دەرەکیان لەرووی جوگرافیا زۆر لەئوروپای رۆژهەڵات و لەرووی فیکریشەوە لە وڵاتانی سوسیال دیموکرات تێنەپەڕی، هیچ یەک لەو وڵاتانەش توانای سیاسی و مادی ئەوەیان نەبوو، کە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر بڕیارە ناوچەییەکان دابنێنن،و دەنگیشیان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش

کزولاواز بوو. حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانی کەڵک لە پشتیوانی ئەمریکا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و دوژمنی هاوبەش وەربگرن. ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت کە کورتەباسی دوکتور قاسملوو و هێورکردنەوەی گوتار لەچەپی دژە ئیمپریالیزمییەوە بۆ سوسیالیزمی دیموکراتیک دەکرا، سەرەتای دروستکردنی پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ئەمریکییەکان و بەرەی ڕۆژئاوا بووا، بەڵام هەتا کاتی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەنێوان دیموکرات و کۆمەڵەو لایەنە بڕیار بەدەستەکانی ئەمریکا بوونی نەبووە.

## دەستپێکی سیاسەتی بێدەنگی و دەرفەتی نێنۆکانەکان

لەسەردەمی کۆماری کوردستان لەمەهاباد شەڕی بەریتانیا، سۆڤییەت و ئەمریکا لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی ئێران و وەهمی کۆمۆنیستبوون و پشتیوانی ئەرتەشی سوور لە کۆمارەکە وای لەئەمریکا کرد، کە لەبەرەو بەنەفەسی شا لەکۆمارەکە بڕوانێت،و لەبزوتنەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ پەرتەوازەیی و نزیکایەتی سەرکردەکانی لە حزبی توودەی بێزراو لەلایەن شاو ئەمریکا بەتایبەت و بەرەی چەپ بەگشتی و هاوکات گرنگی ئێران ئەوسا بۆ ئەمریکا و لەهەمووشیان گرنگتر هەوڵ نەدان بۆ وەرگرتنی پشتیوانی ڕۆژئاواییەکان وایکرد، دیسان ئەمریکا بزوتنەوەکە نەبینێت،و لە چاویلکەیی حەمەرەزا شاوە سەیریان بکات. لەسەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش ئەدەبیات و کرداری سیاسی دیموکرات وکۆمەڵە دژی ئیمپریالیزم و ئەمریکا بوو،و هەتا ماوەیەکی زۆرپشتیوانی و گفتوگۆکان لەگەڵ خومەینی بەردەوام بوو، کە ئەمریکا بە شەیتانی گەورە ناودەبرد،و لەدەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداریش و فەتوای خومەینی لەدژی کورد سەرکردایەتی کورد داوای یارمەتی لەئەمریکا نەکردووە. دوای ٣٠ساڵ بەشی زۆر لەبەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەحاڵەتی نهێنی هاتوونەتەدەر،و یەک بەڵگەشی لەسەر هەوڵی کوردەکان بۆ نزیکبوونەوە لەئەمریکای تێدا نییە.

لەدوای شەهیدبوونی دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی وەکوو لیدەری سەرەکی دیموکرات هیچ هەوڵێک بۆ ناساندن و باسکردنی دۆزی کورد بۆ ناوەندەکانی بڕیار لەئەمریکا یان نەدرا، یانیش گوتارەکە ئەوەندە لاوازو پەرتەوازە بووە، کە پرسەکە بۆهیچ ژوورێکی وەزارەتی دەرەوە نەچووە. دوای جیمی کارتەر، ڕۆناڵد ڕەیگان، جۆرج بوشی باوک،و بیل کلێنتۆن و لەسەرووی هەموویان جۆرج بوشی کوڕ سیاسەتی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی ئێرانیان پێرەو کرد،و وەکوو حکومەتێکی دوژمن سەیریان کردووە.

## نێئۆکانەکان وەکوو دەرفەتێکی گەورە بۆ کوردەکان

نیوکۆنزێرڤاتیسم (Neoconservatism) کە کورتکراوەکەی بە نیئۆکارەکان ناسراون، رەوتێکی دەسەڵاتداری ناو کۆشکی سپی بوون، کە پلانەو بەرنامەی کرداری توووند و کرداریان بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبوو.

رەوتێکی نوخبەوی و توووندرەو ویستیان خۆیان بخزێننە ناو ناوەندی بڕیاری ئەمریکا و کار بۆ پاراستنی ئیسرائیل و ئازادکردنی نەتەوە ژێردەستەکان و رێگریکردن لە کۆمۆنیستەکان بکەن. کەسانێکی وەکوو ئەرڤین کریستۆڵ (Irving Kristol) کەوتارنووسی رۆژنامەی وال ستریت ژورنال بوو، و نۆرمەن پودهورتز (Norman Podhoretz) کەسەرنووسەری گۆڤاری کامێنتری زمانحاڵی فیکری نیئۆکانەکان بوو، سەرەتای ئەو بیرۆکەیان دامەزراند. و دواتر ئەو کەسە ئاکادیمیانە لەگەڵ هەندێک کەسایەتی سیاسیی وەکوو رۆناڵد رامسفێلد کۆمیتەیەکیان بەناوی بۆ جیهانێکی ئازاد (Committee for the free Wor)- یان دروستکردن. زۆربەی نیئۆکانەکان لەگروپی توووندرەوەی بوش - چێنی دابوون،و هەندێکیان هی کابینەی رۆناڵد رەیگان بوون. ئیسرائیل بۆ نیئۆکانەکان بنەمای سەرەکی بوو،و پاراستنی ئیسرائیل وەکوو ئیدیۆلۆژییەکی لێهات. دروشمی نیئۆکانەکان ئەوە بوو:" تەنیا ئەمریکاییەک کە لەرووی سەربازی بەهێزو ئامادەو هێرشبەر بێت، دەتوانی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بپارێزێت،و ئاسایشی گرەنتی بکات."

نیئۆکانەکان لەکابینەی رەیگان شوێنە گرنگەکانیان گرتە دەست،و کرک پاتریک نووسەری گۆڤاری کامێنتری کرایە نوێنەری رەیگان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کێنت ئادێلمەن بووە سەرۆکی ناوەندی کۆنترۆڵی چەک و تەقەمەنی،و ریچارد پرێل - یش بووە یاریدەدەری وەزیری بەرگری. کاریگەری ئەو بازنەیە بەشێوەیەک بوو کە رۆناڵد رەیگان رقێکی گەورەی بەرامبەر بزوتنەوە چەپەکانی ئەمریکای ناوەند و باکوور هەڵگرت،و لەدژیان وەستایەوە. نیئۆکانەکان وایان لەرەیگان کرد کە بەچاویلکەی شەری ساردەوە سەیری هەموو رووداوە ناوچەیی و جیهانییەکان بکات،و لەسەرووی هەموویان هەڕەشەی ئێران، پرسی فەڵستین و شۆرشی نیکاگارۆئا بوو. لەهەموو شوێنێکیش سی ئای ئەی سیاسەتی نیئۆکانەکانی جێبەجێ دەکرد،و بەدوای دژبەرە رێکخراوو بەهێزو لەوانەش گرنگتر دژە چەپەکاندا دەگەران، بۆ ئەوەی یارمەتیان بکەن،و وەکوو کارتی گوشار بەکاریان بهێنن، بەڵام هیچ

کوردێکی ڕۆژهەڵاتی یان نیئۆکانەکانی نەدەناسی، یانیش نەیتوانی ئەو بازنەیە بەهێزو دەسترۆیشتووە بدۆزێتەوە.

نیئۆکانەکان لەسەردەمی بیل کلینتۆندا پاشەکشەیەکی کەمیان کردبوو، ئەگەرچی لەناوەندە ئەمنییەکاندا بڕیاریان هەر بەدەست بوو، بەڵام لەسەر مێزی سیاسەت کەمتر دەبینران، بەڵام لەسەردەمی جۆرج بوشی کوڕدا جارێکیتر و ئەمجارەیان بەهێزتر هاتنەوە ناو گۆرەپانەکە،و توندتر لەسەردەمی ڕەیگان ئەمجارە ژوورو تیۆرییەکی تایبەت بە گۆڕینی سیستەمی حکومڕانیان لەئێران دانا. لەو کاتەیدا کە بەرپرسانی ئێران چاوەڕێی دەستخۆشیکردن لەئێران بوون، کە لە پەلاماردانی ئەفغانستان یارمەتی ئەمریکایان دابوو، بەڵام لە٢٠٠٢ جۆرج بوش ئێرانی لەلیستی وڵاتانی میحوەری شەرارەت دانا. ئەوەش واتای ئەوەی دەگەیاند کە ڕژێمەکانی عێراق، کۆریای باکوور و کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ بڕوخێن،و نەمێنن. هەر لەو کاتەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەسەدان ملیۆن دۆلاری بۆ لاوازکردنی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرخانکرد، و زۆرکەس پێیوابوو کە لەناوبردنی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەوێتە پێش ڕژێمی بەعس، بەڵام یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەولەویەتدان بەلادانی سەدام ئەوە بوو کە ئەمریکا هێزی خۆجێیی شەرکەری لەعێراق هەبوو، کوردەکان و شیعەکان لەئەمریکا لۆبی خۆیان کردبوو،و لە عێراقیش ئامادەیی شەڕیان تێدابوو. بەڵام لەئێران کوردەکان ئەگەرچی پێشمەرگەو ڕێکخستنیان هەبوو، بەڵام دەستیان بەناوەندەکانی بڕیاری ئەمریکا نەگەیشتبوو،و دۆزیان هەتا ڕادەیەکی زۆر بۆ کۆشکی سپی نامۆ بوو،و لەدەرەوەی جولانەوەیەکی چەپی سەیر نەدەکرا، هاوکات ئۆپۆزسیۆنی ناوەند و بەتایبەت پان ئێرانییەکان هەموو لۆبییەکیان کرد، کە ئەمریکا هێرش بۆ سەر ئێران نەکات، بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان لێکهەڵنەوەشێت.

ئەگەر پێمانوابێت کە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانای خەباتی چەکداری و تووندڕەوانەیان نییە، یان باوەڕیان پێ نییە، کەبتوانن لەسەر پلانەکانی نیئۆکانەکانی ئەمریکا بەگژ کۆماری ئیسلامی ئێراندا بچن، بەڵام لە ٢٠٠٦ ڕئالیستەکانی ئەمریکا دەسەڵاتیان گرتەوە دەست،و ڕاپۆرتی "بیکەر - هەمیلتۆن" شێوازی گفتوگۆو خەباتی مەدەنی لەدژی وڵاتانی "میحوەری شەرارەت"-ی پێشنیار دەکرد،و گرەوێکی زۆریشیان لەسەر نارەزاییەکانی ٢٠٠٩-ی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری کرد، و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ پەرەپێدانی دیموکراتی لەئێران خەرج کرد،و یەک دۆلاریشی بەر کورد نەکەوت، چونکە نەئەمریکییەکان شارەزایی بزوتنەوەی کوردی بوون،و نەکوردیش پرۆپۆزێل و بەرنامەیەکی ئەوتۆی هەبوو، کە کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرێت. لەکاتێکدا ٦ ڕۆژنامەنووسی فارس بە پرۆپۆزێلێکی ١٠ لاپەرەیی توانیان ١٠ ملیۆن دۆلار بۆ خەباتی ڕاگەیاندن و مەدەنی لەدژی

**ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەربگرن!**

**لۆبی کوردەکانی ڕۆژهەڵات هەمیشە حزبە سوسیال دیموکراتەکان بوونە، ئەو حزبانە کەمترین کاریگەریان لەبڕیارەکانی جیهاندا هەیە،و لەئەمریکاش نین،و پێش ناچێت بەمزووانە هەبن. هەربۆیە کەمترین دەنگی کوردانی ڕۆژهەڵات تەنانەت لە ژووره پەراوێزەکانی کۆنگرێس و کۆشکی سپی و بگرە تینگ تانکەکانیشیاندا دەبیسترێت. بۆ یەکەمجار کۆمسیۆنی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا ناسراو بە کۆمسیۆنی هیلسینکی سەر بەکۆنگرێسی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٣ سمینارێکی لەسەر دۆخی کوردەکان بەڕێوەبرد، کەچی یەک کوردی ڕۆژهەڵات لەناو قسەکەراندا نەبوون. بەشداربووەکان لەیلا زانا، ئەحمەد تورک، بەرهەم ساڵح، نەجمەدین کەریم بوون،و وتاری هەموویان لە کتێبی "کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا" هاتووە،و باسی کوردی ڕۆژهەڵات نەکراوە.**

**هەموو ئەوانەم بۆیە باسکرد کە بڵێم ئەمریکا زیاتر لە ١٥٠ ساڵە لە ناوچەدا ڕۆڵ دەگێڕێت، و پێیەکیش هەر لەو ئێرانەدا بووە، کە پارچەیەک لەکوردستانی داگیرکردووە. لەسەردەمی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران ڕاکێشانی سرنجی ئەمریکا بۆ دۆزی کورد ناموومکین نەبوو، بەڵام دژوار بوو، چونکە ستراتیژی ئەمریکا بەهێزکردنی ئێران و بەژاندارمکردنی لەکەندا و ڕێگریکردن لە هەیمەنەی کۆمۆنیزم بوو،و ئاراستەی چەپی بزوتنەوەی کوردی هیچ چانسێکی نەبوو کە ڕای سیاسی و گشتی ئەمریکاییەکان ڕابکێشێت. بەڵام لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەمریکا دەیان سیناریۆی لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەبووە،و لەدژی ئەو حکومەتەی کوردەکانیش بەدوژمنی خۆیان دەزانی، بەڵام ساڵانێک بەچەپرەویی و ساڵانێکیش بە بێدەنگی و بێ بەرنامەیی بەسەر کوردەکاندا تێپەری. ئەنجامی ئەو بێ بەرنامەیی و نەخوێندنەوەی واقیعی سیاسی گەورەترین و بڕیاربەدەسترین وڵاتی جیهان ئەوەیە کە ئێستا لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری ئەمریکادا نە دۆناڵد ترەمپی کۆمارییەکان و نە هیلاری کلینتۆنی دیموکراتەکان دوور یان نزیک هیچ باسێک لە دۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکەن، ئەو پرسەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە لەسەر پێیە، بەڵام داهاتووەکەی دیارنییە.**

**سەرچاوە: ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦**

## لاوانی کورد، سەری ڕمی ناسیونالیسمی مەدەنی

ڕووداوەکانی سەد ڕۆژی رابردوو دەتوانێ تێگەیشتنێکی واقیعیمان لە خواست و چالاکییەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ بدا. وردبوونەوە لە ڕووداوەکانی ئەو سەد ڕۆژە سەلماندی کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێگومان ئەکتیڤترین و ئاگاترین و ناسیۆنالیستترین لاوانی چوارپارچەی کوردستان و ئێران و بگرە ناوچەکەشن.

### هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێران

بەپێچەوانەی دەورەی پێشوو ئەمجارەیان حەسەن ڕوحانی هیچ بەڵێنێکی بە کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان نەدا و بۆ یەکجاریش باسی لەبەیاننامە ١٠ مادەییەکەی دەورەی پێشووی خۆی نەکرد. نە ئەوکات و نەئێستاش باس لە نوێنەرێکی حکومەت بۆ کاروباری کەمینەکان نەکراوە و ناکرێ. جگە لەهەمووی ئەوانەش کابینەی حکومەتی حەسەن ڕوحانی لەهەموو لایەکەوە لەئێران بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەت زۆر ناسەرکەوتوو بوو. ڕێژەی بێکاری و کوشتنی کۆڵبەران و لەسێدارەدانەکان زیادی کردو ئازادی قسەکردنیش شتێکی ئەوتۆ زیادی نەکرد. بەڵام لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا لەسەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ستادەکانی ڕۆحانیدا زۆرترین قسە دەکرا و زۆرترین موسیقای ڕیتمیکی کوردی لێ دەدرا. لاوان لەبانگەشەکاندا ویستیان لە دۆخەکە کەڵک وەربگرن و زۆرترین بەشدارییان کرد. ئەوان لە میتینگەکاندا بەشداربوون و خواستە نەتەوەیی و ڕێکخراوەیی و ئابوورییەکانی خۆیان هێنایە بەرباس. بەڵام لەو ڕێژەیەی کە دەنگیان دا و بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، ڕێژەی کەمیان لاو بوون، بەدواداچوونە مەیدانییەکانیش (لەرێگەی پرسیار لەدەنگدەرە لاو و خوێندکارەکان) ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەوانەی تەمەنیان لە ٤٥ بۆ ٥٠ ساڵ سەرووترە زۆرترین دەنگ دەدەن، چونکە موحافیزەکارترن و بانگەشە و هەڕەشەکانی دەسەڵاتداران زیاتر کاریان تێ دەکا و، بەستنەوەی ژیانی ڕۆژانەش بەو مۆرەی کە لە شوناسنامە دەکەوێ هاندەرێکە بۆ دەنگدان. هۆکارێکی دیکەش ئەو وێنەیەی خودی دەسەڵات لە ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕکەبەری ڕۆحانی دروستی کردبوو، وایکرد لەترسی ڕەئیسی و گەڕانەوە بۆ دواوە، بڕیار بدرێ جارێکیتر تەحەممولی ڕۆحانی بکەن. بەگشتی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئەمجارەدا لاوان زیاتر لە بانگەشەکان و لەستادەکان دەبینران و، کەمتر چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

### خۆپێشاندانەکانی بانە

هەر لەو سەد ڕۆژەی ڕابردوودا لە بانە خۆپێشاندانێکی بەرفراوان بۆ مەحکومکردنی کوشتنی کۆڵبەران کرا، ڤیدیۆ و وێنەکان بەڕوونی پێمان دەڵێن کە لاوان ڕۆڵی سەرەکییان لەو خۆپێشاندانانەدا دەگێڕا. لە بانە لەسەر داوای ژمارەیەک چالاک و هەڵسووڕی مەدەنی کە بە شوناس و ناوی ئاشکرا داوایان لە خەڵک کردبوو لە ڕۆژێکی دیاریکراودا خۆپێشاندان بکەن، خۆپێشاندانەکە سەری گرت و دەنگدانەوەی زۆریشی هەبوو. لەو خۆپێشاندانەدا خەڵک و بەتایبەت لاوان بە بیر داوای ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکەوە چوون و دواجار بینیمان کە دەزگا سەرکوتکەرەکان ژمارەیەک لەو چالاکانەیان دەستبەسەرکرد. بەڵام کە ویسترا ئەو خواستە لە سنە و لەلایەن هێزێکی سیاسییەوە کۆپی بکرێ سەری نەگرت، ئەو ئێوارەیەی کە داواکرابوو لەسنە خۆپێشاندان بکرێ، لەڕاستیدا بەدەیان بەڵگەی دیار دەرکەوت کە خەڵک بەپیل ئەو داوایە نەچوون. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕاوە لاوان کە ئامادەی هەموو چالاکییەکن لەپێناو مافە ڕەواکانیان، بەڵام پرسیار کەرن و هەڵسەنگاندن بۆ داوای داوالێکەرەکان دەکەن و ئەوەش ڕوونە کە تەنانەت ئەو کۆڵبەرەی کە لەپێناو کۆڵبەرەکەی دیکەدا خۆپێشاندان دەکا زانکۆی تەواو کردوە و مۆبایلەکەی ئەنتێرنێتی هەیە و ئاگاداری دەورووبەری خۆیەتی.

### ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان

بەپێچەوانەی ئەوەی باس دەکرێ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە پارتین و نە یەکیەتین و تەنانەت زۆر کەمیان لایەنگری پەکەکەن. بەڵام کاردانەوەیان بۆ هەموو ڕووداوەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان میراتگری ناسیۆنالیزمی دەوڵەت نەتەوەیە، ئەوان لە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری و هەمزە ئاغای مەنگورو سمایڵ ئاغای سمکۆوە خواستی دەوڵەت نەتەوەیان هەبووە و لە کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایانە سەر واقیع، کەواتە ئاساییە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت لاوەکانی پشتیوانی لە ڕێفراندۆم وەکوو مافی سەرەتایی لە دیموکراسی و سەربەخۆیی و وەکوو مافێکی بنەڕەتی بۆ گەلی کوردستان لەهەر پارچەیەکدا بکەن، کە هەوڵی بۆ دەدا. ئەوان لەدەرەوەی پارتی و یەکیەتی لەگەڵ سەربەخۆیی بوون و دوایەش دژی ئەو تراژیدییە بوون کە بەسەر کوردستانیان هێنا. ئەوان نە لەگەڵ ئەو پاساوانەن کە بۆ کەموکوڕی و نوقسانییەکانی دەسەڵاتدارەتیی پارتی و یەکیەتی دەهێندرێنەوە و نە پشتیوانیی

ڕەهاش لە ئاڵترناتیڤەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکەن. لە ڕاستیدا پرسە ئاساییەکانی باشووری کوردستان هیچ کونجێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەخۆیەوە سەرقاڵ نەکردووە، بەڵام ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆییان وەکوو پرسێکی نەتەوەیی و کوردستانی سەیرکرد و بە نەفرەتەوە باسی سەبەبکارانی ئەو ڕەوشە کارەساتبارە دەکەن کە بەسەر کەرکووک و بە گشتی باشووری کوردستانیان هێنا.

## ترازیدیاکەی کرماشان

ڕووداوی بومەلەرزەکەی سەرپێلی زەهاو و و دەوروو‌بەری تراژیدیا و ڕوداوێکی ناخۆش و دڵتەزێن بوو، بەڵام لە لایەک یەکگرتوویەکی گەورەی لەکوردستان دروست کرد و لەلایەکی دیکەش جارێکیتر بەهێزی و ئاگاداربوونی کۆمەڵگەی مەدەنی_کوردی کوردستانی سەلماندەوە. خۆ بە وردبوونەوەیەکی خێراش بۆمان دەردەکەوێ کە لاوان پێشەنگی بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووانی سەرپێل و گوندەکانی دەوروبەری بوون. کوردەکان لەدەرەوەی مەزهەب و ئایین و دووریی جوغرافیا بەشێوەیەک خاوەندارەتییان لە کرماشان کرد کە گەورەترین شۆکی لە پەیکەری سپای پاسداران دا. تاران لە ٤ ڕۆژی یەکەمدا لەشۆکی ئەو هەڵمەتە کوردستانییە بۆ کرماشاندا بوو، دواییش بۆ گۆڕینی وێنە واقیعیەکە کەڵکی لە هەموو تواناکانی خۆی وەگرت و تەنانەت سازمانی دەنگوڕەنگ و سەرجەم سێلبریتییەکانی خۆی لە وەرزشکار و ئەکتەرەوە هێنایە سەرخەت بۆ ئەوەی یارمەتییەکە وەکوو هەڵمەتێکی ئێرانی نیشان بدا، بەڵام بەئێستاشەوە سەرکەوتوو نەبوو. لە بوومەلەرزەکەی کرماشاندا دەرکەوت کە خەڵک متمانەی بە ڕێکخراو و کەسایەتییە مەدەنییە کوردییەکان هەیە و، وەکوو خۆپێشاندانەکەی بانە چالاکانی مەدەنی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو، یارمەتییەکان نە بە هیلالی ئەحمەری ئێران و نە بە سوپای پاسداران دەدران، بەڵکو سەرجەمیان بە پووڵی کاش و یارمەتیی دیکەوە ڕادەستی کەسایەتی و ڕێکخراوە مەدەنییە کوردییەکان دەکران و، لەسەرجەمیشیاندا ڕۆڵی سەرەکی بە لاوان بوو.

### ئەنجام:

بە پێچەوانەی ئەوەی باس دەکرێ کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک نین و بە پاسیڤ باسیان دەکەن، بەڵام ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، بەتایبەت سەد ڕۆژی ڕابردوو سەلماندییەوە کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیار دەکەن، گومانیان بۆ دروست دەبێ و هەر بۆیە ئاساییە کە نەخشەڕێگەی خۆیان بۆ بەرەودان بە خەباتی

ڕزگاریی نەتەوەیی هەبێ و هەیانبووە. زێدەڕۆیی نیە کە بڵێین لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکترین لاوی هەر چوارپارچەی کوردستانن، چونکە یەکەم لەهەمبەر هیچ ڕووداوێکی پەیوەندیدار بە پرسە نەتەوەییەکان بێدەنگ نابن و بەشێوازی جیاواز هەڵوێست وەردەگرن، هەمیش لە بۆشایی نەبوونی ڕاگەیاندن و زەمینەیەکی دیموکراتیک خۆیان قۆڵیان لەپاراستنی زمانی کوردی و ژینگەی کوردستان هەڵماڵیوە و تەنانەت خاوەنداره‌تیی گەورەیان لە زیاندیتووانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی کرماشان کرد.

ئەوەی کە ئێستا دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان خاوییەکی پێوەدیارە، هۆکارەکەی لاوازی و بێ ئیرادەیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵکوو ئەو ڕووداوە ناوچەیی و جیهانییانەی کاریگەرییان لەسەر باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان داناوە، لە ڕۆژهەڵات ڕووی نەداوە.

لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جوغرافیای ئێراندا ڕێک ئەو گرفتانەیان هەیە کە لە تاران و لە ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە، بێکاری، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، تەڵاق و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە کوردستانیش هەن و زیاتریشن و ئەوەش دەرەنجامی سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڵام لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئیمتیاز و خولیا و پرۆژەیان هەیە کە لە هیچ یەک لە بەشەکانی دیکەی ئێران بە تارانیشەوە نابینرێ. لاوانی ڕۆژهەڵات بەپێچەوانەی لاوانی دیکەی ئێران نائۆمێد نین، لەکاری ڕێکخراوەیدا پێشەنگن، ژینگە پارێزن، زمان پارێزن، پاراستنی خاک و تاکی کوردستانیان کردووەتە ئەرکی لە پێشەوەی خۆیان و ئەوەش دەری دەخا کە ئەوان خوێندنەوەیەکی دیکەیان بۆ ناسیۆنالیزم کردوە. ئەوان ئێستا سەری ڕمی ناسیۆنالیزمی مەدەنین.

(لە ژمارەی ٧١٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

# ئایا رووسیا هاوپەیمانی ئێرانە؟

## لەپەیوەندی لەگەڵ سەفەری رۆژی چوارشەممەی پۆتن بۆ تاران

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا "هاوپەیمانی ستراتیژی" زۆرترین کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی وڵاتان دەبێ، هەر وڵاتێک هاوپەیمانی ستراتیژی زیاتری هەبێ، بێگومان بەهێزترو رەوانتر دەتوانێ کایەی سیاسی بکات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران جگە لە بەشێک لەسوریا و عێراق و حزبوڵای لوبنان هیچ هاوپەیمانێکی ستراتیژی دیکەی هەیە؟ ئێستا کە پۆتن جارێکیتر سەردانی تاران دەکات، ئایا رووسیا هاوپەیمانی ستراتیژی ئێرانە؟

ئەگەر لەسەر زاری ئێرانییەکان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بەڵێ رووسیا هاوپەیمانی ستراتیژی یان بەگوتەی خۆیان "راهبردی" ئێرانە، دوو نموونەی ڕوون هەن، ساڵی رابردوو عەلی شەمخانی سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی ئێران دوای جێگیربوونی فرۆکە جەنگییەکانی رووسیا لە نۆژەی هەمەدان گوتی:" پەیوەندی ئێمە و رووسیا ستراتیژین،و هەربۆیە ئاساییە کە فرۆکەکانی لەئێرانەوە دژبەرانیان لەسوریا بۆردومان بکات." رۆژێک دوای ئەوەش عەلی ئەکبەر ویلایەتی راوێژکاری رێبەری ئێران بۆ کاروباری دەرەوە کە وەکوو وەزیری سێبەری دەرەوەی ئێرانیش دەناسرێت، رایگەیاند کە تێروانینیان بۆ رۆژهەڵات پەیوەندی بەو پەیوەندییە ستراتیژییەوە هەیە کە لەگەڵ وڵاتانی وەکوو رووسیا و چین هەیانە. لەراستیدا ئێرانییەکان تەنیا بەزمانی فارسی دەستەواژەی هاوپەیمانی "راهبردی" بەکاردەهێنن،و بەزمانەکانی دیکە خۆیان لەو دەستەواژەیە دەپارێزن، چونکە خۆشیان دەزانن کە ئێران بەتایبەت لەسوریا بۆ رووسیا تەنیا تاکتیکە،و هیچیتر.

### رووسیا چۆن لەو پەیوەندییە دەروانێت؟

کۆشکی کرملین چەند ساڵ جارێک نەخشەرێگەیەک بۆ داهاتووی سیاسەتی دەرەوەی بڵاودەکاتەوە، کە لەو نەخشەرێگەیەدا حیساب بۆ رەستەو وشەو بگرە فاریزەکانیش دەکات. لەنوێترین نەخشەرێگەدا لەمانگی نۆڤەمبەری

٢٠١٦ رووسیا بەڕوونی تێروانینی خۆی بۆ داهاتووی سیاسەتی دەرەوەی شیکردووەتەوە. پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئۆکراینی دراوسێی تێدایە، هەتا هیندستان و کەنەداو بگرە ئاسیای دوورو ئەفریقاش.

کورد و بەتایبەت لەباشووری کوردستان کە دەیهەوێ لەسەر ئەرزی واقیع سیاسەت بکات، بێگومان دەبێ ئەو نەخشەرێگەیەی رووسیا هەم بە چاو و هەمیش بەلێکدانەوە بخوێنێتەوە. لەو نەخشە رێگەیەدا چین و هیندستان هاوبەشی ستراتیژی رووسیان، یەکێتی ئەوروپا بۆ رووسیا هاوبەشێکی گرنگی بازرگانییە، نەک هاوبەشێکی ستراتیژی. رووسیا بەپێی ئەو نەخشەرێگەیە دەیهەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەنەدا و ئۆکراین پەرەپێ بدات، و پێگەی خۆی لە ئاسیا و زەریای هێمن قائیمتر بکات. لەهەمووشیان سرنجراکێشتر رووسیا بەریتانیا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لاداوە،و ئیسپانیای لەجێگەی داناوە. هاوکات پێداگرییەکی زۆر لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی رووسیا و ئەمریکا دەکاتەوە، نەخشە رێگەکە دەڵێ پەیوەندی پتەوەی رووسیا و ئەمریکا بۆ ئاسایشی جیهانی پێویستە!

لەنەخشە رێگەکەی رووسیا بۆ داهاتووی سیاسەتی دەرەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران نەک ستراتیژی نین، بەڵکو هەر خودی پەیوەندییە ئاساییەکەش ئەگەری زۆری تێدایە. لەمادەی 94-دا هاتووە کە رووسیا هەوڵ بۆ پەیوەندییەکی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێران دەدات، و هەوڵ دەدات رێکەوتنی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ وڵاتانی پێنج کۆ یەک لەسەر بنەمای بڕیاری ٢٢٣١-ی ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ بکرێت. ئەوە تاکە رەستەیەکە کە راستەوخۆ باس لە ئێران دەکات،و پەیوەندییەکەش بەستراوەتەوە بە رێکەوتنی ئەتۆمی و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەرامبەر ئێران، و بەهیچ شێوەیەک نە هەوڵدان بۆ گفتوگۆی ستراتیژی تێدایە، نە هاوپەیمانی ستراتیژی ئێران و رووسیای تێدا باس کراوە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە لەو نەخشەرێگەیەی کرملین-دا،و لە بڕگەی ٩٥ - دا باس لەگفتوگۆی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتانی هاریکاری کەنداو دەکات. رووسیا لەکاتێکدا دەیهەوێ گفتوگۆی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو بکات، کە ڕوون و ئاشکرایە کە یەکێک لە مەرجەکانیان کەمکردنەوەی پەیوەندی تاران لەگەڵ کرملین دەبێ، جا هەر لەو نەخشەرێگەیەدا باس لە هەبوونی رووسیا وەکوو ئەندامی چاودێر لە کۆبوونەوەی وڵاتانی هاریکاری کەنداو دەکات!

ئەو پەیوەندییە تاکتیکییەی ئێران و ڕووسیا گرفتی جیدی دیکەشی هەیە، لەنەخشەڕێگەکەی ڕووسەکانەوە دیارە کە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکایان زۆر لا گرنگە، بەڵام ئەمجارە بەپێچەوانەی سەرەتاکانی شەڕی سارد کە ئەمریکا حاکمی بێ ڕکابەری ناوچەکە بوو، ئەمجارە ڕووسەکان هەم پشت و هەمیش بەشداری کارایان لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکانی لانیکەم ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئەمریکا دەوێ، هەربۆیە هەر شوێنێک ئەمریکییەکان لێی شلن، ڕووسەکان بۆی دەچن. ئەگەر ئەمریکا پشکی ڕووسەکان لەبازار بەگشتی و بازاری وزە بەتایبەتی بدات، و وەکوو یاریکەرێک حیسابی بۆ بکات، ئیتر تاکتیکەکەی کرملین سەردەگرێت، و ئیتر ئەوکاتیش ئێران بۆ ڕووسیا تەنیا کەرەستەیەکە بۆ دانوستاندن لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان.

ئیتر ئێرانییەکان لەو دەستاودەست کردنەی ڕووسیا بۆ رادەستکردنی قەڵغانی موشەکی S٣٠٠ ئەگەریش دەری نەبرن، بەڵام نیگەرانن. دەگوترا دوای ڕێکەوتنی ئەتۆمی ڕووسیا چەندین ملیار دۆلار چەک و تەقەمەنی بە ئێران دەفرۆشێت،و هەر ئەوەش وەکوو یار نیشانیان دەدات. بەڵام تاکوو ئێستا ڕووسیا هیچ چەکێکی پێشکەوتووی بە ئێران نەداوە، ئەوەی باسی رادەستکردنی S٣٠٠- یش دەکرێ، هەمووی پروپاگەندایە، دوای ئەوەی ئیسرائیل بەڵگەی ئەوەی بەرووسەکاندا کە حزبوڵای لوبنان چەکی قورسی ڕووسەکانیان پێیە، کرملین دەستی لەهەموو شتێک راگرت، کەواتا ڕووسیا تەنانەت نیگەرانییەکانی ئیسرائیلیشی پێ لە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئێران گرنگترە.

سەبارەت بە پرسی نەوت و گازو وزە بەگشتی تاران و مۆسکۆ نەک خالی هاوبەشیان نیە، بگرە زیانیشیان بۆ یەکتر هەیە، ئێران لەدوای لاچوونی گەمارۆ ئەتۆمییەکان دەیهەوێ بەهەموو شێوەیەک بازاری پێشووی خۆی لەنەوت و گاز بدۆزێتەوە،و تەنانەت فەرەبووی ساڵانی گەمارۆشی بکاتەوە، ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ڕووسیا ١٠% لەبازاری نەوت وگازی خۆی لەدەست دەدات. زیاتر لە ٥٠%-ی بودجەی ڕووسیا لەسەر نەوت و گازەکەیەتی، هەربۆیە بەرزبوونی نرخی نەوت بۆ ئەوان زۆر گرنگە،و لەو ماوەیەشدا ئێران هۆکارێکی جیدی دابەزینی نرخی نەوت بووە.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەش لە دوو ساڵی رابردوودا سەرجەم هاتوچۆکانی بەرپرسانی ڕووسی و ئێرانی بۆ لای یەکتر بەهۆکاری قەیرانی سوریا بووە، چونکە ئەو دوو وڵاتە توانیویانە بڕاوە بن،و داشی دیمەشق بەسەر بەشەکانی دیکەی ئێراندا سوار بکەن، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی دەبینرێت کەلێنە گەورەکەی ئێران و ڕووسیا لەسوریایە. بۆ

رووسەکان مانەوە یان نەمانەوەی بەشار ئەسەد زۆر چارەنووسساز نیە، لەراستیدا رەنگە ئەگەر بەشار ئەسەد نەمێنێ، کرملین باشتر دەتوانێ بەرژوەندییەکانی لەناوچە بپارێزێت، کەواتا هەم لە لێدوانەکانیان و هەمیش لە نەخشەرێگەکەی رووسیادا باس لە پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ بەشار ئەسەد نەکراوە.

بەڵام ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بەهیچ شێوەیەک راست نیە، هەبوون و مانەوەی ئێران لەسوریا بەتەواوەتی گرێدراوی مانەوەی بەشار ئەسەد یان لانیکەم سەرۆکێکی عەلەوییە. بەشار ئەسەد بۆ ئەو دۆخەی ئێستای قەرزداری تارانە،و ئێرانیش بۆ مانەوەی لەهێلی ئێران لوبنان پێویستی بە دیمەشقێکە کە دەقاودەق لەوەی ئێستا بچێ.

کەواتا: ئێران بۆ رووسیا تەنیا کەرەستەیەکە بۆ ئەوەی یەکەم پشکی خۆی لەبازاری وڵاتانی عەرەبی کەنداو گرەنتی بکات،و دووەم بەشی جوگرافی و سیاسی و تەنانەت هەژمونی ناوچەیی لە ئەمریکا وەربگرێت. لەئەگەری گەیشتن بەهەر یەک لەو ئامانجانەی کە ئێستا پرۆسەی هەردووکیان دەستی پێکردووە، رووسیا بۆ ئێران دەبێتەوە ئەو رووسیایەی کە بۆ سەرجەم ئەو گەمارۆیانەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش پێش ٢١٠٤ بەسەر ئێراندا سەپێندرابوون، دەستی بەرزکردبوویەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## سەرکردایەتی هاوبەش ١٠ کۆمیتەی هاوبەشیان پێکهێنا

### هەنگاوەکان بۆ حکومەتی کاتی لە هەرێمی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد

رۆژی سێشەممە نوێنەرانی ٥ حزبی سەرەکی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوە، سێ حزب لەئاستی سکرتێر، حزبێک لەئاستی جێگری سکرتێر و تاقانە ژنی ئەو کۆبوونەوەیەش لەئاستی دەفتەری سیاسیدا هی حزبێکی ئیسلامی بوو. حزبێکیش بەشدار نەببوو، و بڕیاریدابوو کە ئەوان کاری خۆیان بکەن،و ئەویش لەکۆبوونەوەکانی داهاتوودا بەشدار دەبێ.

### میکانیزم و بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە

پێشتر لەئاستی خوارەوەدا نوێنەرانی هەر پێنج حزبەکە چەندین کۆبوونەوەی مەیدانی و تەخەسووسیان سەبارەت بە پرسەکانی هەنووکەیی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ئەنجام دابوو،و لەکۆبوونەوەی لوتکەدا بەرچاورووونییەکی کرداری لای ئامادەبووان هەبوو، هەربۆیە کەمتر گفتوگۆی دووبارە کرا،و زۆرتر بڕیار لەسەر نەخشە رێگەکان درا کە پێشتر کۆمیتە هاوبەشەکان گەنگەشەیان کردبوو،و لەچەند خاڵی دیاریکراودا ئاراستەی کۆبوونەوەی لوتکەیان کردبوو! کۆمیتەکان بریتی بوون لە (کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوە، کۆمیتەی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی هاوفکری دیکەی ئێرانی، کۆمیتەی ساغکردنەوەی جوگرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی دیاریکردن و دروستکردنی هەیکەلی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی ئێران، کۆمیتەی دیاریکردنی سەرچاوە ژێرزەوی و سەرزەوییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی بۆ داهاتووی هەرێمی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی پاراستنی مافی ژنان، کۆمیتەی فەرهەنگ و رۆشنبیری و کەلەپوور،و... هتد). دوای راپۆرتی ئەو کۆمیتانە کۆبوونەوەی لوتکە کە رۆژی سێشەممە لە بارەگای یەکێک لەو حزبانە بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کاتی لەتاراوگە ئەو بڕیارانەی دەرکرد:

**یەکەم**: هەر پێنج لایەنەکە بە راوێژکردن لەگەڵ لایەنی بەشدارنەبوو بڕیاریاندا کۆمیتەیەکی کاتی سەرکردایەتی

هاوبەش دروستبکەن،و بۆ دۆخی ئێستا هەر ٣ مانگ جارێک یەکێک لە سکرتێرەکان سەرپرشتی بکات. ئەگەرچی باس لە بەڕێوەچوونی شۆرایی ئەو کۆمیتەیەش کرا، بەڵام لەئەنجامدا بۆ ئەوەی دەرکردنی بڕیار کاتێکی کەمتر بخایەنێت، لەسەر یەک کەس بۆ ماوەی ٦ مانگ بۆ سەرپرشتی سەرکردایەتییە هاوبەشە کاتییەکە ڕێکەوتن.

**دووەم**: کۆمیتەی سەرکردایەتی هاوبەش بڕیاریاندا کە خالی هاوبەشی سیستەمی ئێرانی فیدرالی دیموکراتیک لە پێرەوپرۆگرامەکانیان بکەنە خالی هاوبەش،و خەباتکردن بۆ دروستکردنی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئێرانێکی فیدرالی دیموکراتدا بکەنە بنەمای سەرەکی و نەگۆری خەباتیان بۆ قۆناغی ئێستای خەبات.

**سێیەم**: کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوە سێ گروپی هاوبەشی دەرەوەی پێکهێنا، گروپی یەکەم لە ئەمریکا چالاکی بکات،و هەوڵ بۆ گەیاندنی بڕیارە هاوبەشەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هاوبەشی کوردستانی ئێران بدات،و لۆبی لە ئەمریکا دروستبکات. کۆمیتەی دووەم لە بروکسێل دەست بە چالاکییەکانی بکات و پانتای چالاکییەکانی بۆ رووسیاش بەرفراوان بکات،و ئەو ئەرکە لەنێو یەکێتی ئەوروپا بگرێتە دەست،و کۆمیتەی سێیەمیش کار لەسەر گەیاندنی پەیامی سەرکردایەتی هاوبەشی کوردستانی ئێران بۆ وڵاتانی عەرەبی کەنداو و وڵاتانی دراوسێی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات. کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوە دەبێ هەموو مانگێک ڕاپۆرتی چالاکییەکانی بە کۆمیتەی سەرکردایەتی هاوبەش بداتەوە.

**چوارەم**: کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ ڕێکخستنی ڕاگەیاندنێکی یەکدەست بۆ بڵاوکردنەوەی ستراتیژییەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هاوبەشی کوردستانی ئێران پێکهێندرا، ئەو کۆمیتەیە کار لەسەر ئەوە دەکات کە جیاوازی بۆچوونی لایەنە سیاسییەکان بۆ داهاتووی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانی ئێران لەبەرچاو بگرێت، بەڵام بەهاوبەشی کار لەسەر ستراتیژی گشتی سەرکردایەتی هاوبەش (بونیادنانی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئێرانی فیدراڵ)-دا بکات. ئەو کۆمیتەیە لەدرێژخایەندا (٦ مانگ بۆ ساڵێک) کار بۆ دامەزراندنی تلفزیۆنێکی بەکوالیتی هاوبەش بکات،و بۆ کورتخایەن (هەرلە ئێستاوە هەتا یەک مانگی دیکە) ڕاگەیاندن لە ئینترنێت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکبخات. (بەراوێژکردن لەگەڵ نوخبەی میدیایی دەرەوەی حزبەکان)

**پێنجەم**: کۆمیتەی دیاریکردنی سنووری حەقیقی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاسپێردرا کە بەپێی بەڵگە مێژووی و

جوگرافییەکان لەماوەی کەمتر لە سێ مانگدا ڕاپۆرتێک ئامادە بکات،و ڕادەستی سەرکردایەتی هاوبەشی حزبەکانی بکات. (بەراوێژکردن لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و مێژوونووسان و جوگرافی ناسانی کوردستان)

**شەشەم**: کۆمیتەی ئابووری و سەرچاوە ژێرزەوی و سەرزەوییەکانی هەرێمی کوردستانی ئێران دەبێ لەماوەی کەمتر لە سێ مانگدا دۆخی ئابووری و یەدەگی کانزا ژێرزەوییەکانی کوردستان ڕوون بکاتەوە، تایبەتمەندی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەڕووی ئابووری و داهات (کانزاکان، سووتەمەنی، کشتوکاڵ،...) بە خاڵ باس بکات،و بۆ سەرۆکایەتی هاوبەشی بەرز بکاتەوە.

**حەفتەم**: کۆمیتەی پەیوەندی گرتن بە دیموکرات و فیدراڵخوازانی ئێران دەبێ لەماوەی کەمتر لە سێ مانگدا پەیوەندی بەو ئۆپۆزسیۆن و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن کە داوای ئێرانێکی فیدرالی دیموکرات دەکەن، پەیوەندییەکان دەبێ بەشێوەیەک ڕێکبخرێن کە قوورسایی کورد و پێشەنگی کورد لە بەدواداچوون بۆ خواستەی تێدا بەرجەستە بکرێت.

**هەشتەم**: کۆمیتەی هاوبەشی هێزی پێشمەرگە دەبێ بۆ قۆناغی ئێستای خەبات بە پاراستنی جیاوازییە فیکرییەکانی حزبەکان میکانیزمێک بۆ دروستکردنی هێزی پێشمەرگەی هاوبەشی حزبەکان بیبنێتەوە، ئەو هێزە دەبێ هەتا بە ئامانج گەیشتنی خەبات لە سەرکردایەتی هاوبەش فەرمان وەربگرێت،و لەهەرێمی کوردستانی داهاتووشدا ئۆتوماتیک هەڵدەوشێتەوە،و دەستووری داهاتوو هەیکەلی پێشمەرگەی کوردستان دادەڕێژێتەوە. ئەو کۆمیتەیە دەبێ لە کەمتر لەسێ مانگدا ئەو میکانیزمە بە سەرکردایەتی هاوبەش پێشنیار بکات.

**نۆیەم**: کۆمیتەیەکی تایبەتمەند ڕاسپێردرا کە ڕاپۆرتێکی کامڵ لەسەر دۆخی کرماشان و ئیلام ئامادە بکات،و هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و سیاسیی و ئابوورییەکانی ئەو ناوچانە بە خاڵ باس بکات،و پێشنیارەکانیش بۆ خەباتی داهاتوو لەو ناوچانە باس بکات. (ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆران و کەسایەتییە ئاکادیمییە کوردپەروەرەکانی ئەو ناوچانە بکرێت.)

**دەیەم**: کۆمیتەیەک پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ لەماوەی کەمتر لە سێ مانگدا دوا ئامارەکان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بەتایبەت لەسەر سەر ئیعتیاد، تەڵاق و خۆکوژی ئامادە بکات،و هۆکارو چارەسەرەکانیش باس بکات، بۆ ئەوەی لە راگەیاندنی هاوبەشی حزبەکاندا رەنگبداتەوە.

سەرجەم ئەو ١٠ خاڵە دەبێ لەماوەی دیاریکراودا کارەکانیان ئەنجام بدەن، سەرکردایەتی هاوبەشیش کە لەدوا کۆبوونەوە دروستکراوە، حەفتانە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات،و لەکۆبوونەوەی لوتکەی داهاتوودا هەم بڕیار لەسەر راپۆرتی کۆمیتەکان دەدات،و هەمیش بە ئامادەبوونی نوێنەری ژنان و گەنجان کۆمیتەیەک بۆ ئەوانیش دروست دەکات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠١٨

## چەند خاڵی ناوخۆیی لەسەر دیکیۆمێنتی (کوی سەنجەق) کە سوپای پاسداران بڵاویکردووەتەوە.

١- بە رۆژی رووناک لایەنێکی کوردی چاوساغی ئێران بۆ چەککردنی حزبی دیموکرات بووە،و دواییش خودی فوئاد مەعسوم داخوازییەکانی سوپای پاسدارانی بۆ حزبی دیموکرات بردووە،و ئەوانیش ئەگەرچی نەدەبووا واژۆی بکەن، دیارە واژۆیان کردووە.

٢- سوپای پاسداران لەئێران خراپ لە پارتی حالی ببوون،و پارتی بەناچاری بەهۆکاری مان و نەمان لە پاسداران نزیک ببوو، لە باشووری کوردستان بۆیان دەرکەوت کە پارتی چارەی ئێرانی تیرۆریستیشی ناوێت.

٣- چەککردنی حزبی دیموکرات هەموو مەترسییەک لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەرەوێنێتەوە. واتە ئێران یەک دژبەری سەرەکی هەبووە.

٤- بەکارهێنـانی سەرجەم سەردارەکانی سوپای پاسداران (قاسم سلێمانی، محەمەد عەلی جەعفەری، سەفەوی، کازمی...و هتد) لەلایەک دەرخەری گرنگی چەککردنی دیموکراتە،و لەلایەکی دیکەشەوە دەرگای بۆ سوپای قودس کردەوە کە لەرێگەی دۆزینەوەی دەستەمۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە دەست پێبکات.

٥- گرنگتر لەوانەش ئەوە بوو کە حزبی دیموکرات بەکردار تاکوو ئەو ماوەیەش پابەندی ئەو رێکەوتنە شومەی لەگەڵ لایەنێکی کوردی و سوپای پاسداران بوو،و کەمتر سەرئێشەی بۆ ئێران دروستکرد.

٦- هەروەکوو هەمیشە لەسەر ئەوە باوەرە بوومە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ژمارەو ئامار لاوازترین وڵاتی ناوچەیە، بەڵام لەهەناردەکردنی ترس بۆ وڵاتانی دراوسێ سەرکەوتوو بووە،و هاوکات کەسان و لایەن گەلێکی لەوڵاتی مەبەست چاودەبەری خۆی کردووە،و خۆبەکەم زانینی کوردیش لەولا بوەستێت.

٧- بڵاوکردنەوەی ئەو دیکیۆمێنتارییە لە کاتی ئێستادا دوو هۆکاری سەرەکی هەیە، لەو نائارامیانەی ئێران تاکە هێزی رێکخراوو چەکدار کە دەتوانێ هاوکێشەکان بگۆرێت کوردە، جگە لەوەش سوپای پاسداران و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دەیهەوێ وێنەی ناسیۆنالیستبوون و سەرکردەبوونی مەسعود بارزانی کەدوای ریفراندۆم دروستیکردووە، لە زاکیرەی خەڵکی رۆژهەڵاتدا بسرێتەوە، بەڵام هەر بەخودی دیکیۆمێنتارییەکە ئەنجامی پێچەوانەی لێ وەردەگرێت

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٣ی جانێوێری ٢٠١٨

## کیانی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕۆژئاوای نیشتمان

نابێ دەرفەتی دروستکردنی کیانی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕۆژئاوای نیشتمان لەکیس بچێ، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئەو خالانە زەروورن:

١- نابێ هەتا سەرکەوتنی کۆتایی باسی دیموکراسی لەڕۆژئاوای کوردستان بکەن، فرە حزبی کۆتایی بەو خەونە دەهێنێت.

٢- دەبێ هەمیشە شەقام بۆ بەرپەچدانەوەی هەموو ئەگەرێک ئامادە بێ، ئیدیۆلۆژی کوردایەتی دەبێ وەکوو ئایین پیرۆز بکرێت، پێداگری لەسەر بە دیموکراتکردنی ناوچەکە کۆتایی بە خەونی دەوڵەتی کوردستان دەهێنێت.

٣- بەهەموو شێوەیەک گەندەڵکاران دەبێ لەسێدارە بدرێن.

٤- لەخۆبەڕێوەبەری و تەنانەت فیدەرالیشدا نابێ ئەو هەستە لای تاکی کوردستانی دروستبکەن کە کۆتایی بە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی هاتووە، نەمانی هەستی شۆڕشگێری لە هەر قۆناغێک جگە لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان دیسان کۆتایی بە خەونی دەوڵەتی کوردستان دەهێنێت.

٥- نابێ سەرکردایەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەبیری هاوپەیمانی لەگەڵ تاران، ئەنکەرە، بەغدا و دیمەشق دابێ، ئەگەر هەر یەکێکیانی وەکوو دۆست بینی کۆتایی بە پرۆژەی دەوڵەتی کوردستانیش دێت.

٦- گرنگترین خاڵ بۆ گەیشتن بە ئامانج پاراستنی ئەخلاقە، ئەخلاق بە هەموو ڕەهەندە هزری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٨

# تێبینییەک بۆ کاک عارف قوربانی

## نزیکبوونەوە لەنێران دوورکەوتنەوەیە لە ئامانج

لەراستیدا وەکوو زۆر مەسەلەی دیکە بۆ دارشتنی سیاسەتیش کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەت بەرێرەوی عەقڵانی خۆیدا ناروات، لەزۆر کاتدا رۆژنامەنووس و پێدراوی رۆژنامەوانی جێگەی بە ستراتیژی، و رۆژنامەوان جێگەی بە ستراتیژیست لێژ کردووە. ئەوەش وایکردووە کە سیاسییەکان هەرگیز نەتوانن دوورەدیمەنی خۆیان ببینن، یان بیر لە دارشتنی ستراتیژییەک بۆ داهاتوویەکی دوور بکەنەوە. وەکوو چۆن رۆژنامەنووس قسەوباس یان دەبێ قسەوباس لەسەر رووداوەکانی رۆژ بکات، سیاسییەکانیش وا راهاتوون کە تەنیا حەفتەیەک یان ئەوپەری مانگێک پێش خۆیان ببینن. لەراستیدا ئەرکی رۆژنامەوان تەنیا گواستنەوەی هەواڵەکانە، رۆژنامەنووس ستراتیژیست ، لێکۆلەر، سیاسی و تەنانەت چالاکوانی مافی مرۆڤ و مەدەنیش نیە، تەنیا ئەرکی ئەوەیە کە دیمەنی رووداوەکان وەکوو خۆی بلاوبکاتەوە، تێکەڵکردنی قسەی رۆژنامەنووس لەهەواڵ باش یان خراپ ئەو دیمەنەی کە بینەر دەیهەوێ بیبینێت لێل دەکات،و بەمشێوەیە سەرەتا غەدر لەخۆی ئینجا لە خەڵک و نیشتمانەکەشی دەکات.

هەربۆیە بەو پێیە ئەگەر کاک عارف قوربانی خۆی بە رۆژنامەنووس بزانێت، تێروانینەکانی لەسەر نزیکبوونەوەی باشووری کوردستان لە ئێران زیان لێدان لە پیشەکەیەتی، جا ئەگەر جەنابیان خۆی بە ستراتیژیست و لێکۆلەر دەزانێت، ئەمجارەیان تێروانینەکانیان بەتایبەت دوا وتاری کە لە رووداو لەژێر ناوی (ئەمریکا دەروا، ئێران دەمێنێتەوە) بلاوکراوەتەوە، چەندین هەڵەی مێژووی و سیاسی تێدایە، کە دەریدەخات کە بەپێدراوی رۆژنامەوانی دیهەوێ نەخشەرێگەی ستراتیژی بۆ سەرکردایەتی باشووری کوردستان دابرێژێت.

مێژووی دەستەواژەی ستراتیژی بۆ ٣٤٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح دەگەرێتەوە، لەکتێبی (Art of war)-ی ژەنەرالی چینی سان تزو (Sun Tzu) بۆیەکەمجار بەکارهاتووە، ژەنەرال سان مەبەستی لەستراتیژی دۆزینەوەی باشترین رێگە بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمن دابوو. هەربۆیە دەستەواژەی ستراتیژی لە (Strategos) بەمانای

(ژەنەراڵی سوپا) وەرگیراوە. بەڵام دواتر ستراتیژی لەدادوەری و پرسە مەدەنی و بەتایبەت سیاسییەکانیش بەکارهێندرا، لەهەمووشیاندا گەیشتن بە ئامانج مانا بە ستراتیژی دەدا.

لەگەڵ تەمەنی زۆری بەکارهێنانی دەستەواژەی ستراتیژی بەڵام لەسەدەی بیستەمدا شوێن پێیەکی قائیمی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی پەیدا کرد، لەگەڵ لەدایکبوونی "سیاسەتی نەتەوەیی" یان "ئاسایشی نەتەوەیی" رێکارو نەخشە رێگەیی ستراتیژیش مانایەکی گەورەتر و واتایەکی بەهێزتری وەرگرت. ئیتر لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە هەموو رێکارەکان تاقیکرانەوەو ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو، دەستەواژەی ستراتیژی گشتی ( Grand strategy) لەدایکبوو، ئەوەش تێکەڵاوێک لە ستراتیژی و سیاسەتی نەتەوەیی بوو. ستراتیژی گشتی پاراستنی ئاسایشی ئابووری، سیاسی و بازرگانی و... هتد لەیەک کاتدا لەخۆی دەگرت. هەربۆیە نەتەوە بە دەوڵەتەکان بەجیا لەلایەن خۆیانەوە ستراتیژی خۆیان بۆ مسۆگەرکردنی داهاتوو دارشت، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان ستراتیژیان کردە سەربەخۆبوون و دروستکردنی دەوڵەت، هەربۆیە کە یەکێتی سۆڤیەت رووخا چەندین دەوڵەت دامەزران، هیچیان داوای خۆبەرێوەبەری دیموکراتیک،و فیدرالی و تەنانەت کۆنفیدرالیان لەچوارچێوەی رووسیا و سۆڤیەتدا نەکرد، سەرجەمیان ئامادەیی زەینیان هەبوو،و ستراتیژی خۆشیان بۆ دروستکردنی دەوڵەت دانابوو،و لەزۆرینەی حاڵەتەکانیشدا سەریگرت.

ئیتر ستراتیژی لەسەدەی بیستەم لەنەخشەرێگەیەکی سەربازی گۆرا بە نەخشەرێگەیەکی پتەوو نەگۆری سیاسی، کارل فون لازوتیز (Carlvon Clausewitz) کە یەکێک لەستراتیژیستە کۆن و ناودارەکانی جیهانە دەڵێ شەڕ درێژەپێدانی سیاسەت بەشێوەیەکی دیکەیە، بەرای ئەو سیاسەت و شەڕ نە زۆر رەشن و نە زۆر سپین، بەڵکو ئەوە ستراتیژییە سەرەکییەکەیە لەئێستادا یەکێکیان دەهێنێتە پێش،و ئەویتریان بۆ کاتێکی دیکە رادەگرێت. کەواتا ستراتیژی لەکۆن و لەئێستادا و بێگومان لەداهاتووشدا کار بۆ گەیشتن بەئامانجێک دەکات، کە داهاتوو مسۆگەر بکات. نەخشەرێگەی ستراتیژی چەتوون، پشوودرێژ، عەقلانی، واقیعبین، فرەرەهەند بەڵام لەهەمانکاتدا پێداگرە لەسەر گەیشتن بەئامانجە نەگۆرەکەی.

یەکەم پرسیار بۆ دۆخی باشووری کوردستان ئەوەیە کە ئەو بەشە لەکوردستان دەیهەوێ بەکوێ بگات؟ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانی وەکوو ستراتیژی خۆی پێناسە کردووە؟ دەیهەوێ لەعێراقی دیموکرات و فیدرال!- دا بژیت،

یان دەیهەوێ عێراقییەکی لەهەمووان عێراقیتر بێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر سادە، بەڵام یەکجار چارەنووسسازە. بەدرێژایی مێژوو سەرکردە کوردەکان و بەتایبەت ڕەوتی چەپ بۆ ڕاکێشانی جەماوەر باسیان لەسەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان کردووە، بەڵام دوایی بەپاسای واقیعی سیاسی خەونەکەیان بە پۆست و پلەوپایەکی شەخسی و حزبی فرۆشتووە، ئەوە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان هەر ڕاستە.

بەپێی ئەو ناسینەی کە لەرێگەی نووسین و هەڵوێستەکانی لەکاک عارف قوربانی هەمە، وای دادەنێم کە بەرێزیان کەسێکی نەتەوەیین و دەیهەوێ کوردستان سەربەخۆ و دەوڵەتی خۆی هەبێ، کەواتا ستراتیژی جەنابیان وەکوو تاکێکی کوردو خوێنەوارێک نەک ڕۆژنامەنووسێک! سەربەخۆیی باشووری کوردستانە. زۆر سادەو ساکار ستراتیژی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لەگەڵ ستراتیژی درێژخایەن و کورتخایەنی کۆماری ئیسلامی ئێران نایەتەوە، هەربۆیە ناکرێ دوو ستراتیژی دژبەیەک دۆستایەتییەکی مانادرایان هەبێ، یەکیان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بەستراتیژی خۆی دەزانێت، و ئەویتریان ڕێگریکردن لەدامەزراندنی ئەو دەوڵەتە بەستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت، ئیتر چۆن دەکرێ ئەو دوو ستراتیژییە پێک ناکۆکە لەسەر یەک مێز دابنرێن، بێگومان بۆ ماناداركردنی گفتوگۆکان دەبێ یەکیان واز لە ستراتیژییەکەی خۆی بهێنێ، بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆکان بکرێتەوە! ئایا ئێران واز لەستراتیژی خۆی بۆ ڕێگریکردن لە دەوڵەتی باشووری کوردستان دەهێنێت؟ بەچەندین هۆکار ئیمکانی نیە ئەو کارە بکات، چونکە ئەو پرسە لای ئێرانییەکان تەنیا پەیوەندی بەکۆماری ئیسلامی ئێرانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە قاجارو پەهلەوییەکان و بەگوتەی خۆیان نەوەی داهاتووشیانەوە هەیە، ئەوان بەشێک لە باشووری کوردستان بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی دەزانن،و عەلی ئەکبەر ویلایەتی ڕاوێژکاری ڕێبەری ئێران بۆ کاروباری دەرەوە لەماڵپەری خۆیدا بەئاشکرا سلێمانی بە بەشێک لەخاکی ئێران دەزانێت، ئەوە بەشێک لە"نۆستالیژیای" ئێرانە. جگە لەوەش دەوڵەتی باشووری کوردستان هاندەرێکی گەورەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان،و ئەوەش پەیوەندی بە "ئاسایشی نەتەوەیی" ئەوانەوە هەیە. جگە لەو دووخاڵە دەوڵەتی باشووری کوردستان بێگومان دەولەتێکی سیکۆلارو دیموکرات دەبێ قبووڵکردنی دەوڵەتێکی ساوای کوردی سیکۆلارو پێشکەوتوو ئەویش لە تەنیشت ئێرانێکی ۲۵۰۰ ساڵەی جارجار پاشایەتی دیکتاتۆرو جارجار مەزهەبی ئیدیۆلۆژیدا تەحەمول ناکرێت، جا لەوە گەرێ کە خۆویست یان خۆنەویست دەوڵەتی باشووری کوردستان کردنەوەی بالێکی سیاسی و سەربازی و تەنانەت کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا بۆ دراوسێیەتی ئێرانە، ئەوەش هەر پەیوەندی بە "شکۆی مێژوویی" و "ئاسایشی نەتەوەیی" ئێرانەوە هەیە، کەواتا موومکین نیە کۆماری ئیسلامی ئێران، یان کۆماری دیموکراتی ئێران، یان کۆماری

لیبرالی دیموکراتی ئێران و حکومەتی سوسیال دیموکراتی ئێران و هەتا دوایی قبووڵی دەوڵەتی باشوری کوردستان بکەن، ئەوە لای ئێرانییەکان بڕاوەتەوە،و بەشێک لەستراتیژیانە.

ئێستا چار چیە؟ واز لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بهێنین، یان ستراتیژییەکی گونجاو بۆ ئەو ئامانجە دابڕێژین، ئەو ستراتیژیە بێگومان بە تاران، ئانکارا و دیمەشق و بەغدا دا ناروات، بەڵکو تەنیا و تەنیا ئەو ستراتیژییە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک جێبەجێ دەکرێت، چونکە دوو ستراتیژی نەک ناکۆک بەڵکو پێچەوانە ناتوانن لەسەر هیچ پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەیەک کاتدا سوودی بۆ هەردوولا هەبێ.

لەراستیدا کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە هێرشی پێچەوانەی بۆ سەر ناسیۆنالیزمی کوردی لەباشوور دەست پێکردووە،و بەداخەوە بەهۆی زاڵبوونی حزبایەتی بەسەر کوردایەتیدا زۆر چاک سەرکەوتوو بووە، هەرگیز ئێران نەیویستووە کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی ستراتیژی و بەگوتی خۆیان "ڕاهبردی" بکات، بەڵکو هەمیشە حزبێکی وەکوو دۆست و هاوپەیمانی خۆی دیاریکردووە، بۆ ئەوەی هەم لەبەرامبەر حزبی بەرامبەر پشتیوانی لێبکات، هەمیش لەکاتی پێویستدا بۆ ئامانجەکانی خۆی کە زۆرجاران خستنەوەی ناکۆکی لەبەرەی کوردستانیدایە بەکاری بهێنێت، جا چونکە پیرۆزی حزب لەبەهای ستراتیژی کوردستانی زیاتربووە، زۆربەی جار سەرکەوتوو بووە، دوا نموونەش ١٦-ی ئۆکتۆبەر داگیرکردنی کەرکوک بوو. ئەگەر پێشمەرگەیەکی یەکدەست، هاوپەیمانییەتێکی کوردستانی لەسەر بنەمای ستراتیژییەکی کوردستانی هەبووا، بێگومان بۆشاییەک بۆ قاسم سلێمانی نەدەبوو کە کەڵکی لێوەربگرێت. هۆکارێکی سەرەکی دیکەش ئەوەیە کە حزبە کوردییەکان لەنزیکبوونەوە لە ئێران هێندە نزیک دەبنەوە کە ڕێگەی گەڕانەوەیان نابێ،و لەو کاتەی پێویستیان بە ئێران بووە هێندە لاواز دەرکەوتوون کە لەو کاتەی ئێران پێویستی پێیان هەیە ناتوانن لەقسەی دەربچن. کەواتا خودی حزبەکان هۆکاری بەئاغاکردنی ئێران بەسەر هەرێمی کوردستانەوەن.

جگە لەوەش هەرگیز باشوری کوردستان بۆئێران پرسێکی سیاسی نەبووە، بەڵکو کوردستانی بە جوگرافیایەکی مەترسیدار بۆ خۆی دیتوە کە کاراکتەری لاوازی تێدان،و زۆر باشیش خواست و پەیوەندی نێوان حزبەکانی خوێندووەتەوە، هەربۆیە هەمیشە مامەڵەی ئێران لەگەڵ باشووری کوردستان لەڕێگەی سوپای قودسی پاسداران بووە، لەنێو سوپای قودسیش بەردەوام لەڕێگەی حاجی و فەرماندە پلە چەندەکان ئەمری بە سکرتێرو

سەرکردایەتی حزبەکان کردووە، هەمیشە حاجی ئاغای بێ ناوونیشان کاریان کردووە، تەنیا لە پرسی ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆی و مەسەلەی داگیرکردنی کەرکوک بۆ ڕێگریکردن لەسەربەخۆیی قاسم سلێمانی راستەوخۆ هاتەسەر هێڵ، چونکە ڕێگریکردن لەدروستکردنی دەوڵەتی کوردستان ستراتیژی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییانە. کەواتا نەبوونی ئەتەکێت و پرستیژی سیاسی حزبەکان و لەرزۆکی گوتاری دەوڵەت-نەتەوە و گەندەڵی و لاوازی ژێرخانی ئابووری و نەبوونی ستراتیژی ئاشکرای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و نایەکگرتوویی حزبەکان، ئێرانی بۆ باشوور مەترسیدار کردووە، نەک ئێران خۆی.

ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان زۆر دەستکەوتی مێژوویی و سیاسی و مەعنەوی هەبوو، بەڵام لە ناکارامەیی حوکمرانی کوردی زیانی ئابووریشی هەبوو. ئەو برسییەتییە دەرەنجامی ریفراندۆم نیە، بەڵکو ریفراندۆم وایکرد کە شەقامی کوردی زۆرتر تەحەمولی ئەو برسیەتییە بکات، هۆکارەکە ناکارامەیی حکومەتی کوردی لە دوو دەیەی رابردوو بوو، گەندەلی و بێ بەرنامەیی و نەبوونی نەخشەرێکەیەکی ستراتیژی درێژخایەنی ئابووری هۆکاری ئەو بێ موچەییە بوو، نەک ریفراندۆم.

لەگەڵ ئەوەش ریفراندۆم دەریخست کە کاریزما دەتوانێ دروست ببێت،و ناوچەو تەنانەت جیهانیش لەسەر پرسێکی رەوا بشەلقێنێت، زلهێزەکان لەدوو رێگەی بەرژەوەندییەکانیان و داوایەکی رەوای دیموکراتی دابنێن، ئەگەرچی زۆربەیان رێگەی یەکەم هەڵدەبژێرن، بەڵام خواستی نەتەوەیەک بۆ سەربەخۆیی چووەتە نێو باکگراوەندی کورتخایەن و درێژخایەنیان. ریفراندۆم دەریخست کە هیچ پارچەیەکی کوردستان ئەگەر خواستی سەربەخۆیی هەیە ناتوانێ دۆستایەتییەکی مانادار لە گەڵ وڵاتانی دراوسێی و بەتایبەت ئەوانەی خۆیان پرسی کوردیان هەیە، بکەن. دەریخست کەئێران و تورکیا و تەنانەت عێراقیش کوردستانێکی لاوازی دەستەمۆیان دەوێ، سنووری دۆستایەتیشیان هەتا ئەو شوێنەیە کە داوای دەوڵەت و سەربەخۆیی نەکەیت،و ئەو سنوورە ببەزێنیت بەهەموو شێوەیەکی رەق و نەرم پەلامارت دەدات، هەر وەکوو باشووری کوردستان پەلامار درا. ئەو قۆناغە زۆر ئالۆزە،و دەرچوون لێی دژوارە، خەریکە باوەرمان پێ دەهێنن کە جوگرافیا بندەستییمان لێدەکاتە چارەنووس. لەو جوگرافیایە گەمارۆدراوەدا ئایا کوردەکان سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیان دەوێ، یان باوەر بە شاعیرانە بوونی ئەو خەونە دەهێنن؟ ئەگەر تەسلیمی ئەو چارەنووسە بوون و وازیان لە سەربەخۆیی هێنا، ئیتر باشوور چ پێویستییەکی بە تاران و ئەنکەرەو دیمەش هەیە، دەتوانێ لەعێراقی حەبیبدا گرێکانی لەگەڵ بەغدا بکاتەوە، بۆ

پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئەوە هەر ڕاستە.

مادام جوگرافیاکە بەو وڵاتانەوە تەنراوە کە ستراتیژیان ڕێگریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، دەبێ چی بکرێت؟ لەو دۆخەدا بۆ ستراتیژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دیپلۆماسی هیچ واتایەکی نیە، چونکە دوو خواستی ستراتیژی دژبەیەک هەر وەکوو باسمان کرد ناتوانێ دەرگا بۆ گفتوگۆ بکاتەوە. کەواتا جارێ لەباشووری کوردستان دەبێ حزبێک لەدایک بێت، یان حزبێک ستراتیژییەکەی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بگۆڕێت،و بەئاشکراش سەرەتا بۆ ڕای گشتی کوردستان و دوایی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باسی بکات. ئەو حزبە دەبێ بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە لەحکومەتی داهاتوودا هەموو وەزارەت و وەزیرەکانی پلان و کرداری شۆرشگێرانەیان دەبێ، ئابووری و هێزێکی پێشمەرگەی یەکدەستی ڕاهاتوو بۆ مسۆگەرکردنی دەوڵەتی کوردستان دروست دەکات، لەو دۆخەدا میدیا دەبێ سنووردار بکرێت، گەندەڵەکان دەبێ دادگاییەکی شۆرشگێرانە بکرێن، بەتووندتری شێوە سزا بدرێن، جیاوازی چینایەتی تەنانەت لەنێوان سەرۆکی حکومەت و کەسێکی ئاسایی بگەیەندرێتە ئەو پەری کەمی خۆی، کەسانی ناخۆشەویست و ئۆپۆرتۆنیست و ماستاوچی یان زیندانی بکرێن، یان خانەنشین، سیستەمی حوکمرانی لە سیستەمێکی ناکارامەی دەستەمۆی ئابووری بەغدا بکرێتە سیستەمێکی شۆرشگێرانەی خۆماڵی. حزبەکە دەبێ وێنای ئەو دەوڵەتەش بۆ بەردەنگەکانی بکێشێتەوە کە ئەگەر دەوڵەتەکی دامەزراند لەڕووی ئابووری و سیاسی و سیستەمی حوکمرانی چ سیستەمێکی دەبێ، دەبێ بەرنامەی ستراتیژی خۆی بکاتە پرۆژەی هەڵبژاردنەکان، دژوارییەکانی سەر ڕێگەی گەیشتن بەو ئامانجەش بۆ دەنگدەرانی باس بکات، ئیتر ئەو حزبە کاریزمایەکی نەتەوەیی پێویستە کە باوەری تەواوی بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەیە، کاریزمایەک کە دەنگدەران لەگەڵ ئەو دەنگەی پێی دەدەن ئامادەبن گیانیشیان فیدای جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەو ستراتیژییە بکەن کە دەنگیان بۆ داوە. جگە لەو ڕێگەیە باشووری کوردستان هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ سەپاندنی خواستی خۆی نیە، یان دەبێ بگەرێتەوە بۆ قۆناغی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی،و خۆی بەو ئاراستەیە بگۆڕێت، یان واز لەدەوڵەتی کوردستان بهێنێت،و لەماڵی خۆی دابنیشێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٨

## سێ گۆشەکەی عەزیزیسم، مافی نەتەوەیی لەپێش دیموکراسیدا

سێ گۆشەیەک کە لوتکەکەی مافی نەتەوەیی، گۆشەیەکی دیموکراسی و گۆشەیەکی دیکەی ڕێکەوتنە، ئەوە دەکرێ نەتەوەییترین ڕێگەچارە بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان بێت، ئەویش لەسەر زاری عەزیزێک کە نەیارانی بە ئێرانچی بانگی دەکەن! بۆ هەوڵی خوارتێگەیشتن یان تێنەگەیشتن لە ڕێبازی عەزیزیسم وەکوو نەخشەرێگەی داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدرێت؟ ئەو کەسانەی کە دژایەتی یان بێرێزی بەو عەزیزە دەکەن، هەڵقووڵاوی حزبی دیموکرات بە هەردوو باڵەکەیەوەن، هەندێکیان تەنیا وەکوو کاردانەوەو تەواو رووکەش و نەخوێندەوارانە قسەی لەسەردەکەن،و تەنیا هەڵچوونە، هەندێکیش شارەزایی دیرۆکی ٤٠ ساڵەی حزبەکەیانن،و دەزانن ئەوەی باس دەکرێت، نەک جیاوازی بەڵکوو ناکۆکییەکی زانستی و مەفهوومی لەگەڵ نەخشەرێگەی پێشوو هەیە، لێدان لەدروشمێک کە ماوەیەکی زۆر شوناسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، ئەویش "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"- ە.

سێ گۆشەی عەزیزیسم هەڵقووڵاوی واقیعی ئێستای کوردستان، ئێران و ناوچەکەیە، رەنگە لەمیکانیزمدا گۆرانکاری بەسەردابێت، بەڵام گۆرانکاری بە ئامانجەکەیدا نایەت، مافی نەتەوەیی لە لوتکە، دیموکراسی لە گۆشەی چەپ و ڕێکەوتن لەگۆشەی راستییەتی. واتە ئەو ڕێبازە نایهەوێ لەسەر دیموکراسی بۆ ئێران رێکبکەوێت، و مافی کوردستانیش بکاتە دەرەنجامی ئەو ڕێکەوتنە، چونکە لەبنەمادا ڕێکەوتن لەسەر دیموکراسی بۆ ئێران مەرج نیە هیچ مافێکی بۆ کوردستان لێبکەوێتەوە، تەنانەت رەنگە ژمارەکان دۆخەکە لەوەی ئێستاش ئالۆزتر بکات. لەو سێ گۆشەیەدا لەرێگەی گفتوگۆ وەکوو میکانیزمێکی دیموکراتیک هەوڵی ڕێکەوتن لەسەر مافی نەتەوەیی دەدرێت، نەک هەوڵی ڕێکەوتن لەسەر دیموکراسی بۆ کولییەتی ئێران. لەو ڕێبازەدا بکەری سەرەکی وەکوو جاری جاران حزبەکان نین، بەڵکو کارتی گوشاری یەکەمی ئەو ڕێبازە سەرەتا شەقامی رۆژهەڵاتی کوردستانە، شەقام لەهەموو ڕێگەیەک خواستە سیاسی و مەدەنییەکانی داوا دەکات، گوشاری دووەمیش لەرێگەی حزبە سیاسییەکان دەهێندرێت، چونکە مادام سیاسەت بە حزب دەکرێت، حزبیش دەبێ تەواوکەرو پشتیوانی داوای جەماوەر بێت. پێشتر حزبەکان و نوخبەی سیاسی تاراوگەنشین بەهەموو چالاکییەکی نێوخۆیی رەشبین بوون، گومانیان لە هەموو جولەیەکی نێوخۆیی

هەبوو، لەقۆناغی یەکەمدا عەزیزیسم وایکرد ئێستا شەرە لەسەر بەهی خۆکردنی چالاکییە نێوخۆییەکان، دواتریش چالاکانی مەدەنیش ئیبتکاری عەمەلیان وەرگرت،و ترسی تاوانبارکردنیان لە لایەن ڕێکخستنی حزبەکانیان لا نەماوە،و ئەگەریش هەبێ ئیتر زۆر گوێی پێ نادەن.

لەسێ گۆشەی عەزیزیسم - دا دیموکراسی چەمکێکی فەڵسەفی نیە، بەڵکو میکانیزمێکی سیاسییە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژمارەوە هەیە، کە باسیش هاتەسەر ژمارە یەکەم کورد ناتوانێ مافەکانی تەنانەت وەکوو خۆبەڕێوەبەرییەکی سادەش بەیاسایی بکات، دوایی ئەوەش خۆسەرقاڵکردن بە دیموکراسی ئێران، واتە بەفیرۆدانی وزەی سیاسی و مەدەنی کوردستانە بە پرسەکانی ئێران،و زۆر بەشی کوردستانی تێدا نامێنێت. یەکێک لەخالە سەرەکییەکانی عەزیزیسم ئەوەیە کە نایهەوێ کۆپی باشووری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات، بەر لەهەموو شتێک چاوی لە سەرۆککۆمار، سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکوەزیرانی کورد بۆ ئێران نیە، بەڵکو دەیهەوێ کوردستان سەربەخۆو دیموکرات و مەدەنی بێت، نەک ئێران بکاتە دیموکرات، چونکە لەئێرانی دیموکراتدا ئەمجارەیان لەڕێگەی هەڵبژاردن داگیرکاری کوردستان بە یاسایی دەکرێتەوە، ئەوەی لەباشوور بەو هەموو جیاوازییانەی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیەتی ئێستاش بەغدا خەونی پێوەدەبینێت.

بەکورتی لەسێ گۆشەکەی عەزیزیسمدا خەڵکی کوردستان لەڕێگەی میکانیزمە دیموکراتەکان (خۆپیشاندان، کەمپەین ڕێکخستن، چالاکی مەدەنی و ئەدەبی جۆراوجۆرو هەڵوێست نواندی سیاسی) داواکانی خۆیان باس دەکەن، گوشاری شەقام و دوای ئەویش حزبەکان دەبێ کۆماری ئیسلامی ئێران ناچار بە ڕێکەوتن لەسەر مافی نەتەوەیی بکات. ناچار بەو واتایەی کە لە سێ گۆشەکەی عەزیزیدا تەنیا گۆشەی سەرێ واتە لوتکە (مافی نەتەوەیی) نەگۆڕە، دوو گۆشەکەی دیکە بەپێی هەڵومەرج دەگۆڕدرێن، هەربۆیە حزبەکان وەکوو خاوەندی هێزی سیاسی و چەکدار دەبێ ئامادەی ئەگەرەکان و گۆڕینی گۆشەکانی ئەو سێ گۆشەیە بن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

## فەرهاد پیرباڵ

ئەو کاتەی رەهەندییەکان وەرگێرانەکانیان بە نووسینی خۆیان دەرخواردی خەڵک دەدا، فەرهاد پیربال گوندبەگوندی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی مێژووی ژنان، وێنە و کەلەپووری کوردی دەگەرا، ئەو کاتەی رەهەندییەکان لەژێر سێبەری حزبێک و شارێک سەنگەریان لە حزب و شارێکی دیکەی کوردستان دەگرت،و وەکوو ئازادی دەرخواردیان دەدایـن، فەرهاد پیربال ئامادەبوو لەپێناو راگرتنی ئەو کۆنەقینە کارەساتبارە خۆی بسووتێنێت. ئەو کاتەی رەهەندییەکان لە١٧-ی شوبات نوێژیان بۆ ڕووخاندنی حکومەتی هەرێم و بەدیاریکراوی هەولێر دەکرد، فەرهاد پیربال لەهەولێرەوە چووە سلێمانی بۆ ئەوەی هەم هاودەنگیان لەگەڵ بکات، هەم پێیان بلێ ئەرکی رووناکبیر شتێکی دیکەیە، بەلام تێرشەق کرا! ئەو کاتەی رەهەندییەکان هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی باشووری کوردستانیان پێ رێگە چارەی رزگاری بوو، پیربال داوای ئیمپراتۆریەتی کوردستانی دەکرد. ئەو کاتەی موریدەکانی رەهەندییەکان دژی ریفراندۆم وەستانەوە،و ١٦-ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا،و سەربازی عێراقی پێشمەرگەی کوردی شەهید کرد،و شتنووسە بەناو ڕووناکبیرەکان متەقیان لێ نەهات، فەرهاد دژی عەرەب و تورکمانە چەقەڵ ئاساکان وەستاییەوە.

هەمیشە گوتوومە فەرهاد پیربال قووڵترین و نیشتمانپەروەرترین خوێندەواری کوردە، لەو دگمەن ئاکادیمیستەکانە کە خوێندنەوەکەی بۆ پاساوهێنانەوەی داگیرکراوی بەکارناهێنێت، لەدگمەن ئاکادیمییە کوردەکانە کە فێری تیۆری نەبووە کە ئەمری واقیعی پێ قبووڵ بکات،و پاساو بۆ داگیرکراوی خۆی بهێنێتەوە. پیربال فەرەنسای بۆ کوردستان جێهێشت، رەهەندییەکان لە ئەوروپاوە کوردستانیان بنکۆڵ کرد، وایان لێکرد کە کەس کاغەزی کەس ناخوێنێتەوە، خوێنەرەکانیان لەبێ شوناسی دەنالێنن، ئێستا فەرهاد پیربال شێتە،و ئەوان ئەفەندی...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

# نوخشە لە باشوور و باکوورەکەی خۆشمان

کۆریای باکوور و کۆریای باشوور خەریکە ڕێکدەکەون، جگە لەو دیمەنەی کە لەمیدیادا دەبینرێت،و ئەو زەمینەیەی کە ماوەی مانگێکە میدیا نیشانی دەدات، بەڵام پاڵنەری سەرەکی نزیکبوونەوەی ئەو دوو کۆریایە نیشتمان پارێزی و نەتەوە پەرەستی خۆیانە، ئەو هۆکارە کەمتر باس دەکرێت، بەڵام هۆکاری سەرەکییە.

دیمەنی ژۆرنالیستی ئەو ڕێکەوتنە بەمشێوەیە وێنا کراوە، ترەمپ دەیهەوێ لە گەڵ کۆریای باکوور ڕێکبکەوێت،و کۆریای باشووری کردووەتەوە کوێخای ئەو ڕێکەوتنە، ئەوەش دەگوترێ کە ئەمریکا کابینەیەکی دژە ئێران و نزیک لە کۆریای باکووری داناوە. وێنایەکی دیکەش ئەوەیە کە گەمارۆ ئابوورییەکان پشتی کۆریای باکووری شکاندووە، ئەو بە ناچاری ئەو ژەهرە دەخواتەوە، بۆ ئەوەی بەرەو دارمانی راستەقینە و نارەزایی کردارەکی نێوخۆیی نەبێتەوە. ئەوە رایەش هەیە کە کۆریای باکوور دەستی بە چەکی ئەتۆمی راگەیشتووە،و ئێستا وەکوو وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆم دەیهەوێ گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی دیکە بکات، ئەمجارەیان وەکوو خاوەن چەکی ئەتۆمی بگەڕێتەوە نێو سیاسەت و بازاری جیهانی. هەمووی ئەوانە ڕووییەکی راستیان هەیە، بەڵام ئەوەی باکوور و باشووری کۆریای لە یەک گرێداوە، هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی قۆناغەکەیە.

بۆ ئەو دوو برایە وڵاتی چین ئاگرخۆشکەرەی شەڕی نێوانیانە،و بە بەکارهێنانی کۆریای باکوور لەدژی رۆژئاوا و براکەی رای گشتی سەرقاڵکردبوو. مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت کە ژاپۆن چاوی لەهەردوو کۆریاکە بڕیوە، ئێستاکێ کە بێدەنگە هۆکارەکەی ئەوەیە کە توانای نیە. ئەمریکاش ئەگەرچی پێی خۆشە ئاسیاییەکی ناوەراست و دووری سەقامگیری هەبێت، هەڕەشە لە ژاپۆنی هاوپەیمانی سیاسی و ع ِاتیفییەکەی (دوای رووداوەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی) نەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دۆستی هەتا هەتایی ئەو دوو برایە نیە،و لەئان و ساتدا دەتوانێ ئەولەویەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئەو بەشە لەئاسیا بگۆرێت.

ئەوەی ئەو دوو کۆریایە لە یەک گرێدەدا، مێژوویەکی هاوبەش، کلتوورێکی وەکوو یەک و بەرژەوەندیی هەتا

هەتایی هاوبەشە، پێشتر ئایدیۆلۆژیا ڕێگەی بەو برایەتییە نەدەدا، بەڵام کیم جون ئون قۆناغێکی نوێی دەست پێکردووە، ئەوان نایانهەوێ وڵاتانی دەورووبەرو زلهێزەکان لەدژی یەکتر بەکاریان بهێنن. ئەو دوو کۆریایە دوور نیە هەتا ئاستی کۆنفیدرالیبیەکی مەزن و نوێش هەنگاو بهاوێن، ئەو گوندەی سەدان ساڵ شەڕی براکوژی تێدا یەکلایی بووەتەوە، بکرێتە هێمای ئاشتی هەتا هەتایی ئەو دوو برایە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٨

## زاهیدەکانی ئەوان و لاهورەکانی ئێمە

ئەردەشیر زاهیدی وەزیری دەرەوەی ئێران لەسەردەمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی بوو، دوای ئەویش دوایین نوێنەری ئێرانی سەردەمی پەهلەوی لە ئەمریکا بوو. زاهیدی بۆ ماوەیەک هاوسەری شاناز پەهلەوی خوشکی شا بوو، دواتریش کە لەو جیابوویەوە هەروەکوو کەسێکی نزیکی محەمەدرەزا مایەوە،و بەرادەیەک لە محەمەد ڕەزا شا نزیک بوو کە هەر کاتێک محەمەد ڕەزا شا بەهۆی نەخۆشی سەردانی دەرەوەی ئێرانی کردبا لەگەڵی بوو. ئەردەشیر زاهیدی لەگەڵ سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ لە لایەن شۆرشگێرە ئیسلامییەکان کە دەستیان بەسەر شۆرشەکەدا گرتبوو وەکوو خائین و دەستە راستی محەمەد ڕەزا شا سەیر دەکرا، هەربۆیە ئێرانی بەجێهێشت،و ئێستا لە وڵاتی سویسرا نیشتەجێیە.

ئەو کورتە لەژیانی زاهیدی بۆ ئەوە بوو کە دەربکەوێت کە دوژمنی سەرەکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتووە لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزدا وتارێکی توند لەسەر سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ بەرامبەر ئێرانی ئیسلامی شیعەی باوەرمەند بە ویلایەتی موتلەقی فەقی دەنووسێت. ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز ئامادە نیە کە وتارەکەی لە بەشی وتاری میوانان بڵاوبکاتەوە، هەربۆیە بە تێچوویەکی زۆری مادی لەگیرفانی خۆی وتارەکەی لە بەشی ریکلامی نیۆیۆرک تایمز بڵاودەکاتەوە، تەنیا بۆ ئەوەی قسەکەی بگاتە گوێی کابینەی دۆناڵد ترەمپ و خودی سەرۆککۆماری ئەمریکا.

ئەردەشیر زاهیدی لە وتارەکەیدا دەنووسێ:" هەڕەشەکردن لە ئێران ئەنجامی نابێت، بەدرێژایی هەزاران ساڵ مێژووی ئێران، وڵاتەکەی من لەبەرامبەر بێگانەکان ملی کەچ نەکردووە، لەدۆخە کارەساتبارەکان یەکگرتوون. لەدەرەوەی باوەڕو تێڕوانینە جیاوازەکان لەسەر دەسەڵاتی ئێستای ئێران لەبەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکاندا خەڵکی ئێران یەکگرتووییە. مێژوو داگیرکەران فێردەکات کە واز لەبیرۆکە بێ ماناکانیان بۆ وێرانکردنی ئێران بهێنن، پشیلەکان خولیای مشکیان هەیە، بەڵام هیچ کەس تونای تێکشکاندنی ئێرانی نیە." ئەوە بەشێک لە وتارە توندەکەی زاهیدییە،و هەر لەو وتارەدا پشتیوانی لە هەبوونی چەکدارانی ئێران لە سوریا دەکات، پێشتریش زاهیدی بە راشکاوی پشتگیری لە توانای ئەتۆمی ئێران کردبوو. لە وتارەکەی نیۆیۆرک تایمزیشدا وەکوو ناسیۆنالیستێکی توندی ئێرانی بە شاخ و باڵی مێژووی وڵاتەکەی هەڵدەڵێت.

بەدیاریکراوی ئەوە خواستی زۆرینەی ئەو کەسانەیە کە نیشتمانی ئێرانیان خۆش دەوێت،و ئێستا دژبەری سەرەکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانن، بەڵام لە ئەگەریش دوژمنەکەیان نوێنەرایەتی خواستە ستراتیژییەکانیان بکات، پشت لەو ستراتیژییە ناکەن، سەروەری نیشتمانەکەیان بەلاوە لەو حاکمانە گرنگترە کە تەنانەت ڕێگەی هاتنەوە بۆ وڵاتەکەشیان پێ نادەن.

ئەوە یەکەم پرۆژەی ئێرانییەکانی دانیشتووی ئەمریکا نەبوو، پێشتر لە نەوەدەکان هوشەنگ ئەمیر ئەحمەدی ئەنجومەنی (AIC) کە کورتکراوی (American-Iranian Council) دامەزراند، دوای ئەویش تریتا پارسی لە سەرەتای سەدەی بیست ویەکەم و هەتا ئێستا ئەنجومەنی (NIAC) کورتکراوی (National Iranian-American Council)-ی دروستکرد، ئەوانە تاکە هەوڵی ئێرانییەکان لە ئەمریکا نەبوو، بەڵام ئەوانە دوو هەوڵی جیدیبوون کە کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانی ئەمریکا دادەنا، بەشێوەیەک کە ساڵی ٢٠٠٢ کە جۆرج بوشی کوڕ ئێران، کۆریای باکوور و عێراقی وەکوو سێ گۆشەی شەرانگێزی ناوبرد، ئەگەری لێدانی سەربازی لەئێران زۆر لە هی عێراق زیاتربوو، بەڵام لۆبی ئێران لە ئەمریکا کاریگەری لەسەر هێرش نەکردنە سەر ئێران هەبووە. لۆبی ئێرانییەکان کە ئاواتیان چوونەوە بۆ ئێران بوو،و نەیادەتوانی وایکرد کە ئەگەریش لەئاستێکی بچووکتردا بەڵام لۆبییەکی هاوتەریبی (AIPAC)-ی ئیسرائیلییەکان لە ئەمریکا دروستبکەن. ئەو لۆبییەی کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئێرانیانەن کە دەسەڵاتی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێرانیان قبووڵ نیە. ئەوان پێیانوایە نەچوونەوە بۆ ئێران لە هەڵوەشاندنەوەی ئێران باشترە، نایشارنەوە کە دەسەڵاتی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران کاتییە، بەڵام ئێرانەکەیان هەمیشەییە،و دەبێ وەکوو خۆی بمێنێتەوە. ئەوە قسەی زۆرینەی نوخبەی سیاسی ناسیۆنالیستی ئێرانی

دەرکراو لە کۆماری ئیسلامی ئێرانن.

دۆخی نالەباری کۆماری ئیسلامی ئێران بەشێوەیەکە کە دوور نیە ئەمرۆ یان سبەی کۆتایی بەو رژێمە بێت، ئەگەرچی لۆبی ئێرانی لیدانی سەربازی لە ئێرانیان لە ئەمریکا لای بەشی زۆری دەسەلاتداران قێزەون و مەترسیدار کردووە، کەچی ئێستاش ئەو ئەگەرە هەر کراوەیە، بەڵام ئەوە لە ناسیۆنالیستبوونی ئەو ئێرانیانە کەم ناکاتەوە، کە نیشتمانەکەیان بە بێ ئامادەبوونی خۆیان لە هەموو پیرۆزییەکان پێ پیرۆزترە. نموونەی ئەردەشیر زاهیدی لەئێران زۆرن، زۆرینەی رەهای نوخبەی سیاسی دەرەوەی ئێران کە دژی ئەو سیستەم و رژیمەن بەمشێوەیە بیر دەکەنەوە، لای ئەوان خامنەیی ئەمرۆ یان سبەی دەروات، بەڵام نابێ شەڕ لەئێران هەڵگیرسێت، چونکە باش دەزانن کە تاقێک وە توقێک بکەوێت، ئەو ئێرانەی ئەوان لەخەیالیاندایە وەکوو خۆی نامێنێتەوە، لێک هەڵدەوەشێت،و نەتەوەکانی دیکەش داوای مافی خۆیان دەکەن.

## ریفراندۆمە شوومەکەی باشووری کوردستان!

نەتەوەیەک هەزاران ساڵ تەمەنییەتی، کۆنترین نەتەوەی ئەو ناوچەیە کە تێیدا دەژیت، لەراستیدا خاوەن ئەو نیشتمانەیە کە بێگانەکان خەریکە لەسەری حوکمی دەکەن، سەدان ساڵ خەباتی بێ وچانی بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی هەبووە، ئەوەی کە بۆ بە ئەنجام نەگەیشتووە، باسێکی دووردرێژە و بۆ کاتێکی دیکەی هەڵدەگرین، بەڵام " نەخوێندەواری"، "عەشیرەگەری"، "ئایین" پێشتر زیانێکی گەورەیان لەو هەستە شۆرشگێرە وڵات خوازەی کورد داوە. ئەو نەتەوەیە دەرفەتێکی گەورەی بۆ دروستکردنی دەوڵەت هەبوو، هاتنی داعش دەرفەتێکی بە کورد لەباشووری کوردستاندا کە ناوچە داگیرکراوەکانی خۆی بە رەواییەتی خوێن وەربگرێتەوە، قارەمانییەتی پێشمەرگە وایکرد کە هەموو زلهێزانی جیهان لە گۆشەنیاگەیەکی دیکەوە سەیری کوردستان بکەن، بۆری نەوتی سەربەخۆش خەونێکی دیکە بوو کە دەستکەوتێکی گەورە بوو ، هەر لەو ئێرانە رۆژی میللی کردنی نەوت چووەتە نێو رۆژمێری شانازییەکانیان، هەندێک کات پشووی فەرمیشە. کاریزمایەکی نەتەوەیی هەبوو، خواستێکی نەتەوەییشی لەپشت بوو. مەسعود بارزانی وەکوو تاکە میراتگری ناسیۆنالیزمی کلاسیکی کوردی بەو هەموو فاکتەرانە و لەوانەش گرنگتر بۆ ئەوەی قسەیەکی جیدی لەسەر مافی رەوای گەلی کورد لەو پارچەیە بکات، ریفراندۆمی ئەنجامدا. پێش ئەوەی وڵاتانی دەرەکی قسەیەکی جیدی بکەن، لەنێوخۆی کوردستان دژبەری جیدی و هەتا سەر ئێسقای بۆ ئەو ریفراندۆمە ئەویش بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروستبوو، کورد هەبوو لەسەرجەم کۆبوونەوەکانی لەگەڵ نوێنەری وڵاتان دژی ریفراندۆمەکە قسەی دەکرد، پارەیەکی زۆر خەرجکرا کە ئەنجامەکانی

ریفراندۆم کاریان پێ نەکرێت، ئەویش سەرەتا نەک لە لایەن بێگانەو داگیرکەرانەوە، بەڵکو لەلای کوردەکان خۆیانەوە. کار گەیشتە ئەو شوێنەی ٥١%-ی خاکی کوردستان بە شەوێک رادەستی داگیرکەران کرا، ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوەی ریفراندۆمەکەی بارزانی ئەویش بۆ سەربەخۆیی کوردستان سەر نەگرێت.

پاساوی راستەقینەی دژبەرانی ریفراندۆم لای هەندێک هێزی سیاسی دەستڕۆیشتوو تەنیا ئەوە بوو کە نابێ کوردستان لەسەر دەستی مەسعود بارزانی سەربەخۆ بێت. سەرمایەدارەکان ئامادەنەبوون کە سەرمایەکانیان بخەنە خزمەت ئاواتە پیرۆزەکە، ئەوان نەک ئەوەیان نەدەویست بەڵکو سەربەخۆیی کوردستان لانیکەم بۆ ماوەیەک بازاری بەربڵاوی عێراقیشی لێ دەستاندن. نوخبەی رۆشەنبیری کوردیش هاواریان دەکرد کە دەوڵەتێکی کوردستانمان ناوێ کە بارزانی بناغەدارێژەری بێت! ترسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی وایکرد کە عێراقچێتی لە کۆنتێستێکی دیکەدا سەر هەڵبداتەوە. رەوتی چەپی نوێخواز ! پێشەنگی دژبەرانی سەربەخۆیان گرت، ئینجا کە وڵاتانی دەورووبەر و زلهێزانی جیهان و بەغداش زانیان کورد ئەوە وەزعییەتی پاڵیان دایەوە، کوردەکان لەنێوخۆی کوردستان ئەرکی داگیرکەرانیان ئاسان کرد، رێگەیان لە ئەنجامی ریفراندۆم گرت، لەکاتێکدا ئەردەشیر زاهیدی لە سویسراوە دەڵێ نابێ ئەمریکا لەو کۆماری ئیسلامی ئێرانە بدات کە بە شەق لە نیشتمانەکەمیان دوور خستوومەتەوە!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٨





## رابردوو نووسی چەکی ڕۆژنامەنووسییە

خوێندنەوەی مێژوو، و وەبیرهێنانەوەی قۆناغەکانی مێژوو بۆ کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت کارێکی هەرە لەپێشی ڕۆژنامەوانییە. مادام لەکوردستانێکی سەربەخۆدانین، مادام داگیرکەران چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریمان بۆ دیاری دەکەن، مادام لە قۆناغی خەباتی ڕەزگاری نەتەوەییداین، ڕۆژنامەنووس چالاکوانێکی بێ لایەنی بواری سیاسی - مێژووییە. رابردوونووسی چەکێکی بەهێزو عەقلانی ڕۆژنامەنووسی کوردە. ڕۆژنامەنووسی کورد دەبێ بە یەک مەودا بەڵام بەدوو ڕوانگە لە داگیرکەران و نەیارانی ئەو داگیرکەرە بڕوانێت، ئەوە وادەکات کە داگیرکەرەکە و سیاسییەکانی دژبەری وەکوو خۆی ببینێت، نە لە پیسی داگیرکەر کەم بکاتەوە، و نە لە بێ بەرنامەیی و لاوازی سیاسییەکانی دژبەری ئەو دیکتاتۆرە بێدەنگ بێت.

سوژەی سەرەکی ڕۆژنامەگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنە، کرماشان، ورمێ و ئیلام، لورستان و خوراستانن، بەڵام دەکرێ پانتای جوگرافیی ڕۆژنامەنووسان لەهەولێرەوە هەتا بۆرکینافاسۆ بێت، گرنگ سوژەیە، ئەوە ڕاستە چەندە دوور بیت، ئەوەندەش سوژەکە نامۆتر دەبێ، بەڵام سوژەیەکی لێل لە بێ سوژەیی باشترە.

ژیوار ڕەسووڵی

--------------------------------------------------------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: جووزەردانی ٢٧١٨ی کوردی - جوونی ٢٠١٨ی زایینی